
# ناسنامەی زمانی کوردی



بەرگی سێیەم

بەشەکانی ٧ـ١٠

ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەسەڵاتداری مادەکان

فازڵ نوسولیان

# ناسنامەی زمانی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر مێژووی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

**بەرگی سێیەم**


**بەشەکانی ٧-١٠**

**ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەستەڵاتداری مادەکان**


**فازڵ ئوسولیان**

**سوید، ساڵی ٢٠١٥**

E-mail: nasname.ziman@gmail.com



## وێنەی سەر بەرگەکە:

مۆرێکی سەردەمی شوتارنا پادشای میتانییە، خۆرێکی باڵدارە کە هێمای پادشایانی میتانی بووە، لە تەنیشت ئەم مۆرەدا بە خەتی بزماری ئاوای لێ نووسراوە: شوتارنای کوڕی کیرتا پادشای میتانی.

هەر ئەم هێمایە بوو کە دواجار لە سەردەمی هوریەکان، مادەکان و سەرەنجام هەخامەنشییەکاندا باڵ و پەڕی گرت و پێگەیشت و بەناوی " فەڕی- وەر" (وشەیەکی هەورامییە بە واتای" فەڕی خۆر") بوو بە هێمای پادشایەتی ئێران و هەروەها ئایینی زەردەشتی.



فەڕی وەر ( فەڕی خۆر) هێمایەکی ئایینی مادییە بۆ شکۆ و بەرەکەتی خۆر

هەر زمانێک بۆ خۆی زریایەکە

زوانی کوردی دوو دەریای بێبنە

# ناوەڕۆک


**سەر دێر ........................................ لاپەڕە**

**پێشەکی ........................................ ٩**

**بەشی هەفتەم**

ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەستەڵاتداری مادەکان ........................................ ١٢

زمانی کوردی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ........................................ ١٧

ڕووداوەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان کە کاریگەرییان کردە سەر کورد و زمانی کوردی ........ ٢٠

شەڕی حەران ........................................ ٢٠

هۆزی سورێن و کاریگەرییان لە کوردستاندا ........................................ ٢٢

ئایین و زمانی ئەشکانییەکان ........................................ ٢٥

تایبەتمەندیەکانی شێوەزاری سۆرانی و زمانی ئەشکانی ........................................ ٢٥

کورتەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی هەورامان ........................................ ٢٩

**بەشی هەشتەم**

نهێنییەکانی هەورامان ........................................ ٤٤

لێکدانەوەیەک لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەورامان ........................................ ٤٥

بەڵگەکان لەسەر ئەوەی کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆغانی مادن ........................................ ٤٨

کتێبی مێژووی کۆنی هەورامان ........................................ ٦٠

تێبینییەک لەسەر بۆچوونی د.م.ئەمین هەورامانی لە بارەی کتێبی مێژووی هەورامان ........ ٦٣

چۆنیەتی کۆچی هۆزی مۆگان بۆ هەورامان ........................................ ٦٦

**بەشی نۆەم**

ڕەوشی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانیدا ........................................ ٦٨

باشووری کوردستان ناوەندی سەربازی و فەرمانڕەوایی ساسانییەکان ........................ ٧٨
زمانی پەهلەویی ساسانی ........................................................................ ٧٩
کاریگەری زمانی پەهلەویی ساسانی لەسەر زمانی کوردی ...................................... ٨٥

**بەشی دەیەم**

زمانی کوردی و شێوەزارەکانی ................................................................ ٨٧
سەرهەڵدانی زمانی کوردیی کۆن ............................................................ ٨٧
زوانی کوردیی میانی .......................................................................... ٩٠
زمانی کوردیی ئەمڕۆ و شێوەزارەکانی ...................................................... ٩٣
شێوەزاری گشتیی کوردی (مادی) .......................................................... ٩٩
کرمانجی ......................................................................................... ٩٩
سۆرانی .......................................................................................... ٩٩
باشووری/ کەلهوڕی ........................................................................... ١٠٠
پەیوەندی شێوەزاری باشووری لەگەڵ کرمانجیدا ............................................ ١٠١
شێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێستایی/ هەورامی) ............................................. ١٠٤
هەورامی ........................................................................................ ١٠٤
زازاکی ........................................................................................... ١٠٤
لەکی ............................................................................................. ١٠٥
بۆچوونێک لەسەر ناو و پێکهاتەی لەک ..................................................... ١٠٦
لەژێر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ........................................................... ١١٠
ئاییینی ئێزدی (ئێزدایەتی) .................................................................... ١١٠
ئاییینی یارسانی ................................................................................ ١١٠

واتای ناوی ژمارەیەک لە شار، گوند و هۆزەکانی کوردستان............................... ١١١
سەرچاوەکان...................................................................................... ١١٧

# پێشەکی

کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەروەها هەوراز و نشێوەکانی زمانی کوردی. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەرگدایە و هەر بەرگێکیش چەند بەشێک لە خۆ دەگرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەرگی یەکەم: پاشخانەکانی زمانی کوردی، باسی ئەو بناغە و بنچینانە دەکا کە زمانی کوردی لەسەری شین بووە. باسی زوانی ئەو هۆزانە دەکا لە کوردستاندا بەر لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانی کوردی وەک زمانی ئیمپراتوری ماد.

لە بەشی یەکەمدا لە ڕێگای وشەناسییەوە پەیوەندیی فەرهەنگی و مێژوویی کوردەکان لەگەڵ سۆمەرەکاندا ڕوون دەکرێتەوە و نیشان دەدرێت کە کوردەکان و سۆمەرەکان لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا پێکەوە ژیاون.

لە بەشی دووەمدا باسی پادشایەتی میتانییان دەکرێ و تێکۆشراوە کە پەیوەندیی زمانی میتانییەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا ڕوون بکرێتەوە. هەر لەم بەشەدا بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ سانسکریتیدا دەسەلمێندرێت کە زمانی کوردیش هەر وەک زمانی میتانی خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ سانسکریتیدا هەیە، و هەردووکیان سەر بە یەک خێزانن.

بەشی سێیەم باسی پادشایەتی ماننایییەکان دەکا، ئەم بەشە گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە هەتا ئێستا باسی زمانی ماننایییەکان لە لایەن مێژوونووسان و زمانناسانەوە نەکراوە و ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە ئەم بابەتە باسی لێ دەکرێ و پەیوەندیی زمانی ماننایی لەگەڵ زمانی کوردیدا پێشان دەدرێت.

بەرگی دووەم سەرەکیترین و گرینگترین بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خۆ دەگرێ. لەم بەشەلەدا دوو تەوەری سەرەکی مەبەستن، یەکەم ناساندنی زمانی مادی و پیشاندانی ئەوەی کە مادەکان یەک زمانیان هەبووە بە دوو شێوەزاری زۆر نزیک لەیەک، دووەم سەلماندنی ئەوەی کە زوانی مادی بە هەر دوو شێوەزارەکەیەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

لە بەشی چوارەمدا، بە هێنانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەی زمانی مادی پەیوەندیی شێوەزاری گشتیی زمانی مادی لەگەڵ شێوەزاری کرمانجیدا ڕوون کراوەتەوە.

لە بەشی پینجەمدا، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، کتێبی "یادداشتهای گات ها" لە نووسینی مامۆستای ئەوێستاناسی ئێرانی ئیبراهیم پووررداود، دراوەتە بەر شیکاری و هەڵسەنگاندن و ئەوە سەلمێندراوە کە ئەم بەڕێزە لە زمانی ئەوێستایی تێ نەگەیشتووە و وەرگێڕانەکانی و تێگەیشتنی لە وشەکان و دەستەواژەکانی ئەوێستایی بە شێوەیەکی دڵخوازانەیە و جێگای بڕوا نین.

لە بەشی شەشمدا بە بەراوردکردنی شێوەزاری کوردیی هەورامی لەگەڵ ئەوێستاییدا، ئەوە سەلمێندراوە کە شێوەزاری هەورامی هەمان شێوەزاری ئایینیی مادی یان ئەوێستاییە. هەر لەم بەشەدا واتای ڕاستەقینەی ژمارەیەک لە دەستەواژەکانی ئەوێستایی بە کەڵک وەرگرتن و یارمەتی زمانی کوردی ڕوون کراوەتەوە.

لە بەرگی سێیەمدا باسی زمانی کوردی دەکرێت لە پاش مادەکان، لەم بەرگەدا لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی هەر دوو شێوەزارەکەی کوردی واتا شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی) و شێوەزاری گشتیی مادی لە سەردەمەکانی هەخامەنشییەکان، ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا کراوە.

لە بەشی هەفتەمدا ئەوە ڕوون کراوتەوە کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زمانی کوردی (مادی) نە تەنیا کز نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە لە گەشەکردندا بووە. هەر لەم بەشەدا ئەوە ڕۆشن دەکرێتەوە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هیچ گۆڕانێک بە سەر شێوەزاری ئایینیی مادی (ئەوێستایی / هەورامی)دا نەهاتووە و کاریگەریی زمانی ئەشکانییەکان لەسەر شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجی) زۆر کەم بووە. ئەو شێوەزارە کە بە ناوی زمانی "پەهلەویی ئەشکانی" ناسراوە، لە ڕاستیدا هەمان شێوەزاری گشتیی مادییە لەژێر کاریگەریی زمانی ئەشکانیدا. هەر لەم بەشەدا ئەوە ڕوون کراوتەوە کە شێوەزاری کوردیی سۆرانی لەژێر کاریگەریی زمانی هۆزەکانی ئەشکانیدا سەری هەڵداوەتەوە.

لە بەشی هەشتەمدا باسی نهێنییەکانی هەورامان کراوە، لەم بەشەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە سەلمێندراوە کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆگان (مۆغان)ی مادن کە لە پاش هێرشی ئەسکەندەر کۆچیان کردووە بۆ هەورامان و لەوێ نیشتەجێ بووەن.

بەشی نۆیەم باسی ڕەوشی زمانی کوردی دەکا لە سەردەمی ساسانییەکاندا و نیشان دراوە کە بە وەرگێڕانی زمانی ئەوێستایی (کوردیی هەورامی) بۆ سەر زمانی پارسی "پەهلەویی ساسانی" زمانی ئەوێستایی (هەورامی) وەک زمانی ئایینی سەرانسەری ئێران لە برەو خرا و بەم جۆرە زەبرێکی کاری بەر شێوەزاری ئایینیی زمانی کوردی کەوت. بەڵام زمانی ئەوێستایی وەک زمانی ئاخاوتنی هۆزی مۆگان لە هەوراماندا هەر مایەوە. هەر لەم سەردەمەدا زمانی پەهلەویی ساسانی (پارسیی میانە) کاریگەریی کردە سەر زمانی کوردی لە بەشەکانی باشووری

کوردستاندا کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی پەیدابوونی دوو شێوەزاری تر لە کوردیدا، ئەویش شێوەزارەکانی **"کەلهوڕی و لەکی"**یە.

لە بەشی دەیەم کە دواین بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەنجامی گشتیی هەموو بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پۆختە کراوەتەوە، و باسی ئەوە دەکرێت کە زمانی کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە دوو شێوەزاری هەبووە، یەکێکی شێوەزاری گشتیی زمانی کوردی (کرمانجی) و ئەوی دیکەش شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی) زمانی کوردییە. ئەم دوو شێوەزارەش لە درێژەی ڕەوتی خۆیاندا چەند بنزاراوەیەکیان لێ کەوتووەتەوە. شێوەزارەکانی کرمانجی، سۆرانی و باشووری (کەلهوڕی) سەر بە شێوەزاری گشتیی زمانی کوردین. هەروەها شێوزارەکانی هەورامی، زازاکی، لەکی و (شەبەک، باجەڵان، کاکەیی) سەر بە شێوەزاری ئایینیی زمانی کوردی / ئەوێستایین.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش بێگۆمان وەک هەر لێکۆڵینەویەکی تر بێ کەموکۆڕی نییە، ئەمە تەنیا هەنگاوێکە، بەڵام دەتوانێ دەستپێکێکی باش بێ بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر زمانی کوردی، دەتوانێ ڕێگاپێشاندەر بێت بۆ ئەوکەسانەی کە دەیانەوێ بە لێکۆڵینەوە لەم ڕێڕەوەدا ڕووناکی زیاتر بخەنە سەر مێژووی زمانی کوردی.

هەر ڕەخنە، پرسیار، بۆچوون و پێشنیارێکتان لەسەر بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە هەبێ دەکرێت بۆ نووسەری بنێرن، دڵنیا بن بە دڵفراوانییەوە وەردەگیردرێت.

E- mail: nasname.ziman@gmail.com

# بەشی هەفتەم

## ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەستەڵاتداری مادەکان

لە بەشەکانی چوارەم، پینجەم و شەشمی ئەم کتێبەدا بە بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە ڕوون کرایەوە کە مادەکان یەک زمانیان هەبووە بە دوو شێوەزاری نزیک لە یەک، یەکەم شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجیی کۆن)، و دووەم شێوەزاری ئاییني مادی/ ئەوێستایی/ (هەورامیی کۆن) کە ئەم شێوەزارە هەر بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ئاییني کاری پێ کراوە.

جۆرە بۆچوونێک لە لایەن هێندێک لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی زمان و مێژووی کۆنی ئێرانەوە لەسەر مادەکان و زمانی مادی هەیە کە گوایی لە پاش هاتنە سەرکاری هەخامەنشییەکان ئیتر مادەکان بە یگجاری تیاچوون، ئیتر نە زمانیان ما، نە فەرهەنگیان ما و خۆشیان وەکوو نەتەوەیەک هەڵوەشانەوە. ئەم بۆچوونە ئەگەر مەبەستێکی تایبەتی لە پشت نەبێ بێگومان ساویلکانە و نامەنتقییە. ئەمە چۆنە کە ئەرمەنییەکان کە نەتەوەیەکی زۆر بچووکتر لە مادەکان بوون ئیستاش هەر ماونەتەوە و زمان و فەرهەنگی خۆیان هەر پاراستووە، ئەمە چۆنە کە ئاشورییەکان کە هەر چەند دەستەڵاتێکی گەورەیان هەبوو بەڵام نەتەوەیەکی بچووک بوون لە نێوان ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و نێنوا و لە پاش تێکشکانیان لە لایەن مادەکانەوە ئیترهیچ فەرمانڕەواییەکیان نەما کە چی ئیستاش هەر وەک نەتەوە ماونەتەوە، "پارس"ەکان هەر ماون، "جو/ جولەکە"کان کە هۆزێکی چکۆلە بوون هەر ماون بەڵام مادەکان کە گەورەترین نەتەوەی ئێرانی بوون هەر لە ئەسفەهانەوە هەتا "وان" و هەر لە تارانەوە هەتا "عەفرین" نیشتەجێبوون، یەکسەر توانەوە و ئیتر هیچ ئاسەوارێکیان لێ نەما؟ ئەگەر کوردەکان ڕۆڵەی مادەکان نین، ئەی کێن! کەی و لە کوێیەوە هاتوون؟

فەرمانڕەوایی مادەکان لە سەردەمی "ئاستیاگ"دا لە ئەنجامی کودەتایەکی ناوخۆییدا تێک چوو، هەر وەک پێشتریش لە بەشی چوارەمدا باسی لێ کرا ئاستیاگ پادشایەکی شەڕخواز و ستەمگەر نەبوو، لە سەردەمی پادشایەتی ئەودا ئاسایشت و ئارامیەتی باڵی بە سەر وڵاتدا کیشا بوو، شەڕێکی وا نەکرا، هیچ وڵاتێک داگیر و تاڵان نەکرا، بە بڕوای دیاکۆنوف ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا و بە تایبەت سەرکردەکانی سپا زوێر و ناڕازی بن، بۆیە کورەش کە کچەزای ئاستیاگ و لە هەمان کاتیشدا سەرکردەیەکی سەربازیش بوو لەگەڵ "هەرپاک"[1] کە گەورە سەرکردەی سپای ئاستیاگ بوو، دەستیان

---

[1] وشەیەکی کوردییە بە واتای " تاهێر" دێت ، بڕوانە بەشی چوارەم

دایە پیلانگێڕی و توانیان ئاستیاگ لەسەر دەستەڵات لابەرن و کورەش بوو بە شای ئێران و هەرپاکیش هەر وەک فەرماندەی سپا مایەوە.

هەر وەک ڕوونە، دایکی کورەش ماندانا کچی ئاستیاگ بوو و کورەش بۆ خۆی هەر لە منداڵیەوە لە هەگمەتانا ( هەمەدان) لە کۆشکی ئاستیاگدا لە لایەن گەورە پیاوانی مۆگەوە لە باری ئایینی و سەربازییەوە پەروەردە کرا بوو. هەر لە لایەن باپیریەوە واتا ئاستیاگەوە کرا بە سەرکردەی سپا. تێکشکاندنی ئاستیاگ و بە دەستەوەگرتنی دەستەڵات لە لایەن کورەشەوە نەبووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا، هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوەی وڵات ئەمە وەک دەستبەدەستکردنی دەستەڵات لە نێو بنەماڵەیەکدا دەبینرا. دیاکۆنوڤ دەنووسێ[2]: کورەش پادشایەتی مادی لە ناو نەبرد، بەڵکوو خۆی وەک پادشای ماد دانا، و ئەم نازناوەی بە نازناوی پێشوی خۆیەوە زیاد کرد واتا بوو بە پادشای "ماد و پارس"، تەنانەت لە سەردەمی داریوشیشدا ئەم دەستەواژەیە بەکار هاتووە، یونانییەکان و نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش لە وتووێژەکانی ئاسایی خۆیاندا پادشاکانی هەخامەنشیان وەک پادشای "ماد" ناو لێ دەبرد.

بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایی لە لایەن کورەشەوە هەر چەند لە باری سیاسییەوە زیانێکی گەورەی بۆ مادەکان بە دی هێنا بەڵام نەیتوانی کارێگەری خراپ لەسەر زمان و فەرهەنگی مادی (کوردی) دابنێ بەڵکوو بە پیچەوانشەوە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زمانی کوردی پێشکەوتنیشی بە خۆیەوە دی. لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە سپای مادی لەگەڵ سەرکردەکانیاندا گواسترابوونەوە بۆ پارس و هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە مۆگان (مۆغان)ی زەڕدەشتی کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ کورەش هەبوو و یارمەتیدەری بوون لە بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتدا بەرەو پارس کۆچیان کردبوو، بۆیە ئەمانە بوون بەهۆی بڵاوبوونەوەی زمان و ئایینی مادی. بەپێی ئەو زانیارییانە کە لە نووسەرانی یونانییەوە بەجێماوە، کورەش بڕوایەکی تەواوی بە ئایینی زەڕەدشتی هەبووە وەک دەڵێن لە کاتی سەردانەکانیدا بۆ ناوچەکانی ژێردەستی ئەڕابەیەک بە هێمای " فەڕی- وەر"[3] (وشەیەکی کوردیی هەورامییە واتای فەڕی- خۆر دەدا، بە فارسی "فروهر") دەکەوتە پێش کاروانەکەیەوە، (کە بێگومان ئەمە هێمایەکی ئایینیی مادی بوو). کورەش ڕێز و پێزانینی بۆ مادەکان هەبووە بۆ نموونە دەڵێن بە پیاوانی پارسی وتووە کە وەک مادەکان جلوبەرگ لەبەر کەن. هەر لەو کاتەدا زۆرێک لە یاسا و ڕێسا و دستەواژە سیاسییەکانی مادی چوونە ناو فەرهەنگی پارسیشەوە.

---

[2] دیاکۆنوڤ مێژووی ماد وەرگێرانی فارسی کەریمی کەشاوەرز ل.پ. ٥١٩

[3] بڕوانە بەشی شەشەم واتای فروهر (فەڕی- وەر)

له سەردەمی داریوشدا دژایەتی و دوژمنایەتی له نێوان مادەکان و پارسەکان پەرەی ستاند. به تایبەت کوشتنی "گەئو- ماتا / گەئو- مەتا" که به ئەگەرێکی زۆر له دایکەوه کوڕی "ئامی- تیدا" کچی ئاستیاگ و له باوکەوه کوڕی "سپیتئاما" له نەوەکانی زەردەشت بوو، مادەکانی تووشی کین و هرس (تورەیی) کرد. له پاشان فەروەرتیش (فەریدون) که خۆی به نەوەی کەیخەسرەو پادشای گەورەی ماد دەزانی له دژی داریوش ڕاپەڕی، بەڵام سەرنەکەوت و له لایەن داریوشەوه به خراپترین شێوه کوژرا. جارێکی تر "چیترا تەخما"[4] سەرۆکی هۆزی "ئەساگەردی"[5] له دژی داریوش ڕاپەڕی که ئەویش شکا و وەک فەروەرتیش هاته کوشتن. بەڵام داریوش ئەم هەموو کوشتوبڕەی هەر بەناوی ئاهۆرامەزداوه ئەنجام دا و خۆی وەکوو زەردەشتییەکی دیندار ئەناساند.

هەر وەک له سەرەتای ئەم کتێبەدا باسی لێ کرا هۆکارەکانی سەرەکی گۆڕانی زمان له سەردەمای کۆندا دوو شت بوون یەکەم به هۆی گۆڕینی دین و زمانی ئایینییەوه بوو و دووەم به هۆی کۆچکردنەوه. **ئەوەی که ڕوون و ئاشکرایە، ئەمەیە که له سەردەمی هەخامەنشییەکاندا ئایینی مادی (زەردەشتی) و زمانی ئایینی مادی ( ئەوێستایی) بوون به ئایین و زمانی دینی پارسەکانیش و ڕابەرایەتی دینیش هەر بەدەستی مۆگەکانی مادییەوه بوو. هەر بۆیەش ئەمه پارسەکان بوون که فێری زمان و ئایینی مادەکان دەبوون، ئەمه زمانی ئایینی مادی بوو که له گەشەکردن و پەرەسەندندا بوو نەک زمانی پارسی.** دەڵێن له سەردەمی هەخامەنشییەکاندا دەقێکی ئەوێستا که لەسەر ۱۲۰۰۰ چەرمی گا نووسرابوو له شوێنێک و یان قەڵایەک به ناوی دژنبشت له ئێستخر پایتەختی هەخامەنشییەکان ڕاگیردرا بوو که دواجار له لایەن ئەسکەندەرەوه سوتێندران و له ناوچوون.

بەڵام نەک تەنیا زمانی ئایینی بەڵکوو زمانی گشتیی مادی (کرمانجی)ش کاریگەری خۆی لەسەر پارسی دانا. لەم بارەیەوه دیاکۆنوڤ دەڵێ "پێویستە ئەمە بزانین که زوانی پارسی ئێستا تەنیا پاشماوەی زمانی پارسیی کۆن نییە، بەڵکوو له دەوروبەری سەدەکانی نۆیەم و دەیەمی زایینیدا لەسەر کاریگەریی شێوەزارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران پێگەیشتووه و کاریگەریی زمانه کۆنەکانیش وەک زمانی مادی و پارتی زۆر یارمەتی داوە، **به تایبەتی کاریگەری مەزنی فەرهەنگی زوانی مادی که لەو سەردەمەدا زۆر پێگەیشتووتر و له ئاستێکی فره بەرزدا بوو ڕوون و بەرچاوه. وشەگەلی میری و کارگێڕی وەك شاه (خشائیا) و ساتراپ و وشەکانی کشتوکالی وەک ئەسا- درەو [دیاکونوڤ هیچ واتایەکی بۆئەم وشەیه دانناوه،**

---

[4] وشەیەکی کوردیی کۆنه (مادییه)، بڕوانه بەشی چوارەمی

[5] به ئەگەرێکی زۆر دەشێ هۆزی گەردی لای هەولێر له پاشماوەی هۆزی ئەساگەردی بن.

**بەڵام لەوانەیە مەبەست لە ئاسنی درەو کردن ، واتا داس بێ]. دیاکونوف لە ل.پ ١٩٤ دا دەڵێ  وشەی ئاسا/ ئاس کە لە فارسیی کۆندا بە واتای ئەسپ بوو لەژێر کاریگەریی زمانی مادیدا گۆڕا و بوو بە ئەسپا".**

**هەروەها واتاکانی ئایینی لە مادییەوە وەرگیراوەن. دیاکونوف دەڵێت " پێویستە ئەمە بزانین کە سەرزەمینی ماد لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پ.زایین دا سەرچاوەیەک بووە کە هۆشیاری ئایینی و فەلسەفی لەوێیەوە بڵاوەی کردوە". ( بڕوانە مێژووی ماد دیاکۆنوڤ وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی ل.پ.٩٠).**

" جیاوازی ناوەکانی مادی لە نێوان چەرخەکانی ٩-٧ پ.ز لەگەڵ ناوەکانی مادی لە سەردەمی هەخامەنشییەکان واتا چەرخی ٦-٤ پ.ز. لەمەدا خۆی نیشان دەدا کە ژمارەی ئەو ناوانە کە بڕگەی وەک "ئارتا. فەڕنە، خشاترا [پارسی: (خشاشا)]ی  پێوە بوو زۆرتر بوون وهەروەها ناوی وا کە بڕگەی میترای پێوە بوو پەیدا بوون و دواجاریش ناوگەلێک وەک "وهۆ- مەنۆ (بهمن) "، "ئاتور (ئاتر/ ئاگر) "، و"یەزتا (یەزدان)" بەرچاو دەکەون کە نیشاندەری بڕەوی بیرو و باوەڕی زەردەشتییە." (مێژووی ماد.دیاکۆنوڤ وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ.٤٥٩)".

دیسانەوە ستیگ ویکاندر ئێرانیناسی بەناوبانگی سویدی ئەمەی سەلماندووە کە **لای هەخامەنشییەکان لە جیاتی وشەی میترا وشەی پارسی "میشا"یان بە کار هێناوە کە لە ئیلامیدا وەک "میششا " گۆڕاوە، کە چی لە نووسراوەبردینەکانی سەردەمی هەخامەنشیدا وەک میترا کە وشەیەکی پەتی مادییە بە کار هێنراوە.** هەروەها بەردەنووسەکانی سەردەمی هەخامەنشی لە بێستون ئەوانەی کە بە ناوی "ڕیزی یەکەم" دەناسرێت پێگەیشتوویی و شێوازی داڕشتنی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەر لە سەردەمی داریوش و کورەش زمانێکی ویژەیی ڕێکوپێک کە هەمان زوانی ئەدەبی مادەکان بووە پێک هاتبوو. هەبوونی ژمارەیەکی زۆری وشەی مادی لە نێو بەردەنووسەکانی بێستوندا وای کردبوو کە خوێندنەوەی ئەم نووسراوانە بۆ ئەوانەی کە زمانیان مادی بوو ئاسانتر بێ هەتا ئەوانەی کە زمانیان پارسی بوو، هەر بۆیەش داریوش بەپێویستی نەزانیوە کە ئەم نووسراوانە بە زمانی مادی بنووسرێنەوە" (مێژووی ماد.دیاکۆنوڤ، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ ٤٥١-٤٥٥).

هەر لەسەر زمانی بەردەنووسەکانی بێستون " ئیرەج وامەقی( ایرج وامقی)" نووسەر و لێکۆڵینەری زمانی پەهلەوی لە کتێبەکەی خۆیدا ئاوای نووسیوە[6]:

[6] (ایرج وامقی، زبان پهلوی- ادبیات و دستور آن، ص ۱۳۳)

له نووسراوه‌کانی فارسیی باستاندا که به خه‌تی بزماری ئێرانی نووسراوه و به گشتی هی سه‌رده‌می هه‌خامه‌نشییه‌کانه، وشه‌ی پارسا (Parsa ) وشێوه‌کانی تری له دۆخی جیاجیادا له چه‌ند به‌رده‌نووسێکی داریوشدا (له بێستون و ته‌ختی جه‌مشید و...) و هه‌روه‌ها خشایارشا و ئه‌رده‌شێر و که‌سانی تردا هاتووه. به‌ڵام له هیچ یه‌ک له‌مانه‌دا واتای زمانی تێدا باس نه‌کراوه. یان ڕوونتر بڵێین له نووسراوه‌کانی هه‌خامه‌نشییان ناوی زمانی نووسراوه‌کان وه‌ک پارسی ( Parsa) نه‌وتراوه، به‌ڵکوو ته‌نیا یه‌کجار ناوی ئه‌م زمانه هاتووه ئه‌ویش له به‌رده‌نووسه‌که‌ی بێستوندایه، ده‌قی ئه‌م نووسراوه‌یه ئاوایه:

"ستونی ٤- بندی ٢٠: **ده‌بێژێ داریوش شا، به‌خواستی ئورمزد ئه‌م نووسراوه‌یه که من کردم به [زمانی] ئارییایی بوو و له‌سه‌ر چه‌رمه‌وه نووسرابوو.** ئورانسکی نووسه‌ری کتێبی (فقه‌اللغه‌ی ایرانی) نووسیویه‌تی که له ده‌قی ئیلامیه‌که‌یدا له پاش وشه‌ی ئارییایی نووسراوه "ئه‌و شته‌ی که جاران نه‌بوو (آنچه پیشتر نبود)". هه‌ر ئه‌م سێ وشه‌یه بووته هۆی ئه‌وه‌ی که هێندێ له زانایانی ئێرانیناس له خۆڕا ئه‌مه بکه‌ن به ئاڵایه‌ک و له بۆنه‌گه‌لی جۆراوجۆردا ڕابگه‌یه‌نن که گۆایی ئه‌مه داریوش خۆی بوو که خه‌تی بزماری داهێنا و یان له سه‌رده‌می داریوشدا بوو که ئه‌م خه‌ته داهات، له کاتێکدا مه‌به‌ستی نووسراوه‌که زۆر ڕوون و ئاشکرایه که زمانی نووسراوه‌که "ئارییایی"ه. من نازانم ئه‌وانه‌ی که بۆ یه‌که‌مین جار ده‌سته‌واژه‌ی "فارسیی باستان"یان به کار هێنا، چۆن به خۆیان ئه‌و مافه‌یان دا که له‌م ده‌قه ڕۆشن و ئاشکرادا ده‌ستکاری بکه‌ن؟ من له جێگایه‌کی تر ئه‌م مژاره‌م به به‌ربڵاوێ و ڕوونی باس کردوه و نیشانم داوه که زمانی پارسه‌کان و ماده‌کان به جیاوازییه‌کی که‌مه‌وه له یه‌ک ده‌چوون، و هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌ش بوو که داریوش به‌پێویستی نه‌زانییوه که له بێستون له دڵی سه‌رزه‌مینی ماددا ئه‌م نووسراوه‌یه به مادیش بنووسرێته‌وه له کاتێکدا وه‌رگێڕانی نووسراوه‌کان به دوو زمانی ئه‌که‌دی و ئیلامی هاتووه که دوو پادشایه‌تی بوون که پێشتر لاناوچوو بوون"[7].

**لێره‌دا ده‌کرێ ئه‌نجامه‌کانی ئه‌م به‌شه له سێ خاڵدا کورت بکرێنه‌وه:**

- **له سه‌رده‌می ده‌سته‌ڵاتداری هه‌خامه‌نشییه‌کاندا، ئایینی مادی (دینی زه‌ڕده‌شتی)، و زمانی ئایینی مادی ( شێوه‌زاری ماگی / ئه‌وێستایی) بوون به ئایین و زمانی ئایینی پارسه‌کانیش و مۆگه‌کانی مادی وه‌ک ڕێبه‌رانی دینی له پارسدا چالاک بوون. زمانی ئایینی مادی له په‌ره‌سه‌ندن و گه‌شه‌کردندا بووه.**

7 (ایرج وامقی، زبان پهلوی- ادبیات و دستور آن، ص ١٣٤)

- **هەر لەو سـەردەمەدا ژمـارەیەکی زۆر لە وشـە و دەسـتەواژەکانی شـێوەزاری گشـتیی مـادی (شـێوەزاری کرمـانجیی کـۆن)، لە بوارەکانی سـیاسی، کـارگێڕی و کشـتوکاڵی و سـەربازیدا کەوتـنە نێـو زمـانی پارسییەوە، بێجگە لەوانەی کە پێشتر باسی لێ کرا ژمارەیەکی زۆریشی هەر ئیسـتا دەنـاسرێنەوە بـۆ نمـوونە وشـەگەلی وەک: فـرزانە (فـرە- زانـا)، فـریبرز (فەڕی- بەرز، فـارسی: شـکوە بلنـد)، برزگـر، کە لە وشەی وەرزگار (کرمانجی) گیراوە، کە چاوگی ئەم وەشەی "وەرز"ە، وشـەکانی وەرزێـر (کارکەر)، وەرزش (کاری تەنی) هەر لەم چاوگەن. دلـیر (دل- وێـر، یـان دڵ- بـوێر). زار، کە لە کوردیـدا بە واتـای زەوی دێت وەک ( زەوی و زار) لە فارسـیدا وەک گلزار (گوڵ- زار)، مرغزار (مێرگە- زار)،مـزار (مەردە - زار). پیشـوا (پێشـە- وا، واتـا ئەو کەسـە کە لە "پێشـە-وە"یە). ملـوان (مەلە- وان، کەسی کە مەلە دەکا یـان مەلە دەزانێ). شـبان/ چوپان کە هەمان وشـەی "شـوان"ی کوردییە (شـە لە کوردیـدا واتـای پەز دەدا، شـەک واتـای بەرخی دوو سـاڵانە (ک) نیشانەی بچووککردنەوەیە، شەگەل لە کوردیدا واتای پەزەکان دەدا، وان پاشگرێکی کوردییە کە واتای پارێزەر/ پاسەوان دەدا).**

- **زمـانی بەردەنووسـەکانی داریـوش لە بێسـتون و تەخـتی جەمشـید، ئەوەی کە ئەمـڕۆ لە لایەن زۆربەی زانایـانی فارسـیی زمـانەوە وەک پـارسی باسـتان دەناسرێـت، بەپـێی بەڵـگەی بـاوەڕپێکراو زمـانێکی تـێکەڵاوە لە مـادی و پـارسی کە یەکەمـین جـار لە لایەن داریـوشی هەخامەنشـییەوە بە کـار هـاتووە و وەک زمـانی " ئاریـایی" نـاوی لێ براوە.**

## زمانی کوردی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا

پێش ئەوەی شرۆڤەکاری لەسەر ئەم بابەتە بکرێت پێویستە ئاماژە بە شێوازی بۆچوونی هێنـدێک لە نووسـەران و لێکـۆڵەرانی بـواری مێژوو و زمـان بکرێـت کە لەگەڵ هـیچ هـزر و مەنتقێکـدا نـاگونجی، ئەمـانە کاتێ کە بـاسی زمـان لە سـەردەمی هەخامەنشـییەکان دەکەن پێیان وایە کە زمانی هەموو خەڵکی ئێران "پارسیی باستان" بووە، کاتێ باسی زمانی سەردەمی ئەشـکانی دەکەن پییـان وایە کە زمـانی هەمـوو خەڵـکەکە لەو سـەردەمەدا هەر وەک زمـانی

ئەشکانییەکان بووە ( کە ناشزانن زمانی ئەشکانی چۆن بووە). هەر بەو شێوەیە کاتێ باسی زمانی ئیرانی لە سەردەمی ساسانییەکان دەکەن پێیان وایە کە ئەوە زوانی هەموو ئێرانییەکان بووە. بە کورتی پێیان وایە زمانیش وەکوو یاسا و ڕێسا یان وەک جلوبەرگ وایە کە بە هاتنە سەرکاری پادشایەک یان خانەدانێکی پادشایەتی دەگۆردرێت و ئیتر ئاسەواری نامێنیتەوە. ئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونە بێت دەبێ هەموو خەڵکی ئێرانی کۆن لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا بە فارسیی کۆن و لە سەردەمی سلوکییەکاندا (ئەسکەندەر و جێگرەکانی کە ماوەی ٨٠ ساڵ لە ئێراندا فەرمانڕەواییيان کردوە) بە یونانی قسەیان کردبێ و لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا زمانەکەیان گۆڕدراوە بۆ زمانی ئەشکانی و هەر بەم شێوەیە لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی ئیرانییەکان گۆڕدراوە و بووە بە پەهلەویی ساسانی (پارسیک) و پاشان لە دوای ئەوەی کە عەرەبەکان دەستەڵاتیان گرتەدەست و ماوەی ٢٠٠ ساڵ فەرمانڕەواییيان کرد دەبێ گۆڕدرابێ بۆ عەرەبی، و دیسانەوە بە هاتنە سەرکاری فارسەکان جارێکی تر گۆڕدرابیتەوە بۆ فارسی! ئەم شیوە بیرکردنەوە بێ بنەما و دوورە لە ڕاستی. بەپێی ئەم بوچوونە نابێ کەسێک لە کوردستانی ژێردەستی تورکیا، بە کوردی قسە بکا چونکە زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە لە بن فەرمانڕەوایی تورکەکانن و زمانی تورکی سەردەستە. ئەم شێوە بیرکردنەوە دیارە لە گەوهەر و شیرازەی زمان تێ نەگەیشتووە. زوان ئەتوانین بڵێین وەک ڕووبار وایە، لە شوێنێکەوە سەرچاوەی دەگرێ وەک ئاوی خۆڕ ڕێگا دەکا، هێندێ جار لێ دادەبڕێت و کەم دەبێتەوە، هێندێ جاریش ئاوی دیکەی تێکەڵاو دەبێ و بە تەوژمی زیاترەوە دەڕوا، هێندێ جاریش لەوانەیە کز بێت و وردە وردە تووشی وشکبوون بێ.

زمانی مادی لە پاش هەخامەنشییەکان لە ناو نەچوو، بەڵکوو بە هەر دوو شێوەزارەکەیەوە وەک خۆی مایەوە. کاریگەریی زمانی یونانییەکان لەسەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی دانیشتووی ئیران و بە تایبەت لەسەر زمانی مادی یان هەر نەبووە یان یەگجار کەم بووە، بە ئەستەم بتوانرێت دە وشەی یونانی لە کوردیدا بدۆزرێتەوە. لە پاش تێکچوونی پادشایەتی هەخامەنشییان بە دەستی ئەسکەندەری ڕۆمی، سلوکییەکان ماوەی نزێک بە هەشتاد ساڵ بە سەر ئێراندا فەرمانڕەواییيان کرد. یەکەمین ناوچەیەکی ئێرانی کە هەر زوو توانی خۆی لەژێرچنگی ڕۆمییەکان ڕزگار بکا، ناوچەی مادی بچووک یان ئاترپادەکان بوو کە هەر لە پاش مەرگی ئەسکەندەرەوە سەربەخۆیی خۆی پاراست.

"لە ساڵەکانی دەوروبەری ٢٥٦ پ.ز.دا یەکێک لە هۆزەکانی ئێرانی لە ناوچەی "پەرت" (ناوچەی خوراسان و تاجیکستان) بە ناوی هۆزی "داهە" لە دژی سلوکییەکان ڕاپەڕین و توانییان سلوکییەکان لە ناوچەکە دەرپەڕێنن وسەربەخۆیی خۆیان لەم ناوچەی بە دەست بێنن، یەکێ لە سەرۆک هۆزەکان بە ناوی "ئەرشک" لە ماڵباتی (بنەماڵەی) ئاپەرنی لە ساڵی

٢٤٨ پ.ز. بوو بە پادشا و بناغەدانەری پادشایەتی ئەشکانییەکان کە هەتا ساڵی ٢٢٠ زایینی بۆ ماوەی ٤٧٠ ساڵ فەرمانڕەواییان کرد"[8].

هۆزەکانی "پەرتی" لە حەفت هـۆزی گەورە پێـک هـاتبوون، بەڵام لەم حەفـت هـۆزە دوو هۆزیان خاوەن دەستەڵاتی زۆرتر بوون، ئەویش هـۆزی "سـورێن" و هـۆزی "کارن/ قـارن" بوون. هۆزی سورێن گەورەترین هۆزی ئەشکانییەکان بوون یەکێک لە ئەرکەکانیان دانانی تاج بـوو لەسـەر پادشاکانی ئەشکانی لەو کاتەدا کە دەستەڵاتی پادشاییان دەگرتە دەست. هـۆزی سـورێن زۆر دوڵەمەنـد و خـاوەن دەسـتەڵات بـوون، هەمیشـە دەهەزار سـوارەی چەکداری ئامادەیان هەبوو بۆ شەڕکردن.

هێنـدێک لەو هۆکارانە کە بـوونە هـۆی سـەرکەوتنی ئەشـکانییەکان و فەرمانڕەواییـان بـۆ ماوەیەکی درێژ برێتی بوون لە:

یەکەم: هۆزەکـانی ئـێرانی بەگەشـتی دژ بە فەرمـانڕەوایی ڕۆمییەکـان (سـلوکییەکان) بـوون، چونکە ڕۆمییەکان لە کاتی داگیرکردنی ئێراندا دوژمنایەتییەکی زۆریان بەرانبەر پیاوانی ئایینی زەردەشتی نواند، و کتێبەکانی ئەوێستاشان سوتاند. ژمارەیەکی زۆر لە مۆگانی زەردەشتیشیان کوشـت، ئەوانەش کە مـانەوە پەرتەوازە بـوون و خۆیـان شـاردەوە، ئەمە بێزێـزێکی زۆر بـوو بەرانـبەر بە خەڵـکی ئـێران بـێجگە لە زەخـت و زۆر و بـاج وەرگـرتنیش، هەر بـۆیە خەڵـک لایەنگرییان لە ئەشکانییەکان دەکرد.

دووەم: شـێوازی دەسـتەڵاتداریان بە شـێوەی هـۆزایەتی (عەشـێرەتی/ ملـوک الطـوایفی) بـوو، دەسـتیان لە کاروبـاری نـاوخۆی هۆزەکان وەرنەدەدا، لەوانەیە هێنـدێک باجیـان خسـتەبای سەرشانی هۆزەکان و لە کاتی شەڕیشدا هەر هۆزێک دەبوای بەپێی توانای خۆی ژمارەیەک جەنگاوەریان بخستبای ژێر فەرمانی سپا.

سێیەم: سەربەستبوونی هۆزەکان لە باوەڕەکانی دینی خۆیان و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئایینییان چ زەردەشتی و چ دینەکانی تر.

[8] تحولات سیاسی و اداری در عصر اشکانیانن، دکتر سید علی علوی

# ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان کە کاریگەرییان کردە سەر کورد و زمانی کوردی

ئەشـــکانییەکان هەرچەنـــد لە پێشـــدا لە نـــاوچەی "پەرت"ەوە هـــاتبوون و هەر لەوێ فەرمانڕەوایی خۆیانیان دامەزراندبوو بەڵام هەر زوو بەرەو ناوچەکانی ماد هاتن و زۆربەی زۆری ناوچەکانی ماد (کوردستان)یان خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیان. ئەوەمان نابێ لە بیر بچێ کە ئەشکانییەکان هەم لە باری نەژادی و هەم لە باری زمانییەوە زۆر لە مادەکان نزیک بوون. "دیاکۆنوف دەنووسی زمانی مادی لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تردا بەراورد کراوە، لە یەک ڕووەوە لەگەڵ ئەوێستایی، لە **دوو ڕووەوە لەگەڵ زمانی پارتی و ئەسکیتی دا،** لە سێ ڕووەوە لەگەڵ سۆغدی و خوارەزمیدا، بەڵام لەگەڵ پارسیی باستاندا (کۆندا) لە هەر شەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە"[9]. لە لایەکی تریشەوە هۆزەکانی پارت لەگەڵ مادەکان زۆر تێکەڵاو ببوون بە تایبەت لە پاش ئەوەی کە ئەشکانییەکان پایتەختی خۆیان لە "هکاتوم پولیس، گۆیا شاری دامغانی ئیستایە "گۆاستەوە بۆ هەگمەتانا (هەمەدان)، و دواجاریش بۆ تیسپون (تیسفون) کە بەرانبەر شاری سلوکییە پایتەختی کۆنی سلوکییەکان بوو"[10].

## شەڕی حەران:

ئێران و ڕۆم لە سەردەمای کۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر مەرزەکانیان دەگەیشتە یەک و چەندین جار بەربەرەکانی و شەڕی گەورە و گرانیان لەگەڵ یەکتر کردووە، زۆربەی ئەم شەڕانە لە کوردستاندا قەوماون و ماڵوێرانی و کاولکاری بە دوای خۆیدا هێناوە. لە هەرکام لەم شەڕانەدا کۆمەڵێک خەڵک دەکوژرا، کۆمەڵێک بە دیل دەگیرا، و کۆمەڵێکیش تووشی کۆچبەری دەبوون. لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا چەندین شەڕ لەگەڵ ڕۆمدا کرا، بەڵام ئەنجامەکانی یەکێ لەم شەڕانە کاریگەرێکی گەورەی کردە سەر کۆمەڵگە و هەروەها زمانی کوردی. لە سەردەمی دەستەڵاتداری ئەشکانییەکاندا ڕۆم لە ئەوپەڕی بەهێزی خۆیدا بوو و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ڕۆمی بە تەمای داگیرکردنەوەی ئێران بوون. هەروەها ئەرمەنستانیش لەوکاتەدا وڵاتێکی بەهێز بەڵام نیوە سەربەخۆ بوو، برێ جاران سەر بە ڕۆم و هێندێ جاریش سەر بە ئێران بوو، پایتەختیشی شاری ئیستای "وان" بوو.

---

9 مێژووی ماد.دیاکۆڤوف، وەرگێرانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ.٨٨- ٨٩

10 تحولات سیاسی و اداری در عصر اشکانیانن، دکتر سید علی علوی

لە ساڵی ٦٠ پ.ز فەرهادی سێیەم پادشای ئەشکانی بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا یان لە پادشایی لابرا، دوو کوڕی بە ناوەکانی "ئەرد" و "مێهرداد" لەسەر جێگرتنەوەی فەرهاد بە شەڕهاتن، "ئەرد" بە یارمەتی یەکێ لە سەردارەکانی بە ناوی "سورێن/ سورنا" سەرۆکی هۆزی سورێن، سەرکەوت بە سەر براکەیدا ولە ساڵی ٥٤ پ.ز پادشایەتی گرتە دەست. مێهردادی برای ناچار بوو هەڵات و خۆی هاویشتە پاڵ پادشای ڕۆم.

"ئەرد" بەوە گەیشتبوو کە جەنگ لەگەڵ ڕۆمییان هەر ڕوو دەدا و لە کات و ساتدایە، بۆیە بۆ بەرئەنگاربوونەوەی ئەگەری هەر چەشنە هێرشێک سپای گەورە و کارای خۆی کە پێک هاتبوون لە دەهەزار سوارە کە زۆربەیان لە هۆزی "سورێن" بوون لەژێر سەرکردایەتی "سورنا / سورێن" **لە ناوچەیەک لە باشووری ڕۆژئاوای ورمێ (ارومیە) جێگیر کرد.** "سورێن/ سورنا" سەرکردەیەکی زۆر بەناوبانگ و خۆشەویست بووە، دەڵێن پیاوێکی جوان خاس، مێرخاس و پاڵەوان و لە شەڕدا زۆر ئازا بووە.

"ڕۆمییەکان ئێمپراتورییەکەی خۆیانیان بە سەر سێ هەرێمدا دابەشکردبوو و سێ سەرکردەی گەورە فەرمانڕەوایی ئەم مەڵبەندانەیان دەکرد یەکەم پۆمپە کە ئەسپانیای لەژێردەستدا بوو، دووەم ژولیوس سزار کە داگیرکەری وڵاتی "گۆڵ (فرانسە)" بوو و زۆربەی ناوچەکانی ناوەندی ئۆروپای لە بندەستدا بوو، و سێیەم کراسوس بوو کە کرابووە فەرمانڕەوای سوریە، کراسوس هەر ئەو کەسە بوو کە شۆڕشی "بەردەکان (کۆیلەکان)"ی ئیتالیای بە ڕابەرایەتی ئەسپارتاکوسی سەرکوت کردبوو، ئەو شۆڕشەی کە دەیانهەزار "بەردە" بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانی خۆیان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ئیتالیا بەرپایان کردبوو. هێزەکانی کراسوس لە ساڵی ٧١ پ. ز ئەم شوڕەشەیان تێک شکاند "[11]. کراسوس هەر تەنیا هەوای داگیرکردنی ئێرانی لە سەردا نەبوو بەڵکوو بە تەمای مەڵبەندەکانی بەڵخ و هێندستان هەتا دەریای ڕۆژهەڵاتیش بوو[12].

"ئەرد" پادشای ئەشکانی زۆر هەوڵی دا کە بەرگیری بکا لە قەومانی شەڕێک لە نێوان ئێران و ڕۆم، چەند جار چەپەر (پەیک)ی نارد بۆ لای کراسوس بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە بەڵام سودی نەبوو. سەرەنجام لە ڕۆژی شەشی مانگی مەی ساڵی ٥٣ پ.ز.دا کراسوس هێرشی هێنایە سەر هێزەکانی ئێرانی لە نزێکی شاری حەران. لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا "پۆبلیوس" کوڕی کراسوس کە سەرکردایەتی بەشێک لە هێزەکانی دەکرد کوژرا، ڕۆژی یەکەم ڕۆمییەکان تووشی شکانێکی گەورە هاتن، ڕۆژی دووەم دووهەزار کەس لە هێزەکانی کراسوس کە ڕێگایان لێ ونببوو کەوتنە کەمینی هێزەکانی"سورێن/ سورنا " تەنیا بیست

---

[11] http://m-hosseini.ir, [دوبلویس، ١٣٧٩ ه.ش:٣٠٥]
[12] http://m-hosseini.ir, [ پلوتارک، ١٣٧٩ ه.ش: ٦٥]

کەسیان لێ ڕزگار بوون. کراسوس بەشەو هەڵات و خۆی کرد بە ناو "حەران "دا کە فەرماندەی ئەوێ کەسێکی یونانی بوو، ڕۆژەکەی لەوێ مایەوە و شەوی دواتر لە تارێکی شەودا لەگەڵ تاقمێ لە سەربازەکانیدا بەرەو ئەرمنیستان [وان] هەڵات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چەند ڕۆژ دواتر دەستگیر کرا و کوژرا. سورێن/ سورنا سەری کراسوسی وەک دیاری نارد بۆ "ئەرد" پادشای ئەشکانی کە ئەوکات لە ئەرمەنستان بوو. ئەنجامی ئەم شەڕە شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ ڕۆم، زیاتر لە بیستهەزار کەسیان لێ کوژرا، دەهەزار کەسیشیان لێ بە دیل گیرا[13].

بەڵام ئەم شەڕە ئەنجامێکی باشیشی بۆ "سورێن/ سورنا"ی پاڵەوان، و هۆزی جەنگاوەری سورێن نەبوو. لە پاش ئەم شەڕە ناوبانگ و خۆشەویستی "سورێن/ سورنا" ئەوندە زۆر بوو و ئەوندە دەنگیدایەوە کە پادشای تۆقاند، لە باتی ئەوەی کە پاداشتی بداتەوە، بە پێچەوانەوە هەستی بەرچاوتەنگی و دڵەڕەشی وای لێ کرد کە "سورێن/ سورنا"ی وەک مەترسییەک بۆ دەستەڵاتی خۆی ببینێ، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕۆشن کوشتی[14].

## هۆزی سورێن و کاریگەرییان لە کوردستاندا:

نووسەری ئەم بابەتە زۆری هەوڵ دا کە زانیاریی لەسەر ئەوە پەیدا بکا کە پاش کوژرانی "سورنا / سورێن" چی بە سەر جەنگاوەرەکانی و هۆزەکەی هات، بەداخەوە هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە دەست نەکەوت، بەڵام هێندێک ئاماژە هەن کە دەتوانێ ڕۆشنکەرەوەی ئەم پرسە بێت.

هەر وەک پێشتر باسی کرا جەنگاوەرەکانی ئەم هۆزە لە سەرەتادا لە **باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ (دریاچە ارومیە)دا** جێگیر کرابوون. هەبوونی دەهەزار سوارەی سەربازی بە ئەسپەوە بێگومان پێویستی بە دووهەزار ئەسپی باربەر و چەند هەزار فەرمانبەری تر هەبووە بۆهێنانی خوراک و کەلوپەلی سەربازی. ئەو شوێنەی کە بتوانێ چەندین هەزار ئەسپ لە خۆ بگرێ و شوێنێکی قایمی سەربازی بێت بێگومان هەر کوێستانەکانی"قەندیل"ە، بۆیە بە ئەگەرێکی زۆر بەشی زۆری ئەم هێزە لە بەری ڕۆژئاوای قەندیل واتا لە بەری کوردستانی باشوور(عیراق) و بەشێکی تریشی لە کوێستانەکانی قەندیل بەری ڕۆژهەڵات (ئێران) جێگیر ببوون. لە دوای کوژرانی "سورێن / سورنا" کە سەرۆکی هۆزی سورێن و لە پاش پادشا کەسی دووەم بوو لە وڵاتدا، ئیتر هۆزی سورێن یان لە ترسان

---

[13] http://m-hosseini.ir,[ یارشاطر و دیگران، ۱۳۸۳ ه.ش: ۱۵٦]

[14] http://parseed.ir/?fz=9873

و یان خۆ لەبەر نارەزایەتی نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی پێشوی خۆیان بەڵکوو هەر لە کوردستاندا لە نێو هۆزەکانی کوردا لەو شوێنانە کە سەخت و عاسێ بوون گیرساونەتەوە. یەکێک لەو شوێنانە کوێستانەکانی "سۆرێن" بوو، ئەو کەسانەی کە ئاشنایەتیان لەگەڵ جوغرافیای کوردستان هەیە دەزانن کە **لە مەرزی بانەی نێوان کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور، کوێستانەکانی "سورێن" بەناوبانگە کە هەموو کاتێ و لە هەموو سەردەمەکانداجێگای خۆ حەشاردانی خەباتگێڕان و چەکدارەکانی کورد بووە. گوندی "سورێن"[15] لە نزیک ئەم شوێنە هەر یادگاری نیشتەجێبوونی هۆزی سورێنی ئەشکانییە.**

کوێستانەکانی سورێن بەشێکن لە زەنجیرەکێوەکانی سورکێو، و ئەمە هەر وەکوو لە بەشەکانی پێشتردا باسی لێ کرا هەمان شوێنە کە لە ساڵی ٧١٦ پ.ز کاتێ کە سارگون پادشای ئاشور لە زامواوە (ناوچەی شارباژێر) دەچێ بۆ وڵاتیماننا (ناوچەی سەقز و بانە)، ئۆلۆسونۆ پادشای ماننا لە سنووری ولاتی مانادا، (واتا لە بانەی ئێستا ) لە ناوچەی سوریکاش دەچێتە پێشوازییەوە، ناوی شوێنەکە لە نووسراوەکانی ئاشوریدا وەک **"سوریکاش"** تۆمارکراوە. "سور" واتای هەمان ڕەنگی سوور دەدا، "کاش" وشەیەکی مادییە (شێوەزاری گشتیی مادی) کە لە کرمانجیدا هەر ماوەتەوە واتای کێو دەدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ساڵی ١٣٦٩ تاران، ل.پ. ٦٠١، بۆ نموونە کاشی مشتەنوور لە کۆبانی بەناوبانگە)، لە شێوەزاری ئەوێستاییدا وهەر وەها لە هەورامیدا وەک "کەش" گۆ دەکرێ و هەر واتای کێو دەدا وەک دەڵێن کەش و کێو(بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠، ل.پ.٧٧٦، هەروەها هەنبانە بۆرینە، هەژار ل. پ. ٦٥٨ ). ئەم کوێستانە ئێستا **"سورکێو"ی** پێ دەڵێن، گۆڕانی وشەی مادی "سوریکاش" بۆ" سورکێو" لەژێر کاریگەریی شیوەزاری هۆزەکانی ئەشکانیدا بووە. واتا کاش وشەیەکی مادی و کێو وشەیەکی ئەشکانییە.

بەشێکی تریش لە سوارەی ئەشکانی لە بەری کوردستانی باشووردا ماونەتەوە و هەر لەوێ نیشتەجێبوون هەر ئەو شوێنەی کە ئێستا بە ناوچەی "سۆران" بەناوبانگە. لە ڕاستیدا وا دیارە کە وشەی سۆران شێوەیەک لە گۆکردنی وشەی "سواران" بێ لەو سەردەمەدا. دیارە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە ئەو شوێنەی کە "سواران"ی ئەشکانی تێدا نیشتەجێبوون بە ناوچەی سواران یان سۆران ناویان لێ بردووە. ئەمەش بۆ خۆی جێگای سرنجە کە وشەی "سۆران" لە کوردیدا ناوی هیچ هۆزێک نییە بەڵکوو ناوی شوێن و ناوی "شێوەزارێکە" لە هەمان شوێندا. ئەمە شتێکی بە هەڵکەوت و گریمانە نییە، بەڵکوو ئەمە ڕاستییەکە کە هەر

[15] http://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8E%D9%86%D8%8C_%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%95

له سەردەمی ئاشورییەکانەوە هەر کاتێ هۆزەکان تووشی ترس و هەراس دەبوون لەگەڵ مەڕ و ماڵاتی خۆیاندا بەرەو شاخە بەرز و عاستەمەکان هەڵدەکشان.

**بەشێکی تر لە هۆزی سورێن بەرەو ناوچە شاخاویەکانی شارەزور وهەورامان ڕۆیشتوون و هەر لەوێ ماونەتەوە، ئیستاش ئەو زنجیرە شاخانە بە نێوی کوێستانەکانی "سورێن"[16] هەر بەناوبانگن، نەک تەنیا زەنجیرەچیاکانی سورێن بەڵکوو دەشتی سورێن و ناوچەی سورێنش لە مەڵبەندی شارەزور- هەورامانـدا هەرماوەتەوە. لە یەکێ لە مالپەرەکاندا بە ناوی "کوردژین" بابەتێکی هێناوەتەوە کە ڕاستی ئەم بۆچوونە لەسەر وشەی "سۆران" پشتڕاست دەکاتەوە. دەقی ئەم بابەتە ئاوایە[17]:**

"شاخی سورێن ناوی بەشێکە لە زنجیرە چیای هەورامانی شارەزور کە بەرزاییەکەی 2548 م بەرزە، لە بیرەوەریەکانی سەدەی شانزەیەمی مەئمون بەگی کوڕی بێبەگی کوڕی ئەردەڵان ناوی شوێنێک بە "صوران (سۆران)" هاتووە لەم شاخەدا یان لە پشت ئەم شاخەدا بە ڕوکاری کوردستانی ئێراندا، مەبەستی ناوچەی سۆران لای ڕەواندز نیە ،وەک مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکور مستەفا بۆی چوون.(بڕوانە:مذكرات مأمون بيك بن بيكةبيك ل 65)،جا پێ دەچێت صوران ئەم چیایەی سورێن بێ، ئۆردوگای سوهراب خانی برای بێبەگی لێ بووە، دەڵێ (مەر- سوران)یش بە تەنیشتی خۆرهەڵاتی ئەم چیایەوەیە بەدیوی دزلی دا. ڕەنگە سۆران (صوران) هەر ئەم دێیە بووبێ ناوی چیاکەش لەوەوە هاتبێ"

**ئەوەی کە لەم چەند دێرەدا دەردەکەوێ ئەمەیە کە لە چەرخی شانزدەیەمدا ناوی زەنجیرەچیای سورێن لە هەورامان یان ناوی بەشێک لەم چیایە وەک "سۆران"یش هاتووە، هەروەها گوندی "مەر سۆران"یش بێگومان پەیوەندی بە وشەی 'سواران"وە هەیە. کە وا بوو لێرەدا دیار دەکەوێ کە ئەم دوو وشەیە "سورێن" و "سۆران پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. سورێن هەمان هۆزی سورێنی ئەشکانییە و سۆرانیش شێوەیەکی ترە لە وشەی "سواران".**

هەروەها شوێنپێی هۆزی سورێن لە ناوی یەکێکی ترلە گوندەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ ئەوێش گوندی" سورێن ئاوا"[18] لە ناوچەی کولیایی لە سونگوری کرماشاندایە.

---

[16] http://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8E%D9%86

[17] http://www.kurdzhin.net/index.php?option=com_content&view=article&id=360:2010-03-27-17-55-46&catid=2:hemereng&Itemid=17 (2013-02-11)

[18] http://sornabad.blogfa.com/post/2

لێرەدا دەبێ بڵێین کە بە ڕوونی دیارە ئەم ئاڵوگۆڕە کە لە ناوی چیاکان و شوێنەکاندا بە دی دەکرێ، تەنیا لە پاش سەردەمی ئەشکانییەکاندا ڕوویان داوە، دەنا بەپێی ئەو نووسراوانە کە لە سەردەمی ئاشورییەکان و مادەکان و تەنانەت ئەسکەندەریشدا بەجێ ماون قەت ناوی سورێن و سۆران بەرچاو ناکەون.

**پوختەی ئەم باسە لێرەدا ئاوا دەکرێ کورت بکرێتەوە کە هاتن و نیشتەجێبوونی سوارەی ئەشکانی لە کوردستاندا و تێکەڵبوونیان لەگەڵ هۆزەکانی تری "مادی"دا لە پاش تیپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ و زۆربوونی ژمارەیان  بوو بە هۆی پیدابوونی شێوەزارێکی تر لە کوردیدا کە ئەمڕۆکە بە "سۆرانی" دەناسرێت. ئەم بۆچوونە لە باری زمانەوانیشەوە دەکرێ بسەلمیندریت، ئەگەر بێتو شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی کوردی لەگەڵ زمانی ئەشکانیدا بەراورد بکرێ بێگومان شێوەزاری سۆرانی لە هەموویان زیاتر پێوە نزیکە. شێوەزاری سۆرانی هەمان زمانی مادی (کوردیی کرمانجی)یە کە کاریگەرێکی زمانی ئەشکانی پێوە دیارە.**

## ئایین و زمانی ئەشکانییەکان:

هەموو ئەو بابەتانە کە لەسەر ئایینی "ئەشکانییەکان/ پارتەکان" نووسراوە ئەوە دەردەخا کە ئەشکانییەکان پەیڕەوی یەک دین نەبوون، بەڵکوو پەیڕەوییان لە چەندین دین لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانییان کردووە. لە ناوی ژمارەیەک لە پادشاکانیان وەک مێهرداد، تیرداد، میترادا، وا دیار دەکەوێ کە پەیڕەوی لە ئایینی میترایییان کردووە. هەروەها "وەڵەخشی یەکەم" پادشای ئەشکانی (٥١- ٨٠ زایینی) فەرمانی دا بە گردکردنەوەی ئەو بەشانەی ئەوێستا کە هێشتا لە بەردستدا بوون و نووسینەوەی ئەو بەشانەش کە هێشتا بە شێوەی دەمبەدەم لە نێو خەڵکدا مابوونەوە. ئەمەش نیشان دەدا کە ئایینی زەڕدەشتیش لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا باو بووە و لای پادشاکانیان ڕێزی لێ گیراوە. هیچ نیشانەیەک بۆ دەستتێوەردان لە دینی زەڕدەشتی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هەبوونی نییە.

## تایبەتمەندیەکانی شێوەزاری سۆرانی و زمانی ئەشکانی:

ڕاستە کە ئەشکانییەکان لە بنەڕەتدا لەناوچەی پەرتەوە (خۆراسان) سەریان هەڵدا، بەڵام دواجار لە کوردستاندا نیشتەجێبوون، لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان کرد، و هەر لە کوردستانیشدا مانەوە، پایتەختەکانیان هەر لە کوردستاندا بوو، واتا دەکرێ وەکوو

جێگرانی پادشایانی ماد ناویان لێ ببردرێت. زمانی ئەشکانییەکان و مادەکان زۆر لە یەک نزیک بوون، تەنانەت دەکرێ بوترێ کە وەک دوو شێوەزاری یەک زمان بوون. بێگومان ئەوندە ئەشکانییەکان کەوتوونەتە بەر کاریگەریی زمانی مادییەوە ئەوندە مادەکان نەکەوتوونەتە بەر کاریگەریی زوانی ئەشکانییەوە، هۆکارەکەشی ڕوونە چونکە ئەشکانییەکان چەند هۆزێک بوون کە لە سەرزەمینی پان و بەربڵاوی ماددا مانەوە. و پێش ئەوەی کە ئەوان دەستەڵات بە دەستەوە بگرن زمانێکی جێکەوتووی ئایینی و هەروەها دەستەڵاتداری لە ماددا هەبووە و ئەوان ناچار بوون بۆ ئەوەی بە سەر دانیشتووانی ماددا فەرمانڕەوایی بکەن دەستەواژە جێکەوتووەکانی ئایینی و کارگێڕی و سەربازی فێر بن و کاری پێبکەن.

**ئەو زمانە کە ئەمڕۆ بە زمانی پەهلەویی ئەشکانی ناسراوە و نووسراوە کۆنەکانی سەردەمی ئەشکانییەکانی پێ نووسراوەتەوە لەگەڵ زمانی ڕاستەقینەی ئەشکانییەکاندا واتا ئەو زمانەی کە هۆزەکانی ئەشکانی قسەیان پێ دەکرد جیاوازی زۆرە.** هۆکارکەشی ئەوە بوو کە ئەشکانییەکان/ پەرتەکان" هۆزێکی کۆچەر بوون، بەپێی ئەو زانیارییانە کە تا ئێستا دەست کەوتووە لە هۆنەری خوێندن و نووسینیش بێ بەهرە بوون، و لە سەرەتاوە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی زانستی و خوێندن و نووسینیان نەبووە، بۆ تۆمارکردن و نووسینەوە لە نووسەرانی مادی، پارسی، ئارامی و یونانی کەڵکیان وەرگرتووە. جا بۆیە میرزاکان (نووسەرەکان)یش زۆربەیان هەر ئەو زمانگەلە کە خۆیان زانیویانە بەکاریان هێناوە و پێیان نووسیووە، هەر لەبەر ئەمەشە کە نووسراوەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان قەت لە یەک ناچن، شێوەی دارشتنیان، زمانیان، خەتیان لە یەک جیاوازە. ئەو نووسراوانە کە لە وڵاتی ماددا (کوردستاندا) و لە لایەن نووسەرانی مادییەوە نووسراون بێگومان زمانە سەرەکیەکەی مادی (کوردی)یە و کاریگەرێکی کەمی ئەشکانی پێوە دیارە، هەر بۆیەش زۆربەی لێکۆڵەرانی زمانە کۆنەکانی ئێرانی زمانی ئەشکانییەکان وەک زمانی "پەهلەویی باکووری ڕۆژئاوا ( مادی / کوردی) و زمانی ساسانییەکان وەک پەهلەویی باشووری ڕۆژئاوا ( پارسیک ) ناویان لێ ناوە. تەنانەت لە سەردەمی ساسانییەکاندا، دانیشتووانی ناوچەکانی باشووری ئێران (فارسەکان) لە زمانی ئەشکانییەکان (شێوازێک لە زمانی مادی/ کوردی) تێ نەدەگەیشتن هەر بۆیەش نووسراوەکانیان بە هەر دوو شێوازی پەهلەویی ئەشکانی (کوردی) و پەهلەویی ساسانی (پارسی/ فارسی) دەنووسیەوە، بۆ نموونە "بەردەنووسەکانی نەخشی- ڕۆستەم (فارسی: نقش رستم) و نەخشی ڕەجەب (فارسی: نقش رجب) کە هی سەردەمی ئەردەشێری یەکەمە بە سێ زمانی پەهلەویی ئەشکانی (کوردی)، پەهلەویی ساسانی (فارسی) و یونانی نووسراونەتەوە. دیسان بەردەنووسە بەناوبانگەکەی حاجی ئاباد ( فارسی: کتیبە حاجی آباد) کە هی سەردەمی شاپووری یەکەمە بە دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی

ساسانی نووسراوەتەوە"[19]. بەردەنووسەکەی شاپووری یەکەم لەسەر دیواری کەعبەی زەڕدەشت کە لەوێدا شاپوور باسی شەڕەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆم و سەرکەوتنەکانی دەکات بە سێ زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی و یونانی نووسراونەتەوە[20]. هەروەها لە بەردەنووسە بەناوبانگەکەی "نەرسی" پادشای ساسانی کە بە "پەیکەری پەیکۆڵی ناسراوە لە ناوچەی قەراخ لە باشووری سلێمانی کە بەداخەوە ئێستا دارووخاوە نەرسی باسی چۆنیەتی سەرکەوتنی بە سەر برازاکەی خۆی وەهرامی سێیەم دەکا. ئەم بەردەنووسەیەش بە هەر دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی نووسراوەتەوە"[21].

**نووسینەوە بە دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی لە یەک کاتدا لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەم تیورییەی لێکۆڵەران و زمانناسانی ئوروپایی و ئێرانی لە بواری زمانە کۆنەکانی ئێرانیدا بەرپەرچ دەداتەوە کە زمانی پەهلەویی ساسانی وەک درێژەدەر و جێگرەوەی زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پارسیی کۆن دەناسینن. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخا کە هەر لە سەردەمی ساسانییەکاندا دانیشتووانی باکووری ڕۆژئاوا (کوردستان) لە زمانی بەردەنووسەکان کە بە شێوازی باشووری ڕۆژئاوا (فارسی) بوو تێ نەدەگەیشتن هەر بۆیەش نووسراوەکان بەزمانی پەهلەویی باکووریش (مادی/ کوردی) دەنووسرایەوە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە هەر لەو سەردەمەدا دوو زمانی زیندوی جیاواز لە دوو شوێنی جیاوازدا هەبووە کە دانیشتووانەکەی قسەیان پێ کردووە و نووسینیش بە هەر دوو زمانەکە هەبووە.**

هەر وەک پێشتر باسی کرا زمانی نووسراوەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان بەپێی ئەوەی کە لە کۆێدا نووسرابێت و نووسەرەکەی چە زمانێکی هەبووبێت جیاوازییان هەیە، بەڵام بە

[19] http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html
[20] http://www.encyclopaediaislamica.com/madkhal2.php?sid=2899
[21] http://zamaaneh.com/rohani/2008/07/post_239.html

http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html

دڵنیاییەوە زمانی کۆمەڵانی دانیشتووی ماد (کوردستان) لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هەر مادی (کوردی) بووە بە کەمترین ئاڵوگۆڕەوە، ئەم ئاڵوگۆڕەش بە هۆیێ نیشتەجێبوونی هۆزەکانی ئەشکانی لە سەدەکانی دواتردا کاریگەری خۆی نیشان داوە، نەک لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا. بۆ ڕۆشنبوونەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە کەمێک دواتر لە درێژەی ئەم وتارەدا زمانی یەکێ لەو قەبالانەی هەورامان کە هی سەردەمی ئەشکانییەکانە دەخرێتە بەرچاو.

هەر وەک پێشتر ڕوون کرایەوە، شێوەزاری سۆرانی هەمان زمانی مادییە کە کەوتووەتە بەرکاریگەریی زمانی هۆزەکانی ئەشکانییەوە، لێرەدا هێندێک تایبەتمەندی هاوبەشی شێوەزاری سۆرانی و زمانی ئەشکانی دەخرێتە پێش چاو:

- نیشانەی کۆ لە زمانی پەهلەویی ئەشکانیدا وەک "ان" و هێندێ جاریش "ایها" بووە، (بڕوانە بۆ " نگاهی گذرا به اسم و دگرگونی واج ها در زبان پهلوی)[22]. نیشانەی کۆ لە شێوەزاری سۆرانیدا "ان" و هێندێ جاریش "ها"یە ( لە دیالێکتی مۆکریاندا). لە کاتێکدا نیشانەی کۆ لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا جیاوازە.
- گۆکردنی پیتی "ئە / ا" لە سەرەتای وشەکاندا لە زمانی ئەشکانیدا باو بووە وەک ئەمورداد (مورداد)، ئەما (ما/ مە)، ئەشما (شما). لە شێوەزاری سۆرانیشدا ئەم شێوەیە هەر ماوەتەوە وەک " ئەمن" (کرمانجی: من/ ئەز)، ئەتۆ (کرمانجی: تە/ تۆ)، ئێوە/ ئەنگۆ، (کرمانجی: وە/ هون)، ئەوان (کرمانجی: وان)، ئەسپاردن (کرمانجی: سپاردن)، ئەشکەوت/ ئەشکەفت (کرمانجی: شکەفت).
- لە زوانی ئەشکانیدا لەهێندێک لە وشەکاندا دەنگی "و" گۆڕدراوە بۆ "ب"[23]، لە سۆرانیشدا هەر وایە وەک " واران" بوو بە باران، "وارین" بوو بە بارین، "وارۆک" بوو بە بارۆک، "وازدان" بوو بە بازدان، "واز کردن" بوو بە بازکردن، "وامی" بوو بە بامی (بادام)، "باوان" بوو بە بابان، "وەهرام" بوو بە بەهرام، "وە" بوو بە (بە/ با)، "واهۆز" بوو بە باهۆز. "وینین" بوو بە بینین، "وەراز" بوو بە بەراز، "وەچکە" بوو بە بەچکە، "وەستن " بوو بە بەستن.

[22] http://daneshnameh.roshd.ir/mavara/mavara-index.php?page=%d8%b2%d8%a8%d8%a7%d9%86+%d9%be%d9%87%d9%84%d9%88%db%8c+%c2%ab%d9%be%d8%a7%d8%b1%d8%b3%db%8c+%d9%85%db%8c%d8%a7%d9%86%d9%87%c2%bb&SSOReturnPage=Check&Rand=0 ( 2013-10-02)

[23] هەمان سەرچاوەی پێشو

"واشـە" بـوو بە باشـە/ باشـو، "وژار" بـوو بە بـژار، "وەریـن" بـوو بە بەریـن، "وەرانوەر" بۆ بە بەرانبەر.

- لە زمانی ئەشکانیدا لە هێندێک لە وشەکاندا دەنگی "و" گۆڕدراوە بۆ "گ"، لە سۆرانیشـدا هەر وایە وەک "وەرک / وەرگ" بـوو بە گـورگ، " وەریـس/ وەریسە" بوو بە گوریس، "وتن" ( گوتن)، "ورز" ( گورز). ئاڵوێر(ئاڵۆگۆڕ)، ئاور(ئــاگر)، پیشەوەر(پیشــەگەر)، دادوەر، دادوەری (دادگەر، دادگەری)، ویشتاسپ (گوشتاسپ).
- لە زمانی ئەشکانیدا بەکارهێنانی پێشگر لەسەرەتای هێندێک لە "کار"ەکاندا بـاو بـووە، لە سۆرانیشـدا هەر وایە، بـۆ نمـوونە، وەسـتان بـوو بە ڕاوەسـتان (فارسیی میانە: برایستادن)، گرتن بوو بە وەرگرتن (فارسیی میانە: برگرفتن)، کیشان بـوو بە ڕاکیشـان (فارسـیی میانە: برکشـیدن)، نیشـتن بـوو بە دانیشـتن (فارسی: نشستن).

## کورتەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی هەورامان

بۆ باسکردن لەسەر ئەم بابەتە لە نووسراوە بەنرخەکەی کتێبی " لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربـارەی مـێژووی وڵاتی کـوردەواری" لاپەرەکـانی ٣٣١- ٣٨٧، لە نووسـینی لێکـۆڵەر و مێژوونـووس و مامۆستای مێژووی کورد لە زانکۆی بەغدا دوکتـور جەماڵ ڕەشـید ئەحـمەد کەڵک وەرگیراوە، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەغدا لە چاپ دراوە. وتارەکەی د.جەمال ڕەشـید لەسـەر ئەم بەڵگەنامەگەلە زۆر لە جێگای خـۆیەتی و بابەتەکانی لە هەر ڕوویـکەوە ڕۆشـن کـردوەتەوە، بۆیە پێویسـتی بە دەستکارییەکی وا ناکا، تەنیا ئەوە نەبێ کە تیشکی زیاتر دەخـرێتە سـەر هێنـدێ لە وشـە کوردییەکان. لێرەدا دەقـاودەق ئەم وتـارە بەڵام لە قـالبێکی کـورتکراودا دەخـرێتە بەرچـاو، ئەگەر لە شـوێنێکدا پێویسـتی بە ڕوونکـردنەوە هەبێ ئەوە لە نێـو دوو کەوانەدا دەنـووسرێتەوە، کە مانـای ئەوە دەگەیـنی کە بەرپرسـیارەتی ئەو بەشـانەی ناکەوێتە سەرشانی د. جەماڵ رەشید. ئەمەش دەقی نووسراوەکەیەتی:

لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا گـرنگترین ڕووداوی مـێژوویی کوردسـتان کە بـوو بە هـۆی پەیـدا بـوونی ئاڵوگۆڕێـک لە نێـوان چەنـد زانیـارییەکی زمـان و مـێژووی ڕۆژهەڵاتناسـیدا، دۆزینـەوەی چەنـد بەڵگەنـامەیەکی چەرخی هێلینی ( سـەدەی یەکی پ.ز) بـوو لە نـاوچەی هەورامـانی (کوردسـتان)دا. کە لە لایەن سـەعید خـان دوکتـوری چـاو لە شـاری سـنەدا، لە سـاڵی ١٩٠٩ سێ پارچەیان گەیشتبووە دەست پسپۆڕە بەریتانییەکان. دوانیان پاش شـەش

ساڵ لە لایەن پروفسور مینس شی کراونەتەوە و لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی هیلینیدا بڵاوی کردووەتەوە، journ. Hell. Stud. 35 (1915)

سێیەمیشیان کە بە پیتی ئارامی نووسرابوو پاش دە ساڵ لە لایەن کاولی ناوێک بە وتارێک لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیەوی پادشاهی ساڵی ١٩١٩( J.R.A.S 1919) ڕوون کراوەتەوە.

دوکتور سەعید خان هەر چەندە باسی ئەوەی نەکردووە، کە لە کێ ئەم بەڵگەنامانەی دەستکەوتووە بەڵام لەمەودوا دیار دەبێت و هەر وەکوو مامۆستا شێخ ئەمینی شێخ عەلائوددینی نەقشبەندی پێ راگەیاندم و فەرمووی کە سەعید خان لەبەر چارەکردنی چاوی عباس قولی سان باپیرە گەورەی بەگزادەکانی رەزاو هاتبووە هەورامان. و پێش هاتنی ئەم دوکتورە شێخ عەلادینی نەقشبەندی چووتە دێ "پاڵنگان" نزیک قەڵای ئەردەلانیان (تەنگی بەر) لە سەرەتای ئاوی سیرواندا، بۆ پشکنینی ئەشکەوتەکەی ڕۆژهەڵاتی پاڵنگان، شێخ موریدێکی خۆی کە بە " ورگل" نێوبانگی دەرکردووە بۆ ئەوێ ناردووە و بە یارمەتی چەند کەسێک توانیویەتی ناوەڕاستی ئەشکەوتەکە هەلکەنێت کە پڕ بووە لە چەلتوک و لە ناویا کوپەڵەیەکی داخراو و بەستراوی بە مۆم کە لە شێوەی شووتیدا بووە هێناوەتە دەر. پاش ئەوەی ئەم کوپەڵەیان لە تەنیشت ئاگرداندا داناوە، مۆمەکەی تواوەتەوە و ناوەڕۆکی کوپەڵەکە ئەم بەڵگەنامانەی تێدا بووە. کە دوکتور سەعید خان چاوی بە شێخ دەکەوەی پێشنیار دەکا کە وا چاکترە ئەم دۆزراوەیە بگەیندرێتە دەستی پسپۆران لەوانەیە ئەوان بتوانن سەر لەو نیشانانە دەربکەن، کە لەسەر ئەو پێستە نووسراوە.

... لەو کۆمەڵە دۆکومینتانە سێ پارچەی دەگاتە دەستی پرۆفسور ئیلیس مینس " E.H. Minns " نێوبراو ئەو دەستنووسە کە بە زمانی ئارامی نووسرابوو بۆ کاولی " A. Cowley " دەنێریت، چونکە کاولی پسپۆری لە ئارامیدا هەبوو. کاولی لە ساڵی ١٩١٩دا سەبارەت بەو دەستنووسە لێکۆڵینەوەیەکی لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی پاشایی بەریتانیدا بڵاوکردەوە و لە نێویدا پێشنیازی کردبوو و بە پێویستی زانیبوو کە وا زمانی دۆکومینتەکە بە باشی لێ بکۆڵدرێتەوە، باسەکەی کاولی بریتی بوو لە خوێندنەوەی وشە و نێوەکان بێ ئەوەی هیچ قۆناخێکی مێژوویی دۆکومینتەکە و شوێنی هەبوونی ڕوون بکاتەوە.

مینس لە نێو باسەکەی دا باسی دۆکومینتەکان دەکات و دەڵێت ژمارەیان زۆر بوون بەڵام دەست بە دەست کراون ولە کۆتاییدا سێ دانەیان بە ساخی دەگاتە دەست دوکتور سەعیدخان کە ئەویش لە سەردانەکەی بۆ لەندەن لە ساڵی ١٩١٣دا دەیان گەیەنیتە دەست پرۆفسور براون ئەویش دەیداتە مینس، مینسیش هێندێک ڕوونکردنەوەی سەرەتایی لەسەر دەنووسێت و لە (١١)ی تشرینی دووەمدا بۆ کۆمەڵەی دەنێرێت و هەر لەو

کاتەدا هاورێیانی دوکتور سەعید نایانەوێت دوکتور لەم کارە مروڤانەییە بێ بەش بکەن، چونکە ئەو خاوەنیەتی، بەڵام دوکتور سەعید مافی بڵاوکردنەوەی بە مینس دەبەخشیت.

لە دوای لێکۆڵینەوەی دوکومینتی یەکەم، کە بە زمانی ئارامی نووسرا بوو وا دەرکەوت کە بۆ سالآنی ١٢ و ١٣ پ.ز دەگەرێتەوە، بەڵام دوانەکەی دی یەکێکی هی ساڵی (٨٨)ی پ.ز و ئەوی سێیەمی هی ساڵی (٢٢)ی پێش زایینە و بە ئەلفوبێی یونانی نوسراونەتەوە و بابەتەکانیشیان لە بابەتی دۆکومینتی یەکەم دەچیت، پروفسور مینس خۆی لەم دوو دۆکومینتە کۆڵیوەتەوە و بیرورای خۆی لە "گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی هلینی" لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاو کردووەتەوە. ئەگەرچی پروفسور مینس لە کۆتایی لێکۆڵینەکەیدا وای بۆ دەچیت کە وا زمانی دۆکومینتەکان لە زمانی کوردییەوە نێزیکە بەڵام خۆی زمانی کوردی نەزانیوە.

وەکوو وترا یەکێک لەو دۆکومینتانەی هەورامان کە بە پیتی ئارامی نووسراوە لە لایەن کاولی شی کراوەتەوە و لە گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیەوی ساڵی ١٩١٩ زایینی بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ ئەو گیرو گرفتانەدا کە هاتوونەتە بەر کاولی لە خوێندنی ئەم پارچە نووسراوەدا، بە هۆی هێندێک نیشانەی تایبەتی ناوچەییەوە دەڵێت کە وا دەقەکە "پەهلەوی"یە لەگەڵ هێندێک وشەی سامی بە پیتی ئارامی نووسراوەتەوە، بەڵام چەند لایەکی ئەو پارچە نووسراوە شکاوە یا فەوتاوە. ئەمەش وێنەی ئەو پێستەیە کە "کاوڵی" بڵاوی کردوەتەوە[24]:



[24] The pahlavi document from Avroman, by A. Cowley. Journal of the Royal asiatic society 1919.
ئەم وێنەیە لە کتێبەکەی د. جەماڵ ڕەشید ئەحمەددا نەهاتووە، دواجار من لێم زیاد کردووە، (نووسەر).

له ڕاستیدا هەواڵەکان لەسەر پێست بە هەشت دێڕ تۆمار کراون بەم شێوەیە[25]:

1 שנת ///ק ירחא ארותת מיבנו פתספך ברי תורין
2 //..ז ליכי כרמא אסמך מה אבידשדן פלג יאת
3 רזבנו אויל ברי בשנין דד אהי כלא זוזן ד]] ////ו
4 מה מן בומחותי א.. ח.. המי אדלו קדמתה
5 שהדין תירך ברי אפין.... ברי רשנו ארשתת
6 ברי אבנו גריפנהי ברי מתרפדי סינך ברי מאתבנג
7 ......כרמא אסמתן כרמא וינו. אויל מן
8 פתספך כלא זוזן ו]] ////ו

کاولی لەکاتی شی کردنەوەیدا هیچ باسی جێ و شوێنی دۆزینەوەی ناکات و هەروەها باسی پەیوەندی زمانەوانی لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە و زمانی ئەم نووسراوە یە ناکات چونکە پسپۆریەکەی ئەو تەنها لە زمانی ئارامیدا بووە. تاکو ئیستاش ڕستەکان بە بێ خوێندنەوەی دەنگدار ماونەتەوە، کە بۆ ئیمە گرینگییەکی تایبەتیان سەبارەت بە زمانی ناوچەیەکی کوردەواریەوە لە چەرخی هیلینیدا هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە دەقەکە بەم جورە دەخویندریتەوە:

١- شنت / / / ق یرخا اروتت مینو پتسپک بری تورین.

٢- / / / . . و ؟ یکی کرما اسمک من ابیکشکن پلز یات

٣- رزبنو اریل بری بشنین دد اهی کلا زوزن ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥ /

٤- مه من بومخوتی ا..خ همی ادلو قدمته.

٥- شهدین تیریک بری اپین ی... بری رشنو ارشتت.

٦- بری ابنو گریپنهی بری مترپدی سینک بری ماتبنگ.

٧- ... کرما اسمتن کرما زینت ؟ اریل من.

---

[25] The pahlavi document from Avroman, by A. Cowley, sid 148.
ئەم وێنەیە لە کتێبەکەی د. جەماڵ ڕەشید ئەحمەددا نەهاتووە، دواجار من لێم زیاد کردووە، (نووسەر).

٨- پتسپک کلا زوزن ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥.

ئەو وشـــانەی کە ڕەگی "ئارامی"یــان هەیەو لەم بەلگەنــامەدا بە کارهــاتوون بەم جــورەی خوارەوەن:

١- **شەنەت:** واتە (ساڵ) کە لە عەرەبیدا بۆتە (سنە).

٢- **ق:** ئەم پیتە نیشانەی وشەی (قیپا)ی ئارامییە بە واتای (هاوین) کە لەگەڵ نیشانەی (/ / / ) واتای هاوینی ساڵی (٣٠٠) دەگەیەنیت. هەروەهاش یەکەم پیتی وشەی (قرن/ سەدە)یە.

٣- **یەرەخا**: واتە (مانگ)ی.

٤- **پەلز:** واتە (نیوە) ئەمڕۆ بە شێوەی (پەلگی) لە سریانیدا بە کار دێت.

٥- **کولا:** واتە ( بە تەواوی).

٦- **مە، من:** هێندێک جار بە واتەی (لە) بە کارهاتوون و هێندێک جاریش بە واتەی (کە) و ئەمڕۆ لە شێوەی کوردیی فەیلیدا وەکوو (مینا) بە کاردێت.

٧- **قەدەمتو :** واتە (تقدیم / پێشکەش)

٨- **شەهدین:** واتە ( گەواهان/ شاهیدان).

٩- **کەرما:** واتە (کرمە / ڕەز).

وشەکانی دی کە لە بنەڕەتدا هی شێوەیەکی زمانی سەرەتایی ناوچەیی کوردییە. چەند نێوێکی کەسی و چەنـد ئـامرازێکە کە لەو زمـانە نـاوچەییەدا بە واتـایەکی ئـایینی و کـۆمەڵایەتی بە کارهاتوون وەکوو:

١- **اروتـت (ئەروتـات):** نێـوی مـانگێکە لە مانگەکانی چەرخی پورثـدا، واتەی خوداوەنـدی خۆر(خـۆردات) دەگەیەنێت و لە بنەڕەتـدا لە (هوڤـاردات) یـان (هواردانـا- ئێرانی هەزارەی یەکی پ.ز، شـووارداتا – میتـانی هەزارەی دووی پ.ز، سـوڤارداتا- هێنـدی ... هتـد)ی ڕەگی پەیدا کردووە. لە بابلیدا بۆتە ئومرداتو، خوماردانو، خورداتو.

٢- **تیریک ( تیرەک):** لە بنەڕەتدا لە نێوی (تیر= تیرا= میترا=میثرا) لەگەڵ پاشگری ناوچەیی کۆن (ک، کو، کا) پێک هاتووە.

هـاوچەرخی ئەم نێـوە نێـوی پـورثی (تـیردات/ تـیرداد)ە، کە کـۆنترین شـێوەی (میـترادات، میتراداتیس)ە.

**٣- رشـنو (ڕەشـنۆ):** یەکـێکە لە هاوڕێکـانی خوداوەنـد (میـثرا= میـترا= میهـرا) کە لە پـاڵ خوداوەنـد (سراوشـا، ڕاشـیو) نیشـانەی گیـانی سـەردانەواندن و ڕێکخـراوی بـوون. لە پەهلەویدا بـوونەتە (ڕاشـنو و میهـر و سروش و لاشـن) و لێپرسراوی گیـانی مـردوان لەسـەر پردی چینوات بوون.

**٤- میترپدی (میثرا- پادی):** واتا میترا خاوەن، بەڵام وشـەی پادی لە چەرخی ساسانیدا بوو بە (پد/ بد) بە واتای سەرۆکی ئایینی.

**٥- ناوەکانی (ئەسمەک، پتسک، سینەک)** بە پاشگرێکی کۆنی وڵاتی کوردەواری کۆتاییان هـاتووە، بەڵام نێوەکـانی (تـورین، ئەرێـل، بشـنین، ئەپیـو، ئەرشـتت، ئەبنـو، گـرییەنەهی، ئەسمتن) چەند نێوێکی باو بوون لە دەولەتی پورثدا.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانەی کە پەیوەندیان بە کوردییەوە هەبووە ئەمانەن:

" ئەروتەت، مەیبان، پەتەسپەک، بەری، تورین، ئەسمەک، ئەبیکەشکەن، یات، ڕەزبان، ئەریل، بەشەنین، داد، ئەبی (ئەهی)، مە، بومخوتی، هەمی، ئەدلو، تیرک (تورەک). ئەپین، ڕەشنو، ئەرشتەت، ئەبنو، میتراپادی، سینەک، ماتبەنگ، ئەسەمتەن، ویبەت).

**لەم دەقەدا ئەوەی کردار و ئامرازە و لە زمانی کوردیی نوێدا بە کار دێن ئامانەن:**

١- "بەر + ی"، هەرچەنـدە لە ئارامیدا ئەم وشـەیە بە شێوەی (بار) پاشـان (مار) بە واتای "نەوە" بە کارهـاتووە بەڵام لە بنەڕەتـدا هەر هەمـان واتەی ووشـەی "بەری" کـوردییە کە نەک تەنها بۆ مروڤ بە کار دیت بەڵکوو بۆ دارو درەخت و گیانلەبەریش.

[ ( لە فەرهەنـگی هەنبـانە بـۆرینەی هەژاردا، ٢١ واتـا بـۆ وشـەی" بەر" دانـراوە، بەڵام با لێرەش چەند واتایەکی تریش ڕوون بکرێتەوە، و بخرێتە سەری. ١- "بەر" بە واتای " تەن" دێت، وەک دەڵێن کراسەکەی لە "بەر" کرد. ٢- " بەر" بە واتای شـوێنی مێینەی ونێرینە مروڤ دێت وەکوو دەڵێن موی بەری هاتووە، بەری تاشێووە، بەری سپی بووە. ٣- بەر بە واتای خـانەدان، بنەماڵە، ماڵبات دێت وەک دەڵێن ئەمانە لە "بەر"ی ماڵی فلانەکەسـن، ئەمـانە " بەر"ە مـاڵێکی بـاش نـین. ٤- "بەر" بە واتـای تـول ( بچـکەیەک کە هێشـتا لە زگی دایکیدایە / جنین) وەک دەبێژن لە ترساندا "بەر"ی کەوت، لە ڕێگادا "بەر"ی خست. ٥ - " بەر" بە واتـای "نەوە" یـان "زادە" دێـت، وەک دەڵـێن ئەمـانە "بەر"ی سـێیەمی مـاڵی فڵانکەسـن واتا نەوەی سێیەمن. یان دەبێژن ئەمانە لە "بەر"ی فڵانکەس کەوتوونەتەوە

واتا زادەی فلانکەسن. ئەم "بەر"ە کە لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە واتای زادە یان نەوە دەدا. = (نووسەر)].

**٢- یەکی:** هەرهەمان واتای "یەک"ی کوردی دەگەیەنێت.

**٣- مە:** ئەمە ئامرازی پەیوەندی (چوونە سەر)ە کە لە رستەی نێوی و کرداریدا تەنها لەم بەڵگەنامە و لە نووسراوەکانی "نەرسی- ٢٩٣ ز" کە بە پەیکەری (پەیکۆڵی ) لە کوردستاندا بە نێوبانگە و جارێکی دیش لە نوسراوەکانی " شاپوور- ٢٦٣ز" لە کەعبەی زەردەشتدا بە کارهاتووە. بە زۆری ئامرازی (زی) لە چەرخی ئەرشاکیدا جێی ئەم ئامرازەی (مە)ی گرتبووە و لە زۆر رستەی پورثیدا دەبینرێت. ... لە پلەی کۆتایی چەرخی پورثیدا ولە سەردەمی ساسانیدا وشەی (کە)ی پورثی هەبووە و شان بە شان ئامرازی (ی)ێ پەیوەندی بە کار هێنراوە، لە کوردیدا ئامرازی ( کە، ی) هەتا کو ئیستا بە هەمان مەبەست بە کار دێت، وەکوو سروود چە شادیفت (واتە سرود کە هی شادییە = سرودی شادی). ئەم ئامرازە ئیستا بە هەمان واتا لە زمانی بولگاریدا بە کاردێت. لە نووسراوەکانی چەرخی هەخامەنشیدا ئەم ئامرازە بە شێوەی (یا) کە لە (هەیا) دارێژراوە و ئەمڕۆ لە کرمانجیی ژوورووداو بە کار دێت.

**٤- ئەبیکەشکەن:** وشەیەکی ناوچەییە بە بیروباوەری "کاولی" وشەی " داشتن" نزیکترین شێوەیەتی چونکە بە ( ئەبیدەشدەن) خویندبوویەوە، کە چی "ماری بۆیس " بە جورێکی ڕاستتر خوێندویەتیەوە ( کەرما ئەسمەک مە ئەبیکەشکەن) کە واتاکەی ( رەزی ئەسمەک کە هەڵکێنراوە) دەگەیەنێت. کە وا بوو وشەکە " هەڵکێنراو"ە.

**[ ئەم وشەیە لەوانەیە کە خراپ نووسراو بێت، چونکە هەم کاولی و هەم ماری بۆیس لە خوێندنەوەی وشەکە دڵنیا نین. بە ئەگەری زۆر ئەم وشەیە نە "ئەبیکەشکەن"ە و نەش "ئەبیدەشدەن"ە. بەڵکوو لەوە دەچێ لە باتی ئەو پیتەی کە باش نەخوێنراوەتەوە (د/ک) پیتی "ب" بێت، واتا وشەکە "ئەبێبەشکەن" بێت، کە ئەگەر بە شێوەی کوردیی ئەمڕۆکە بنووسرێتەوە ئاوای لێ دێ "ئەبێ بەشکەن"( ئەبێ بەشی بکەن ) واتا دەبێ زەوییەکە دابەشکەن. لە پاش ئەم وشەیە وشەی پلز هاتووە کە واتای "نیوە" دەدات کە مەبەست ئەوەیە ئەبێ زەوییەکە بەش بکەن بە نیوەیی = (نووسەر)].**

**٥- یات:** وشەیەکی کوردییە بە واتای "هی (هین)" کە لە کرمانجیی ژوورووداو بە شێوەی "یا، ێیت" وەکوو ئامرازی خستنەسەر (اضافە) بە کارهاتووە.

**٦- داد:** هە هەمان وشەی کوردی "دای" ئەمڕۆیە. لە بنەڕەتدا "دادی"یە = "دادهی"یە.

٧- **بومخوتی:** وشەیەکی ناوچەییە بە واتای " خاوەن، گەورەی زەوی"

**[ هەر چەند د.جەماڵ رەشید، واتای ئەم وشەیە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕاست نووسیوە بەڵام ماناکەی ورد و تەواو نییە، جارێ وشەی "گەورە"ی لێ زیاد کراوە و لە خۆدی نووسراوەکەدا ئەم وشەیە تێدا نییە، دواجاریش وەک وشەیەکی ناوچەیی ناوی لێ براوە کە ئەمەش ڕاست نییە. "بۆمخوتی/ بوومخوتی" وشەیەکی پەتی مادی (کوردی)یە، ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، " بووم – خوتێ".**

**١- "بۆم/بووم " وشەیەکی رەسەنی کوردییە واتای زەوین دەدا[26]، بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن "بۆمە لەرزە/ بوومەلەرزە" کە واتای زەوی لەرزە (زلزلە) دەدا، هەروەها دەستەواژەی "مەرز و بووم" کە واتای مەرز و سەرزمین دەدا، دیسانەوە لە دەستەواژەی" بەروبووم"دا کە ئەمڕۆکە وەک دەستەواژەیەک بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بە کار دێت بەڵام لە ڕاستیدا "بەر" واتای (ثمر) دەدات و "بووم"یش واتای زەوی دەدا، کە دەڵێن ئەو شوێنە بەروبوومی باشە ئەو واتایە دەگەیێنێ کە هەم "بەر"ی باشە و هەم " زەوی"ە کەشی باشە.**

**٢- "خوتێ"، ئەمە وشەیەکی مادی و لە هەمان کاتدا وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا. سارگۆنی دووەم لە ساڵی ٧١٣ پ.ز لە ڕێگای " ئەلیپی" (ناوچەی کرماشان)وە بەرەو لای ماد ڕۆیشت لە ڕێگادا ناوی ژمارەیەک لەو ناوچەگەلە کە دەستی بە سەردا داگرتبوو هێناوە لەوانە ناوچەی" ئاپسا خوتێ"[27]. هەروەها ناوی یەکێک لە کتێبەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان "خوتای نامەک" بووە کە کتێبەکە بۆخۆی لەناو چووە و ئێستا هەر وەرگێڕاوەکەی ماوەتەوە. ئەم وشەیە ئیستا لە کرمانجیدا لە شێوەی "خۆدێ"[28] (بە واتای خاوەن، خێو، ساحیب) ولە سۆرانی و شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "خاوەن/ خاوەند" ماوەتەوە.**

**کە وابوو"بوومخوتێ" وشەیەکی شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجیيە) کە واتای خاوەن زەوی دەدا.= (نووسەر)].**

٨- **هەمی:** واتە (هەموو، هەمی)، وشەیەکی کوردییە.

[ وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا. = (نووسەر)]

---

26 هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژارتاران ١٣٦٨. ل.پ.٦٤

27 مێژووی ماد.دیاکۆنوف وەرگێرانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ ٢٧٥

28 هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژارتاران ١٣٦٨. ل.پ.٢٥١

**٩- ئەدلۆ (ئەرلو):** ئەم وشەیش ناخوێندریتەوە، وا دیارە کردار پیشان دەدات لەم رستەیەدا بە قسەی کاولی واتای (وەرگرتن) دەگەیەنێت واتە ( استلام).

[بە باوەڕی من ئەم وشەیە ئەدلو نییە، بەڵکوو دەبێ "ئە دراو" بێت، "دراو" وشەیەکی کۆنی کوردییە بە واتای پارە. ئەم وشەیە لە زمانی سانسکریتیشدا هەبووە و لە فەرهەنگەکاندا وەک "دراڤ / دراڤیا" هاتووە. بڕوانە بۆ ( فەرهەنگی سانسکریتی ل.پ. ٨٨)[29]. ئەو "ئە"ش کە کەوتووەتە پێش وشەی دراو، هەر وەک پێشتر باسی لێ کرا دیاردەیەکی باوی زمانی بووە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بۆچوونە ئەمجا مانای ئەم ڕستەیە "همی ادلو قدمته" دەبێتە "هەموو دراو پێشکەش کرا"].

**١٠- زەدەن (زەبەن):** وشەیەکی ناوچەییە باش ناخوێندرێتەوە، کاولی دەڵێت زۆر واتا دەگەیەنێت یەکێک لەوانە (زەند) واتە تۆمار کردن.

واتای هێندێک لە نێوەکانی ناو بەڵگەنامەکە:

**مەیبان:** وشەیەکی کوردییە کە بە شێوەی " میبنو" لە بەڵگەنامەکەدا تۆمار کراوە، بە واتای "دروستکەری مەی" دێت.

[ پێویستە لێرەدا تیشک بخرێتە سەر خاڵێک، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ناوانەی کە بە پاشگری "و" کۆتاییان پێدێت، ڕەگی شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجی)یان هەیە (بڕوانە بەشی چوارەم). و بەشێکی زۆر لەو ناوانەی کە بە پاشگری "ک" کۆتاییان پێدێت ڕەگی شێوەزاری ئەشکانییان هەیە.= (نووسەر)].

**پەتەسپەک:** نێوی مەیبانەکەیە، کە لە کوردستاندا نێوێکی کەسی بووە و بە شێوەی "پتسپک" تۆمار کراوە کە نێوێکی لێکدراوە (پەت- سپە- ک) واتای "سەر لەشکر" دەدات.

[ ناوی وا کە واتای سەربازی هەیە لە کوردیدا باوە، بۆ نموونە ناوی بابا "سەرهەنگی دەودانی" شاعیر و پیری یارسانی ( لە نێوان ساڵانی ٩٣٥- ١٠٠٧ زایینی)[30]. هەر ئێستاش لە ناوچەی شکاکان لە دەوروبەری ورمێ ناوگەلێکی وەک سەرباز و سەرهەنگ و لە ناوچەکانی تری کوردستاندا ناوی وەک سەردار و سالار شتێکی زۆر ئاساییە. پەتەسپەک ئێستا لە فارسیدا وەک "سپە- پەت / سپەبوت (سپهبد) " ماوەتەوە. ( نووسەر)].

---

[29] Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

[30] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م خزنەدار ل.پ ٢٣٥

**تورین:** نێوی باوکی مەیبانەکەیە.

[ ئەم نـاوە بە ئەگەرێکی زۆر هەمـان نـاوی "تـوران"ە. لە شـێوەزاری سـۆرانیدا زۆر جـاران دەنگی پیتی " ا " دەگۆڕدرێت بۆ " ێ" بۆ نموونە " ناو دەبێت بە (نێو)، پا (پێ)، ما (مێ)، ناوەڕاست (نێوەڕاست)، چاوداری (چاودێری). بۆیە دەکرێ ئەم ناوە هەر توران بوو بێت لە شـیوەزاری گشـتیی مـادی (کرمـانجی)دا کە وەک تـورێن گـۆ کرابێـت لە شـێوەزاری ئەشـکانیدا. تـوران لە فارسـیدا نـاوی ژنە بەڵام لە کوردیـدا هەم نـاوی ژنە و هەم پیـاوە، لە ناوچەی شکاکان لە ورمێ ناوی توران بۆ پیاوان بە کار دێت. (نووسەر)].

**ئەسمەک:** نێوی بازرگانێکی "مەی"ە لە ناوچەکەدا.

[( ئەم ناوە بە ئەگەرێکی زۆر"سەمەک"ە، چونکە هەر وەک پێشتریش باسی کرا گۆکردنی پیـتی " ئە" لە سـەرەتای وشـەکاندا لە زمـانی ئەشـکانیدا بـاو بـووە. لە ئـێرانی کۆنـدا نـاوی "سەمەک" هەبووە، سەمەکی عەیار (فارسی: سمک عیار) ناوی چیرۆکێکی کۆنی ئێرانییە[31]. د. پرویز ناتل خانلری ئەم چیرۆکەی کۆ کردوەتەوە و لە پینج بەرگدا بڵاوی کردوەتەوە. ئەم چـیرۆکە زۆر کـۆنە بەڵام لە چەرخی شەشـمی کۆچیـدا نـووسراوەتەوە، بەشـێکی زۆری ڕووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە لە ڕۆژاوای کوردستاندا قەوماوە. باسی بەسەرهاتی خۆرشـید شا کوڕی مەرزەبان شا فەرمانڕەوای شاری حەڵەب دەکات کە ئەویینداری کچی فەغفور شا پادشای چین دەبێت، سەمەک کە مرۆڤێکی پاڵەوان، میرخاس و زۆر زیرەک بووە، دەبێتە یار و یارمەتیدەری خۆرشید شا لە هەموو ئەوکۆسپ و گرفتانە کە دێتە ڕێیان. سەمەک/ سـەماک[32] وشـەیەکی کـوردییە دو واتـای هەیە، یەکەم بە واتـای بەرز و بڵینـدە، دووەم پەیوەنـدی هەیە بە وشـەی "سـەما/ سـەماکەر"وە کە واتـای هەڵـپەرکێ (رقـص) و هەڵپەرکێکەر(رقاص) دەدا[33].= (نووسەر)].

**ئەریل:** ناوی خاوەنی ڕەزەکەیە

[ بێگومان ناوێکی مادییە، زۆر نزێکە لە ناوی بابا "ئەردڵ" بناغەدانەری مالباتی ئەردەڵانی. = (نووسەر)].

**بەشنین:** نێوی باوکی خاوەن ڕەزەکەیە.

---

[31] http://www.goodreads.com/book/show/640719._

[32] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار بەرگی یەکەم،تاران ١٣٦٨. ل.پ.٤٤٩

[33] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار بەرگی یەکەم تاران ١٣٦٨. ل.پ.٤٤٩

["بەشـن/ بەژن" وشـەیەکی پەتی کـوردییە کە واتـای "باڵا / بەژن" دەدا (بـڕوانە فەرهەنـگی زازاکی- کرمانجی، چەکۆ کۆجاداغ، ل.پ.٥٥٨)[34]، بەشنین بە واتای کەسێکە کە بەبەژنە / بەژندارە، یان بالابەرزە. ئەم جۆرە ناوانە لە کوردیدا باو بوون هەر وەک ناوی"بەرزو" کە ئیستاش هەر باوە وا واتای باڵا بەرز دەدا.= (نووسەر)].

**تیرەک:** لە وشەی "تیر" و پاشگری "ک" بۆ کەسی تاک پێک هاتووە، لە بنەرەتدا ئەم نێوە "تیردات - میترادات – میثرادات" بووە کە لە کاتێکی درەنگتردا بووەتە میهرداد – تیرداد.

**ڕەشنۆ:** ئەم نێوە لە نێوی فریشتە "ڕەشنۆ" پەیدا بووە کە هاوڕێ خوداوەند (میثرا= میهر) بووە.

[ ئەمە نـاوێکی پەتی مـادییە لە شـێوەزاری ئـایینی مـادی/ ئەوێسـتایی (هەورامی)، نـاوی هەژدەیەمین ڕۆژە لە مانگی زەڕدەشتیدا. لە کوردەواریدا بە بەردەوامی ئەم جۆرە ناوە بە کار هاتووە. باپیری میرانی خۆشناو ئەم ناوەی هەبووە [35]. = (نووسەر)].

**ئەرشـتەت:** هەر وەکـوو ڕەشـنۆ نێـوی فریشـتەیە، لەگەڵ سراوشـا (سروش) و ڕاشـیو و هی دی.

[ نـاوێکێ ئـایینی مـادییە لە شـێوەزاری ئەوێسـتایی (هەورامی). نـاوی حەڤـدەیەمین ڕۆژە لە مانگی زەڕدەشتیدا. = ( نووسەر)].

**گرییندهی:** لەوانەیە نێوێکی یونانی بێت وەکوو گریپوس باوکی ئەنتیوخوس.

[ شـتێکی سـەیر نییە ئەم نـاوە یونـانی بێـت، ئەگەر چـاو لە نـاوی ئیسـتای کوردەکان بکـرێ دەبینرێت کە زۆربەی ناوەکان عەرەبییە وەک ئەحمەد ، مەحموود، حەسەن، حەوسەین، عبـدوللا، مەسـعود، جەلال، و ... ئەمە ئەوە نـاگەینی کە زمـانی ئەو کەسـانە عەرەبیـیە.= (نووسەر)].

**ماتبنگ:**

[ ناوی باوکی یەکێک لە " گەواە (شاهێد)" کانە، ئەم نـاوە لە دوو بـڕگە پێک هـاتووە بەم جـۆرە "مـات- بنـگ"، بـڕگەی یەکەمی "مـات/ ماتـا/ مـاتە" نـاوێکی ئاسـای مـادییە، نـاوی سـەرۆکی هـۆزی ئەسـاگەرتی "ماتـا- تی/ مەتـا- تی" بـوو( بـڕوانە مـێژووی ماد.دیـاکۆنوڤ وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ.٢٦١)، هەروەها "گئو- ماتا" نـاوی ئەو

[34] Ferheng zazaki- kurmanci, Ceko Kocadag, 2010 sid 558

[35] مێژووی هەورامان د. موحەمەد ئەمین هەورامی ل.پ.١٠٨-١٠٩

پیاوە مۆغە (ماگە)یە کە پێش لە داریوشی هەخامەنشی بۆ ماوەی حەوت مانگ پادشایەتی کرد و دواجار بە پیلانی داریوش کوژرا و لە نووسراوە بەردینەکانی بێستوندا ناوی وەک "گئوماتا [گیو- ماتا (گیو کوڕی ماتا)]" هاتووە. بڕگەی دووەمی ناوەکەش "بنگ" ناوێکی مادییە کە ئێستاش لە شێوەزاری کرمانجیدا وەک "بەنگین" ماوەتەوە ناوەکانی بەنگین، ڕەنگین، لەزگین ناوی ئاسایی کوردین لە کرمانجیدا.= (نووسەر)].

**ئەسمتن:**

[هەر وەک پێشتر وترا، گۆکردنی پیتی" ئە / ا" لە سەرەتای وشەکاندا لە زمانی ئەشکانیدا باو بووە. ئەم ناوە سمتن / سیمتەن بووە ( تەنی زێوێن). وشەکانی سیم و زیو لە کوردیدا هەر ماوتەوە و وەک ناویش بە کار دێت وەک سیمین و زێوین کە ناوی کچانن. ئەم ناوە دیارە کە ناوێکی ئەشکانییە، یەکەم لەبەر ئەوەی کە لە پێش ناوەکەی پیتی "ئە" هاتووە دووەم ناوێکی سەربازییە.= (نووسەر)].

**میتراپادی:** ئەم نێوە لێکدراوە لە زۆر سەرچاوە مێژووییەکاندا بەر چاو دەکەوێت وەکوو لای هیرودت بە شێوەی (میثراپاتیس)بووە. میترا نێوی خوداوەندە و پەتی/ پادی بە واتای پارێزەر، فەرمانڕەوا، دەستەڵاتدار، کە لە ناو مادەکاندا باو بووە (بڕوانە: هێرودت کتێبی ٣ بەشی ١٢٠) وەکوو دهیوپاتی، میثراپاتی، زانتوپاتی ... هتد).

**سینەک:** لە هەندێک شوێندا بە "سیناک" تومار کراوە (بروانە قاموسی یوستی) و بووتە ناوی شوێن بە شێوەی "سیناکا" لە باکوور و ڕۆژئاوای زاخۆی ئەمڕۆدا و لە کاتی جەنگی ئەشکانییەکان و کراسوسی ڕۆمانی ئەم نێوە بەر چاو دەکەوێت.

تیکستی دۆکومینتەکە بە گشتی ئەم بابەتانەی خوارەوەی تیدا نووسراوە:

[ لە نووسراوەکەی د.ج. ڕەشیددا لە باتی "زادە" وشەی "کوڕ" نووسراوە = (نووسەر)]

- ساڵی ٣٠٠، مانگی ئەروتات، مەیبان پەتسپەک ptspk زادەی تورین ...
- نرخی (؟) ڕەزی "اسمک"ی Asmk کە (؟) داوە بۆ گەراندنەوەی خاوەنداریەتی (؟) بۆ...
- ڕەزوان، ئەریل زادەی بشنین Bšnin، ئەمەش دای، سەرجەمی گشتی ٥٥ زوزین...
- ئەوەی کە لای خاوەن زەوییە ... دانی پیاناوە (؟) لە پێش
- شاهیدان تیریک زادەی ئەپین، ی ... زادەی ڕەشنۆ، ئەرشتاد

- زادەی ئەبنو، گرییێهی Gripnhi زادەی میتراپادی. سیناک زادەی ماتبنگ Matbng ...
- نرخی (؟) ڕەزی ئەسمتن Asmtn، ڕەز دەگەڕێتەوە (؟) بۆ ئەریل، لە ...
- پتسپک Ptspk، سەرجەم ٥٥ زوزین.

هەر چەنـد د.جەمـاڵ ڕەشـید زۆر بە وردی لە لایەنە جۆربەجۆرەکـانی ئەم پەیماننـامە (قەباڵە) کۆڵیوەتەوە و تیشکی خستووەتە سەر زۆر لایەنی، بەڵام دیسانەوە جێگای خۆیەتی کە کسانی تریش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پەیماننامە و پەیماننامەکانی دیکەش بکەن کە بێگومان دەتوانی زۆر بابەتی تری مێژووی و زمانەوانییان لێ ڕوون بکرێتەوە.

لە پاش خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانە سێ پرسیاری گرینگ دێنە ئاراوە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەتوانێ هێندی گرێکوێرەی مێژوویی و زمانەوانی ڕوون بکاتەوە، پرسیارەکان ئەمانن:

یەکەم: کێ بوون ئەوانەی کە ئەم زەوی و باخانەیان دەفروشت؟ جوتیاری سادە نەبوون، چونکە جوتیار لەو سەردەمەدا خاوەن زەوی و باخ نەبوو، ئەوکاتە لە یونانـدا سەردەمی "بەردەداری / کۆیلەداری" بوو، دیارە لە کوردستانیشـدا یان هەر وەک یونان بوو و یان شێوازێک لە دەرەبگایەتی بوو، لەو سەردەمەدا خاوەنداریەتی بچووک هەر لە ئارادا نەبوو. فروشـیارەکە، ئاغا یـان دەربەگ یـان سـەرۆک هـۆزیش نەبـوو، چـونکە ئەگەر ئەوان بیانفرۆشتبای بە "دانگ" دەیانفرۆشـت، یان شەش دانگی گوندەکە و یان سێ دانگیان دەفرۆشت نەک نیوەیەک لە باخەکە. کە وا بوو تەنیا گومان بۆ کەسێک دەچێ، ئایا ئەو کەسە مەلای گوندێ نەبوو؟ مۆغێکی زەردەشتی (پیرێکی هەورامی)؟

دووەم: کێ بـوون ئەوانەی کە ئەم باخانەیـان دەکـڕی ئەویـش لە نـاوچەی هەورامانـدا، لە دەوروبەری گوندی پاڵنگان، ئەم ناوچەیە گەلێک سەخت و شاخاویە، لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێگای بۆ کێشـراوە دەنا جاران لە یەکەمین ڕۆژی هاتنی بەفەردا هەموو ڕێگاکانی هاتووچوو دەهاتە گرتن و دوای چوونەوەی بەفەر ڕێگاکانی دەکرایەوە. کە وا بوو ئەوانە کێ بوون کە نیوەی باخەکەیان دەکڕی؟ جوتیاری سادە مافی کڕینی زەوی و زاری نەبوو، هەر پارەیشی نەبوو. دەربەگ و سەرۆک هۆزیش نەبوو چونکە دەرەبەگ و سەرۆک هۆز ئەگەر کڕیبای شەش دانگی گوندەکە یان سێ دانگی دەکڕی نەک نیوەیەک لە باخێک ئەویش لەو ناوچە شاخاویەدا. کە وا بوو تەنیا گومان بۆ کەسێک دەچێ، ئایا ئەو کەسە سوارەیەکی ئەشکانی نەبوو، کە هێندێک پارەی هەبوو کە یان بە هۆی خزمەتەکەی وەری گرتبوو و یان

دەسکەوتی شەڕ بوو، ئایا کەسێک لە هۆزی سورێن نەبوو کە چەند ساڵ پێشتر لەو ناوچەگەلە نیشتەجێ بوو و ئێستاش دەیویست لە گوندێکی شاخاوی و دوور بمینێتەوە و ژیانێکی ئاسایی دەست پێ بکات؟

سێیەم: ئەوانە کێ بوون کە ئەو پەیماننامەگەلە (قەباڵەگەلە)یان دەنووسی؟ ئەو پەیماننامانە لە باری مافداری (حقوق)یەوە هیچی لەو پەیماننامانە کە ئەمڕۆکە دەنووسرێت کەمتر نییە. هەموو ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ پەیماننامەیەکی بڕواپێکراو زۆر بەوردی تێدا بە دی دەکرێ لەوانە ناوی کڕیار، ناوی فرۆشیار، مێژووی پەیمانەکە، نرخەکەی، شوێنی زەوییەکە و ناوی گەواهەکان، مەرجەکانی تایبەت بە پەیمانەکە. جا لێرە پرسیار ئەمەیە ئەم مامۆستا ژیر و زاناگەلە لە شاخی هەوراماندا کێ بوون؟ تێ دەکۆشرێت تا ئەو جێگە کە دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە لە باسی نهێنییەکانی هەوراماندا ڕوون بکرێتەوە.

## ئەنجامەکانی ئەم بەشە ئاوا دەکرێ کورت بکرێتەوە:

**یەکەم:** لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هیچ گۆڕانێک بەسەر ئایینی زەردەشتی وشێوەزاری ئایینی زمانی مادی ( شێوەزاری ئەوێستایی / هەورامی)دا نەهاتووە (هیچ هۆکارێک بۆ گۆڕان نەبووە) یان ئەگەرێش هاتبێ زۆر کەم بووە. بۆیە دەکرێ بڵێین کە شێوەزاری ئایینی مادی (هەورامی) هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە.

**دووەم:** لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا شێوەزاری گشتی زمانی مادی (کرمانجی) نەگۆڕدرا بەڵکوو هەر مایەوە، بەڵام بە هۆی جێگیربوونی ژمارەیەکی زۆر لە سوارە و هۆزەکانی ئەشکانی لە کوردستاندا و دواتر نیشتەجێبوونیان کاریگەری کردە سەر شێوەزاری گشتی زمانی مادی (کرمانجی)، و لە سەدەکانی دواتردا بوو بە هۆکاری پەیدابوونی شێوەزاری سۆرانی.

**سێیەم:** ئەو تئورییەی ژمارەیەک لە لێکۆڵەرانی بواری زمانە کۆنەکانی ئێرانی کە پێیان وایە زمانی پەهلەویی ئەشکانی درێژەدەری زمانی پارسیی کۆن (باستان)ە،

ڕاست نییە، زمانی پەهلەویی ئەشکانی شیوەزارێکە لە شێوەزاری گشتی زمانی مادی و یان زمانی مادییە بە کاریگەرێکی کەمی زمانی ئەشکانییەوە.

**چوارەم:** نووسراوەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان پێناسەی ڕاستەقینە لە زمانی ئەشکانییەکان ناکەن، بەڵکوو پەیوەندی بە زوان و شوێنی نووسەرەکەیەوە هەیە. و ئەم نووسراوانە لەوانەیە مادی، پارسی، یونانی و یان ئارامی بن.

# بەشی هەشتەم

# نهێنییەکانی هەورامان

ئەوانەی کە هەورامانین و یان ئەوانەی کە بە جۆرێک پەیوەندیان لەگەڵ هەورامییەکان و هەوراماندا هەیە، هەست بەوە دەکەن کە هەورامان و هەورامییەکان خاوەنی مێژوویەکی کۆن و زمانێکی دێرینن. کاتێ مروڤ باسی مێژوو و زمانی هەورامان دەکات، جیهانێک لە ڕاز و ڕەمز لە بەرانبەریدا دەکرێتەوە. ئەم ڕازە هەتا ئێستا وەکوو مرواریەک لە بن زریادا هەر ماوەتەوە. لەم بەشەدا تێ دەکۆشرێت ئەم گرێکوێرەیە بکرێتەوە ونهێنییەکانی هەورامان تا ئەو جیگایە کە دەکرێ بخرێتە بەرچاو. [بێگومان لەوانەیە زۆر بەڵگە و زانیاریی تر لەسەر نهێنییەکانی هەورامان لای خەڵکی هەورامان هەر مابێت، بەو هیوایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم زانیارییانە بکەوێتە ڕوو و مێژووی گەلی کورد و خەڵکی هەورامانی پێ ڕۆشنتر ببێتەوە].

لە بەشەکانی پێشوتردا بە تایبەت لە بەشی لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەوێستایی و بەراوردکردنی لەگەڵ زوانی هەورامیدا بە بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە سەلمێندرا کە زمانی هەورامی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانی ئەوێستاییەوە هەیە. لەم بەشەشدا تێ دەکۆشرێت کە بنچینە و ڕەچەڵەکی هەورامییەکان ڕوون بکرێتەوە. پێش دەسپێکردنی باسەکە باشتر وایە کە کورتەیەک زانیاری لەسەر هەورامان بخرێتە پێش چاو بە تایبەت بۆ ئەوکەسانەی کە لەوانەیە زانیارییان لەسەر هەورامان کەم بێ و یا خۆ هەرنەبێ.

هەورامان بەگشتی ناوچەیەکی شاخاوییە کە کەوتووەتە نێوان ناوچەکانی سنە، مەریوان، هەڵەبجە، کامێران و جوانرۆ. هەورامان لە دوو بەشی گەورە پێک دێت ئەویش هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆنە. ئەم دوو بەشەش بە سەر شەش ناوچەی بچووکتردا دابەش دەبن، کە بریتین لە هەورامانی تەخت، لهۆن، دزڵی، ڕەزاو، ژاوەرۆ، گاوەرۆ.

هەر وەک باس کرا هەورامان شوێنێکی شاخاویی و زۆر عاستەمە، لە پاش ساڵەکانی ١٩٧٠ هێندی ڕێگایان بۆ گوندەکانی کیشاوە، دەنا جاران لە وەرزی زستاندا بە هاتنی یەکەمین بەفری زستانی زۆربەی ڕێگاکانی دەهاتە گرتن و دەرفەتی هاتوچوو بۆ کەس نەدەما. زستانەکانیشی- سارده و پلەی سەرماش دادەبەزی بۆ ١٠-٢٠ پلەی ژێری سفر. زۆربەی کێوەکانیشی- ڕووت و برین و لە دارستان و شینایی بێبەشن. بەڵام دوڵەکانی پڕ ئاو و گونجاون بۆ باخداری و چەندین مێوەی جۆراوجۆری وەک سێو، هەرمێ، هەنار، ترێ، بەی، شێڵانە (قەیسی-)، هەشتاڵۆ، هەنجیر و گوێز و توو و لەم ساڵانەی دواییشدا

تووەفەرنگی لێ بەرهەم دێت. بەڵام کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بۆ ئەوێ ناشێت. هەورامان بە هۆی تایبەتمەندی شوێنەکەی و شاخاوی بوونیەوە هیچ ڕێگایەکی بازرگانی بەوێدا تێ ناپەڕێ، ئەوەیش وای لێ کردووە کە وەک شوێنێکی داخراو و دابڕاو بمێنێتەوە، هەر چەند ژمارەیەکی زۆر گوندی گەورە و دێرینی هەیە کە هەر لە مێژە دەبوای ببواین بە شار بەڵام هەر لەبەر شاخاوی بوونی ناوچەکە وعاستەمبوونی ڕێگای هاتوچوون هەر وەک گوند ماونەتەوە. بە کۆرتی ناوچەی هەورامان بەپێی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەرفەتی ژیانی کەمتر و خەڵکەکەشی هەژارترن.

## لێکدانەوەیەک لەسەر تایبەتمەندیەکانی هەورامان

ئەگەر مروڤ لە کەسێکی خەڵکی هەورامان یان کەسێک کە زانیاریی لەسەر هەورامان هەیە بپرسی کە تایبەتمەندییەکانی هەورامان چین بێگومان ئەم "فاکتانەی" خوارەوەت بۆ باس دەکات:

- هەورامان ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییە.
- خەڵکی هەورامان لە کارکردندا لێهاتوو و ماندوویینەناسن.
- هەورامان ئەگەر چواردەوریشی بگیردرێت و ڕێگاکانیشی داخرێت، خەڵکەکەی دیسانەوە پێویستییەکانی خۆی دابین دەکا.
- هەورامان شوێنێکە کە لەوێ پێڵاوی دەسچن (کڵاش و گیوە) دروست دەکرێ.
- لە هەورامان لە ڕێستنی خۆری شاڵ دروست دەکەن کە دواجار لەو شاڵە جلوبەرگی پێ چێ دەکەن.
- لە هەورامان گلێم و جاجم و بەڕە و بەرماڵ (جانماز)، مەوج ، پەستەک و فەرەنجی دروست دەکرێ.
- هەورامان ناوەندی شیعر و شاعێرییە، دەیان شاعێری مەزن لە هەوراماندا ژیاون.
- زمانی هەورامی زوانێکی دێرینە بە سەدان ساڵ زمانی وێژەیی بووە.
- هەورامان شوێنی شێخان و پیرانن، ٩٩ پیر لە هەوراماندا ژیاون.
- هەتا سەدەی هەفتەمی کۆچی خەڵکی هەورامان نەهاتونەتە سەر ئایینی ئیسلام.

ئەم فاكتانە كە باس كران هەموویان هەر زانیاریی ڕاستن و كەس ناتوانی نكۆڵیان لێ بكا، بەڵام لێرە چەند پرسیارێک دێنە ئاراوە:

- دەستەواژە شێخ دیارە مەبەست كێیە (گەورەیەكی ئایینیی ئیسلامییە)، بەڵام ئەی پیر چی؟ پیر پێشەوایەكی ئایینیی زەردەشتییە، دەستەواژەی پیری مۆغان بەناوبانگە، بەڵام قسە لەوەدایە كە ئەم هەموو پیری زەردەشتییە لە ناوچەی هەورامان چییان دەكرد؟ خۆ ناوچەكانی تری كوردستان وەک لای كرماشان یان لای دیواندەرە و بۆكان زۆر بەپیت و خۆشتر بوون بۆ نیشتەجێبوون و بڵاوكردنەوەی ئایینەكەیان، ئەی بۆچی ئەمانە لەو گوندە دوور و شاخاویانە كە تەنانەت ئەسپیش بە زەحمەت بە ڕێگاكانیدا دەڕوا ماونەتەوە. ئەو ٩٩ پیری هەورامانە كە باسی لێ دەكرێ تەنیا ئەوانن كە ناوەكانیان لە كتێبەكانی ئایینی یارسان و لە كتێبە دەسنووسەكەی مێژووی هەوراماندا هاتوون كە هێ سەردەمی پاش ساسانییەكانە، بێگومان ناوی ئەوندەی تریش هەر لە بیر چوونەتەوە بە تایبەت ئەوانەی كە هی سەردەمی ئەشكانییەكان و ساسانییەكانە. پرسیارەكە ئەمەیە بۆچی ئەم پیرانە لە هەوراماندا گیرساونەتەوە؟
- لە بەشی زمانی مادیدا، بە بەڵگەی باوڕپێكراو ئەوە سەلمێندرا كە شێوەزاری هەورامی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی ئەوێستایی هەیە، یان باشتر بلێن ڕۆڵە و پاشماوەی زمانی ئەوێستاییە، ئەم هەموو شاعێری ئەوێستایی زمانە بۆ لە هەوراماندا پەیدا بوون؟
- چنینی پێلاو، وەک كلاش و گیوە، چنینی گلێم، جاجێم، بەڕە و مەوج وهەروەها دروست كردنی شاڵ و جلوبەرگ بۆچی لە گوندەكانی هەوراماندا ئاوا برەویان هەبوو؟ بۆچی لە شوێنەكانی تردا وا نەبوون؟

**وەڵامی ئەم پرسیارانە، كردنەوەی ئەو ڕازەیە كە هەورامان زیاتر لە ٢٣٠٠ ساڵە لە دڵی خۆیدا شاردویەتەوە.**

ڕاستییەكەی ئەوەیە كە هۆزی مۆگان (مۆغان)ی زەردەشتی، هەر لە سەردەمای بەر لە زەردەشتیشەوە وەك هۆزێكی ئایینی ئەركی كاروباری ئایینییان لە ئەستۆ بووە، لە پاش زەردەشت ئیتر هۆزی مۆگان دەستەڵاتێكی قایم و بەرفراوانی دینی، سیاسی و تەنانەت سەربازیشیان هێنابووە دەستی خۆیان. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مادەكان، هەخامەنشییەكان، ئەشكانییەكان و تەنانەت ساسانییەكانیش زۆر بەهێز و خاوەن دەستەڵات بوون، ئەوان لە پشت سیاسەتەكانی فەرمانڕەوایانەوە بوون. خەڵكیش بە گشتی

پاڵپشـتی مۆگەکـان بـوون. داریـوشی هەخامەنشـــی تێکۆشـا کە ماگەکـان/ (مۆگەکـان) لە دەستەڵات دوور بخاتەوە بەڵام نەیتوانی و لە دواییدا ناچار بوو پاشەکشە بکا و خۆی وەک زەردەشتییەکی دیندار پێشان بدا. بۆیە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی ئێران بە زانایی و ئازایەتی مۆغەکان و کاریگەریی هێزی ئایینیان تێ گەیشتبوون و ئەفسانەگەلی جۆراوجۆریان لەسـەر مۆغەکانی زەردەشـتی هەڵبەسـتبوو و ئەوانیـان وەکـوو کەسانێ کە هـێزێ ئاسـمانی و جادوگەریـان هەیە دەنـاسی. بەلای دوژمنەکانیـانەوە مۆغەکـان جـادوگەر بـوون، ( وشـەی magi لە سـویدی و magic لە ئینگلـیزی کە بە واتـای جـادو دێـت هەر لە وشـەی مـاگ/ موگەوە هاتووە) هەر بۆیەش کاتێ ئەسکەندەر هێرێشـی کرد سەر ئێران، زۆرترین کوشتاری لە مۆغەکان کرد و کتێبی ئەوێستایشان سوتاند.

پیاوە گەورەکانی هـۆزی ماگ (مۆغانی زەردەشتی) لە کاتی هێرەشەکەی ئەسکەندەردا لە دوو شــوێنی ســەرەکی لە ئێســتەخر(کوردی: ئەســتێر/ ئەســتێل) پــایتەختی زســتانی هەخامەنشییەکان و لە هەگمەتانا (هەمەدان) پایتەختی هاوینی جێگیر ببوون ئەوانەی کە لە باشــووردا و لە ئێســتەخردا بــوون زیــانی زۆریــان بەرکەوت و بێگومــان لە شــەڕەکاندا بەشداری چالاکیان هەبووە چونکە دین و دەستەڵاتیان لە مەترسیدا بوو. ژمارەیەکی زۆریان لە شــەڕەکاندا کــوژران و تێــاچوون، ئەوانەش کە نەکــوژران بەرەو هیندســتان هەڵاتــن. ئەوانەی کە لە هەگمەتانـا (هەمەدان) پـایتەختی هـاوینی هەخامەنشـییەکان و ناوچەکـانی دەوروبەری و لای ئاترپادەکـان نیشـتەجێبوون، زیـانی کەمتریـان بەرکەوت و دەرفەتی خـۆ حەشاردان و هەڵاتنیان هەبوو، ئەمانە بەرەو کوردستان و ناوچە شاخاویەکانی هەورامان هەڵاتن و لەوێ مانەوە. ئەمانە مۆغانێکی ئاسایی نەبوون، وەزیران و سەرکردەکان، ڕێبەرانی ئــایینی، ســەرۆک هۆزەکــان، ڕاوێژکــارانی پادشــا لەگەڵ یاســاوڵەکانیان، میرزاکانیــان و خزمەتکارانیان و هەروەها ژن و منداڵەکانیان بوون. دەکرێ بەراورد بکرێ کە کۆمەڵێکی زۆر لە نێوان بە لایکەمەوە ۲۰۰۰ بۆ ٦۰۰۰ ماڵبات (خانەوار) بوون. هاتن و نیشتەجێبوونی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگای ماد واتـا لە چینی سانان وبەگەکان و بەگزادەکان لەگەڵ ئەوانەی دی کە لەگەڵیانـدا هـاتبوون، لە پاش مـاوەیەک بـوو بە هـۆیێ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئەو کاتەی هەوراماندا.

بەڵگەکان لەسەر ئەم بۆچوونە چین لە درێژەی ئەم باسەدا ڕوون دەکرێتەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەمـووی ئەم گەورەپیاوانە لە هەورامانـدا نەمـاونەتەوە. بە دوای کزبـوون و ڕووخانی دەستەڵاتی ڕۆمییەکان بێگومان ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی هۆزی ماگ کە ئایندە و جێگایەکیـان بـۆ خۆیـان لە دەسـتگای فەرمـانڕەوایی ئەشـکانیدا دیتـووە، هەورامانیـان بەجێهیشـتووە و ڕوویـان لە شـارەکانی تـری ئێران و ناوەنـدەکانی دەسـتەڵات کـردووە. بەڵام بەشـێکی زۆریـان هەر لە هەورامانـدا مـاونەتەوە. هەر وەک دواجـاریش بە بەڵـگە نیشـان

دەدرێـت ئەو کـۆمەڵە کەسـانەش لە هـۆزی مۆگـان (مۆغەکـانی زەردەشـتی) کە بەرەو هێندسـتان ڕۆیشـتبوون دیسـانەوە لەگەڵ خزمەکـانی خۆیـان لە هەورامـان پەیوەنـدی دەگرنەوە، و ئەم پەیوەندییە لە نێوان هەورامان و هیندستان زیاتر لە دووهەزار ساڵ هەر بەردەوامی بووە هەتا ٦٠ / ٧٠ ساڵ لەمەوبەر (هەتا پێش ساڵەکانی ١٩٥٠ زایینی).

## بەڵگەکان لەسەر ئەوەی کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆغانی مادن:

١- بەهێزتـرین بەڵـگە بـۆ ئەم بـابەتە پەیوەنـدی زمـانی ئەوێسـتایی لەگەڵ هەورامیـدایە، لە بەشەکانی پێنج و شەشی ئەم لێکۆڵینەوەیدا بە بەڵگەی باوەڕپێکراوەوە ئەوە سەلمێندرا کە زمـانی هەورامی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی هەیە لەگەڵ زمـانی ئەوێسـتاییدا، ئەو شـتەی کە ئەمڕۆ وەک جیاوازیی نێـوان هەورامی و ئەوێسـتایی دەردەکەوێ ئەوەیە کە دەسـتەواژەکانی ئـایینی زەردەشـتی لە هەورامیـدا سڕاونەتەوە و بـاوی نەمـاوە، دەنـا چوارچێـوەی هەر دووک زمانەکە وەک یەکە و لە یەکچوونیان ڕوون و ئاشکرایە (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری بەشەکانی ٥ و٦ بکە).

٢- هەر وەک لە بەشی زوانی مادیـدا بـاسی کـرا و لە بەردەنووسـەکانی ئاشـووریدا بەرچـاو دەکەوێ، ئاشـورییەکان بە دەیـان جـار لە ناوچەکـانی هەورامـان و مەریـوانەوە هێرشـیان کـردوەتە سـەر کوردسـتان، و نـاوی زۆربەی ناوچەکانیـان تۆمـار کـردووە، بـۆ نمـوونە نـاوی گوندی ئەلمانە لە هەوراماندا وەک ئالمان و هالمان چەندین جار هاتووە، و ئەم ناوچەیە کە ئێستا هەورامانی پێ دەوترێت ئەوسا بەشێک بوو لە ناوچەی "زاموا" سەر بە پادشایەتی ئاشـووری. بە درێژایی مێژوو نە لە سـەردەمی ئاشـوورییەکان نە لە سـەردەمی مادەکان و نە لە سـەردەمی هەخامەنشـییەکاندا قەت نـاوی هەورامـان و هەورامی نەهـاتووە. د. م. ئەمیـنی هەورامـانی کە خـۆی خەڵـکی هەورامـانە، زۆر بە دوای مـێژوو و زمـانی هەورامیـدا گەڕاوە و لێکۆڵینەویەکی زۆری کردووە، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی مێژووی هەورامان بەو ئەنجامە گەیشـتووە کە نـاوی هەورامـان دەبێ هەر لە سـەردەمی ئەشـکانییەکاندا سـەری هەڵـدابێ. ئەمە ئەوە دەگەینێ کە هەتا پێش لە کۆچی مۆغانی زەردەشتی بۆ ئەوێ، ئەم ناوچەیە ناوی هەورامان نەبووە تەنانەت لە سەردەمی سلوکییەکانیشدا هەر ناوی هەورامان نەبووە، تەنیا لە سـەردەمی ئەشکانییەکاندا کە ژمارەی دانیشـتووانەکەی زۆرتـر بـووە و خۆیانیـان ئاشـکرا کردووە، ناوچەکەیان بە ناوی هەورامان ناوبانگی دەرکردووە.

٣- واتای وشەی هەورامان: لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە کە زۆربەیان هیچ بنەمـایەکی ڕاسـت و زانسـتیانەی نیـیە، بـێجگە لە یەکێ لەم بۆچوونـانە نەبێ کە جێگـای

تێرامانە، بەپێی ئەم بۆچوونە هەورامان لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەم جۆرە "هەورا- مان" بڕگەی یەکەم "هەورا" واتای ئاهورا دەدات، و بڕگەی دووەم "مان" کە لە کوردیدا واتای جێگا و شوێن دەدات، بۆ نموونە "خانومان" کە خانو هەمان خانویە و مان واتای جێگا دەدات، "نیشتمان" کە واتای شوێنی نیشتەجێبوون دەدا. کە وا بوو" هەورا- مان" پێکەوە واتای شوێنی ئاهورا، یان سەرزمینی ئاهورا دەدات. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەمەیە بۆچی سەرزمینی ئاهورا؟ لە کوێدا لە کام " گاسای" ئەوێستادا وتراوە کە ئەهورامەزدا سەرزمینی هەیە ئەویش لە هەوراماندایە. بۆیە ئەم بۆچوونە هەر چەند لە باری وشەناسییەوە دەکرێ جێگای پەژراندن بێ بەڵام لەگەڵ ڕاستییەکاندا نایەتەوە.

**ئەوەی کە لە ڕاستییەوە نزیکترە دەبێ وشەی هەورامان لە وشەی " ئاریامەن/ ئاریامان (Aryaman)"[36]وە هاتبی. ئاریامەن وشەیەکی مادی و لە هەمان کاتدا ئەوێستاییە واتای کۆمەڵێک خەڵکی دیندار و یان پێشەوایانی ئایینی دەدا، (بڕوانە مێژووی ماد.دیاکۆنوف وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل. پ. ٢٣٤). گۆڕینی دەنگی "ئا " بۆ "ها " لە کوردیدا زۆر ئاساییە، وەک ئەور (هەور)، ئاسان (هاسان)، ئەرد(هەرد)، ئورمز (هورمز) لەلایەکی تریشەوە ئەو مۆغانەی زەڕدەشتی کە هاتونەتە ئەوێ کۆمەڵێک خەڵکی دیندار بوون و شتێکی ئاساییە کە وەک ئاریامەن / ئاریامان ناویان دەرکردەبێ و دواتر وشەکە گۆردرابێ بۆ هەورامان.**

وشەی ئاریامەن لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی بابا سەرهەنگی دەودانی ( لە نێوان ساڵانی ٩٣٥- ١٠٠٧ زایینی)[37]دا بە هەمان واتای کەس یان کەسانی ئایینی هاتووە.

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

ئەزکەناممەن سەرهەنگ دەودان

چنی ئێرمانان مەگێلم نە هەردان

مکۆشم پەرێ ئایین کوردان

واتاکەی:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

[36] Airyaman: name of a Yazad; a prayer, Y54; a serviter; community (Kanga)
هەروەها یادداشتهای گاتها، ئیبراهیمی پورداوود، تاران ١٣٨١، ل.پ.٢٧٣

[37] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م خزنەدار ل.پ ٢٣٥

من کە ناومە سەرهەنگ دەودان

وەکوو کۆمەڵی دینداران دەگەڕم لە شاخ و هەردان

تێدەکۆشم بۆ ئایینی کوردان

٤- لە کتێبی مێژوو هەورامانی د. م. ئەمینی هەورامانی باسێکی تێدایە کە ڕاستی ئەم بۆچوونە لەسەر ناوی هەورامان پشتڕاست دەکاتەوە. لە ل.پ. ٦٠٦ی ئەم کتێبەدا هاتووە:

هیندێ کەس لایان وایە کە هەورامان ناوێکی دیکەی هەبووە، بەڵام کاتێ کە ئەسکەندەر دەیگرێ و دەیکا بە زیندان، خەڵکەکەی دوور دەکەونەوە و هەڵدین و تێکەڵ بە خەڵکی دیکە نابن، بۆیە ناوی "هۆریامان"یان لێ ناوە. " ئێمەش (واتا د. م..ئەمین هەورامانی) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین. دیسان لە هەمان ل.پ دا دەنووسێ: پەندێک یان واتایەکی باو هەیە لە ناو هەورامییەکاندا کە دەوترێ " ساچی زیندان و ئەسکەندەریا" واتا (مەگەر زیندانی ئەسکەندەرە) = (نووسەر).

جیاواز لەوەی کە ئایا ئەم پەند و گێڕانەوانە ڕاستن یان نا، بەڵام یەک شت نیشان دەدەن ئەویش ئەوەیە کە باسی زۆر و زەبری ئەسکەندەر و زیندانی ئەسکەندەر لە بیرەوەرییەکان و لە مێژووی هەورامییەکاندا هەر ماوەتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە هەورامییەکان هەر هەمان نەوەی مۆغانی زەردەشتین کە لە لایەن ئەسکەندەرەوە زۆرترین زیانیان پێگەیشتبوو.

دیسانەوە لە هەمان ل.پ.دا دەنووسی: کاتێ کە دەربارەی ئەم پەندە دەپرسرێ ( واتا لە بارەی زێندانی ئەسکەندەرەوە)، دەوترێ کە کاتی خۆی ئەسکەندەر زۆر هەوڵی داوە کە هەورامان بگرێ، بەڵام نەیتوانیوە جا بۆ ئەوەی کە خەڵکەکەی بهێنێتە ژێر فەرمانی خۆیەوە، زیندانێک بۆ هەورامییەکان لەسەر سنووری ئێستای **عێراق لە نزێکی زاخۆ دروست دەکا،** هەر هەورامییەکیان لە دەرەوەی هەورامان بگرتبای یەکسەرە بۆ ئەم زیندانەی ئەسکەندەریان دەبرد و بەریان نەدەدا هەتا مردن. ئەم زیندانە دواجار ناوی بوو بە زیندانی " ئەورامان".

**تێبینی:** ١- زانیارییەکی باش لەسەر شەڕەکانی ئەسکەندەر هەیە، هێچ شەڕێکی ئەسکەندەر لە هەوراماندا نەبووە و نەقەوماوە. ٢- ناوچەی هەورامانیش هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکەی خۆدی د. م. ئەمین. هەورامانی لەو سەردەمەدا هەر ناوی هەورامان نەبووە. ٣- لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی هەورامان زۆر کەمتر لە ئێستا بووە، هێزێکی سەربازی وایشی نەبووە کە بتوانی بەرەنگاری ئەسکەندەر بکات.٤- هیچ هۆکارێکی تایبەتی بۆ

دۆژمنایەتی ئەسکەندەر لەگەڵ خەڵکی هەوراماندا نەبووە. ٥- ئەگەر ئەو زیندانە تایبەت بوای بۆ خەڵکی هەورامان دەبوای ناوی "زیندانی هەورامییەکان/ ئەورامانیەکان" بوای نەک زیندانی ئەورامان (ئەویش لای زاخۆ). ٦- بیگومان ئەو پەند و وتەیە لە ڕاستییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، زێندانی ئەسکەندەر هەبووە ناوەکەشی هەر" ئەورامان / ئێرەمان/ ئاریامان" بووە کە مەبەستی کۆمەڵە پیاوانی ئایینی بووە، واتا لە هەر کوێ مۆغێکی زەڕدەشتیان لە هۆزی "مۆگان" دیوە گرتوویانە و لە زێندانیان کردووە، بە واتایەکی تر هەرکەسی کە پەیوەندی بە **"ئاریامان "( کۆمەڵی دینداران) وە** بووایای دەیانگرت، نەک هەر کەسێ کە خەڵکی هەورامان بوایای. بۆیە ئەوانەیان کە گرتبوون و لە زیندانیان هاویشتبوون هەرخزم و کەس وکاری ئەوانە بوون کە لە ترسی ئەسکەندەر خۆیان لە هەوراماندا حەشار دابوون. ئەوانەش کە هاتبوون بۆ هەورامان تەنیا چەند پیاوێکی ئایینی نەبوون بەڵکوو بەشێکی زۆر لە گەورەپیاوانی فەرمانڕەوایی لە هۆزی گەورەی ماگەکان بە ماڵ و منداڵ و خزمەتکاران و پاسەوانەکانیانەوە بوون.

ئەم ناوەی "ئێرەمان/ ئەورامان/ هەورامان"ە دواجار لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا لە لایەن دانیشتووانی رەسەنی ناوچەکە و جیرانەکانیانەوە پێیانەوە نراوە نەک لە لایەن خۆیانەوە. واتا خەڵکانی تر بەم ناوچەیان وتووە ناوچەی "ئێرەمان/ ئەورامان/ هەورامان" بە مانای ناوچەی تاقمی دینداران، و ئەم ناوەش لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی ئەوسای هەوراماندا یەک دەگرێتەوە.

٥- گۆڕانی باری ناوچەکە لە دوای هاتنی ماگەکان ( مۆغانی زەڕدەشتی) بۆ هەورامان:

کاتێ بەگەکانی هۆزی ماگ هاتوونەتە ناوچەکە، دیارە گەورەپیاوەکانیان تا ئەو جیگا بۆیان لـواوە دەوڵەت (ثـروت) و سامانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و بە کڕینی گوند و باخان توانیویانە ژیانێکی تا ئەندازیەک باش بۆ خۆیان دابین بکەن و خزمەتکاران و یاساوڵەکان و پیاوانی ژێردەستیان کاریان بۆ بکەن و لە بەرهەمی ڕەنجی ئەواندا بژین. بەڵام لە دوای چەند سەدەیەک بە فراوان بوونی ژمارەی بنەماڵەی ژێردەستەکان ئیتر پێویستیان بەو هەموو کارەکەرو خزمەتکارە نەبوو، بۆیە ئەو توێژە لە خزمەتکاران و منداڵانیان کە هیچ دەرفەتێکی ژیانیان بۆ نەمابووەوە ناچار بوون دەست بدەن بە چنینی پێڵاو (کلاش و گیوە)، دروستکردنی بەڕە و پەستەک و فەرەنجی و چنینی مەۆج و جاجیم و شاڵ هەروەها درونی "ڕانک و چوخە". ئەمە وای کرد کە وردە وردە چینێکی پیشەوەری[38] هەژار لە هەوراماندا

---

[38] د.محەمەد ئەمین هەورامی لە کتێبی مێژووی هەوراماندا لە ل.پ. ١٠٧٨، لەسەر پیشەسازی لە هەوراماندا ئاوای نووسیوە " لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی هەوراماندا هێندێ پێشەسازی دەستی هەر باوە، کە وەک ئاسنگەری، دارتاشی، چەخماخچیەتی، وەستای بەنایی، تەونگەریی، جۆلایی، خومچیەتی، قەزازیەتی، خەیاتی، پینەدۆزیی، کڵاشکەریی، هلاجی،سەنگتاش، دەباخی، مسگەری، ناڵبەندی، خەڕاتی، و شچنیی.

پێک بێت، کە بەرهەمی دەستی خۆیان بە کۆڵەوە دەگرت و ناوچە بە ناوچە و گوند بە گوند دەگەڕان و لەگەڵ دانەوێڵە و خۆری (هری، کۆڵکە بۆ چنینی کڵاش و شاڵ) دەیانگۆڕییەوە. و ئەم دیاردەیە هەتا ئەم ساڵانەی دوایی هەتا پێش لە کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی ( دەوروبەری ١٩٧٠ زایینی) لە کوردستاندا هەر ڕەواجی بوو و بەرچاو دەکەوت.

لەلایەکی تریشەوە لە بنەماڵەی ئەو مۆغانەی کە خۆێندەواریان هەبوو، چینێکی ڕۆشنبیری ئایینی لە هەورامانـدا هاتە ئاراوە، کە بە ناوی پیرانی هەورامان ناوبانگیان دەرکردبوو و ئێستاش ناوبانگیان هەر ماوە.

ئەمە ڕوون و ئاشکرایە کە لە سەدەکانی پێشودا، بە تایبەت لەو سەردەمەدا خۆێندن و نووسین کاری خەڵکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو هۆنەرێک بوو کە لە چوارچێوەی کۆشکی پادشا و میراندا دەمایەوە، هەر بۆیەش لە کوردیدا بە خۆێندەواریان ئەوت میرزا واتا "میرزادە". دەڵێن لە سەردەمی ساسانییەکاندا کاتێ کە "ئەنۆشێرەوان" لەگەڵ ڕۆمییەکاندا لە شەڕدا بوو ، پێویستی بە پارە بوو، بۆیە بەپێی ڕاوێژی یەکێک لە موبدەکان بڕیاری دا لە بازرگانانی ناوچەکە وام (قەرز) وەرگرن. بازرگانێک ئامادە بوو هەموو ئەو پارەیە کە شا پێویستیەتی بیداتی بە مەرجێک کە پادشا دەرفەت بدا بە کوڕەکەی کە بچێتە فێرگە (خوێندنگە) و فێری خوێندن بێت. ئەنۆشێرەوان کە ئەمەی بیست زۆر توورە بوو و فەرمانی دا کە زێڕ و زێوەکەی پێ بدنەوە و پێویست ناکا کوڕەکەی بێتە فێرگە و بخوێنێ و دواجار ببێت بە دبیر (میرزا). فێردەوسی ئەم ڕووداوەی لە یەکێک لە هەڵبستەکانی خۆیدا نووسیوەتەوە[39].

لە هەورامانـدا خۆ هیچ شارێک نەبوو، پادشایەک نەبوو، کۆشک و سەرایەک نەبوو، نزیکترین شارەکان بە هەورامانەوە بریتی بوون لە دینەوەر و هەمەدان و کەرکوک. ئەو نووسەرانە و پیرانەی هەورامان کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە نووسین و لە شیعردا کەس نەبوون بێجگە لە مۆغانی زەردەشتی نەبێ کە میرزا و نووسەر وراوێژکاری گەورەترین پادشایەتیەکانی ئەو سەردەمەی گیتی بوون. و لە کۆشک و سەرای پادشایەتیدا فێری خوێندن و نووسین ببوون.

---

[39] بدو گفت شاه ای خردمند مرد ۰۰۰۰۰چرا دیو چشم تو را خیره کرد
برو همچنان بازگردان شتر ۰۰۰۰۰۰۰۰ مبادا کز او سیم خواهیم و در
چو بازرگان بچه گردد دبیر۰۰۰۰۰۰۰۰۰ هنرمند و بادانش و یادگیر
چو فرزند ما برنشیند به تخت ۰۰۰۰۰۰۰۰ دبیری ببایدش پیروز بخت
هنر یابد از مرد موزه فروش ۰۰۰۰۰۰۰۰ سپارد بدو چشم بینا و گوش
بما بر پس مرگ و نفرین بود ۰۰۰۰۰۰۰ چه آیین این روزگار این بود

٦- ئەم ڕەوشە کە لە سەرەوە باسی لێ کرا، بارێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی دا بوو بە هەورامان. بێجگە لە چینەکانی سەرەکی کۆمەڵگە وەک دەرەبەگەکان و خزمەتکاران (ئەو وەرزێرانە کە لە باخەکاندا بێ مزد کاریان دەکرد)، یان سەردەستان و ژێردەستان، دوو توێژی دیکەش هاتنە ئاراوە ئەویش توێژی ڕۆشنبیرانی ئایینی و ئەوی دیکەش توێژی پیشەوەرانی هەژار بوو. بەپێی ئەو زانیارییانە کە لە کتێبی ئایینیی یارسانەکان و هەروەها کتێبی مێژووی کۆنی هەورامان دەردەکەوێ، ناوی ٩٩ پیری هەورامی هەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا بە شوێنی یەکدا بە ڕوونی هاتوون.

٧- ئەو نووسەرە (میرزا)یە کە پەیماننامەکانی (قەباڵەکانی) هەورامانی لە سەردەمی ئەشکانیدا نووسیووە، بێگومان کەس نییە بێجگە لە نەوەکانی مۆگانی زەردەشتی (پیرانی هەورامی) نەبێ. چونکە خوێندەوارێکی ئاوا شارەزا و بەتوانا بە هیچ جۆرێک لە گوندە پەرت و شاخاوییەکانی کوردستاندا نەیدەتوانی ببێ. لە پاش تێکشکانی دەستەڵاتداری ڕۆمییەکان و هاتنە سەر کاری فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان، بێگومان دەرفەت پەیدا بوو و ژمارەیەک لە مۆغانی زەردەشتی (پیرانی هەورامی) ناوچەکەیان بەجێهیشتووە وبۆ پەرەپێدانی ئایینی زەردەشتی و بە هێوای ژیانێکی باشتر بەرەو شارە گەورەکان ڕۆیشتووەن، ئەو کەسەی کە لە قەباڵەکاندا ناوی هاتووە و نیوەی باخەکەی دەفرۆشێت بیگومان مۆغێکی زەردەشتی بووە کە ناوچەکەی بەجێ هێشتووە. (هەر وەک پێشتر باسی کرا جوتیاری ئاسایی لەو سەردەمەدا مافی خاوەنداریەتی زەوی و باخی نەبوو)، و ئەو کەسەش کە پارەی هەبوو و دەیتوانی پارچە زەوییەک بکڕێ کەس نەبوو بێجگە لە سوارەیەکی ئەشکانی نەبێ.

٨- زیاتر لە شەش سەدە لە پاش نووسینەوەی " قەباڵەکانی هەورامان "جارێکی تر نەوەکانی ئەم توێژە ڕوشنبیرە ( مۆغانی زەردەشتی) بە دەنگێکی زەلاڵ و بە ڕواڵەتێکی ئایینیەوە خۆی دەنوێنی. لە دەوروبەری ساڵی ١٨ کۆچیدا پێنج هەزار کەس لە سپای عەرب بە سەرکردایەتی عەبدوللای کوڕی عومەر، و ئەبو عوبیدەی ئەنساری بەرەو ناوچەکانی شارەزور و هەورامان هێرش دینێن، کوردەکان بەرەنگاریان دەبنەوە، لە ڕۆژی یەکەمدا سپای کوردان سەردەکەون و ئەبو عوبیدە دەکوژرێت، بەڵام لە شەڕەکانی تردا هێزی کوردان دەشکێ و عەربەکان سەردەکەون، لەم شەڕەدا هێزی موسلمانەکان کێو و دەشت لە خۆینی کوردان سوور دەکەن، گوندەکان و هورمزگەکان (معابد) دەڕووخێنن و ژن و منداڵەکانیش بە دیلی دەبن، بڕوانە بۆ (تاریخ مردوخ ص. ١٢٢) لە نووسینی ئایەتوڵا موحەمەدی مەردوخ. دیارە ئەوانەش کە دەمێنێنەوە تەوەلا (ئاوارە) دەبن. گۆیا گۆڕی ئەبوعوبیدە لە شارەزور هەر ماوەتەوە (سەیریش لەوەدایە کە خەڵکی ناوچەکە دەچن بۆ تەوافی!). دیسانەوە سپایەکی تر لە عەرەب بە سەرکردایەتی عەبدوڵلای کوڕی عومەر هێرشیان بردە

سەر ناوچەی "پاوە" لەوێش کۆمکوژییان (قتل عام) کرد و ژن و منداڵە کانیان بە دیلی برد. بڕوانە بۆ(تاریخ مردوخ ص. ١٢٣) لە نووسینی ئایەتوڵا موحەمەدی مەردوخ.

یەکێ لە مۆغـانی زەڕدەشـتی (پـیرێکی هەورامی ) کە بەداخەوە هیشـتا هەر نەنـاسراوەتەوە و نازانـدریت کە نـاوی چیـیە، ئەم ڕووداوانەی لە هەڵبەسـتێکدا بە جـوانترین شـێوە وێنـا کـردووە. ئەم هەڵبەسـتە کە بە خەتی پەهـلەوی و لەسـەر پێسـت نـووسراوە لە یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە. دەقی هەڵبەستەکە ئاوایە[40]:

| | |
|---|---|
| هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان | وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان |
| زۆرکار ئەرب کردنە خاپوور | گۆنای پاڵە هەتا شارەزور |
| ژن و کەنیکان و دیل بشینا | مێرد ئازا تلی ژ روی هۆینا |
| ڕەوشت زەڕدەشترە مانەوە بێدەس | بزێکا نیکا هورمز و هیچ کەس |

واتاکەی:

هورمزگان: لە وشـەی " ئـاهورامز- گە" هـاتووە، کە بە واتـای شـوێن/ جێگای ئـاهورا دێت، ئەم وشـەیە پاشـان بـوو بە " هـورمز- گە" هەر بە هەمان واتا. لە پاش  هاتنی ئیسلام  وردە وردە وشـەی "ئاهورا"یان لابرد و بوو بە " مزگە / مزگت / مزگفت/ مزگەوت" کە ئێستاش بە هەمـوو ئەم شـێوازانە هەر لە کوردیدا گۆ دەکرێ. ئەم وشـەیە دواجـار چـووە نێـو زمـانی عەرەبـیەوە و بـوو بە "مسـجد"، کە لەم وشـەیە کـار (فعل)یـان دروسـت کـرد و وشـەکانی سجدە و سجادەیان لێ دارشتووە.

ڕمان: بە واتای ڕووخاندن، خراپ کردن (وشەیەکی کوردییە).

ئاتران: واتای ئاگران، ئاوران، ئاور، ئاگر (وشەیەکی کۆنی هەورامی و هەروەها ئەوێستاییە).

وێشان: خۆیان (جێناوێکی ئاسایی هەورامییە، لە ئەوێستاییدا "هۆێشان"ە).

زۆرکار: واتای زاڵم ، زۆردار، خوێنمژ دەدا ( وشەیەکی ئاسایی کوردییە).

---

[40] تاریخ مردوخ، آیته‌الله محمد مردوخ کردستانی، ص. ٥٠

گۆنای پاڵە: واتا گوندی "پاڵە"، ( لە دێ پاڵەوە)، لەوانەیە مەبەستی پاڵنگان بووبێت کە ئێستاش گوندێکە لە هەورامان.

شارەزوور: ناوچەی شارەزوور  لای گەرمیان، باشووری کەرکوک.

گەورە گەورەکان: مەبەستی پادشایە، یزدگرد دواییەمین پادشای ساسانی کە شەڕی بەجێ هیشت و بەرەو خۆراسان هەڵات.

ژن و کەنیکان: بە واتای  "ژن و کچەکان" وشەیەکی ئاسایی هەورامییە. لە فەرهەنگی ئەوێستای (ابراهیم پورداود)دا وشەی ژن وەک "جنی /جانی"[41] هاتووە. هەر ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی تردا وەک "جێنایا"[42] هاتووە. ئەم جیاوازیانە لە نووسینی وشەی "ژن"دا لەوەدەچی بە هۆی نەبوونی پێتی "ژ"ێ بێت لەو سەردەمەدا. چونکە وشەی "ژی" ڕەگی چاوگی ژیان، "ژێ"کەوان و هەروەها ژی/ ژەک (شیری ئاژەڵ لە پاش زایینی) لە ئەوێستادا وەک "جویا/ جیویا" هاتوون. وشەی "کەنی"کە لە ئەوێستادا وەک "کەنیا"[43] هاتووە. "کەنی و کنا"[44] وشەی ئاسایی کوردین لە شێوەزاری هەورامی و هەروەها لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا.

دیلی: وشەیەکی پەتی کوردییە، بە واتای دیل، بەندی

بشینا: بران، چوون، نێردران ( وشەیەکی کوردییە لە شێوەزارەکانی هەورامی و کرمانجیدا)

مێرد: پیاو، مێر (وشەیەکی ئاسایی کوردییە).

تلی: بە واتای تلی خواردەوە، گەوزا، گلا (بە فارسی، غلتید).

ژ روی: لە ڕووی، لە ناو

هوێنا: وشەیەکی پەتی هەورامییە بە واتای خوێنا/ خۆێندا، لە ئەوێستاشدا هەر وەک هۆنی هاتووە.

ڕەوشت: ڕیباز ( وشەیەکی پەتی کوردییە).

---

41 (پورداود ل.پ. ٢٨٩ یەسنا، هاتی ٤٦ بەندی ١٠یادداشتی ١)

42 Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02

43 kanyå [kanyâ] = 8 (plNA?) f. a virgin, a maiden (k130)

44 بڕوانە بۆ هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ساڵی ١٣٦٩ تاران، ل.پ. ٦٢٢

زەڕدەشـترە: وشـەیەکی کـۆنی کـوردییە، واتـای زەڕدەشـت دەدا. لە ئەوێسـتادا وەک "زەڕا توشترا" هاتووە.

بزیکا : لە وشەی بەزەیی هاتووە، بەزەیکا واتای بەزەییەک ( ڕەحمێک).

نیکا : ناکا.

**وەرگێرانی هەڵبەستەکە:**

| | |
|---|---|
| پەرستشگاکان رمان، ئاگرەکان کوژانەوە | خۆیان شاردەوە، گەورەی گەورەکان |
| عەرەبی زۆرکار، خاپوری کرد | لە گوندی پاڵە هەتا شارەزور |
| ژن و کچەکان بە دیلی بران | مێردی ئازا تلی (گلا) لە ڕووی خوێندا |
| ڕەوشتی زەڕدەشت مایەوە و بێدەس | بەزەییەک ناکا خودا بە هیچ کەس |

ئەم هەڵبەسـتە یەکێ لە بەڵـگە هەرە گرینگەکـانی مـێژوویی و زمـانەوانی ئێرانیـیە، بەڵام بەداخەوە، ڕۆشـنبیرانی کـورد کەمترین بابەتیـان لەسـەری نووسـیوە و ڕۆشـنبیرانی فارسـیش هەر باسی نـاکەن. ئەم هەڵبەسـتە هی کەسێ بـووە کە خـۆی گەواهی شـەڕی ئێران و سـپای ئیسـلام بـووە، شـەڕەکەی بە چـاوی خـۆی دیـوە و ڕووداوەکە بەو شـێوەیە دەگێڕێتەوە کە ڕووی داوە، هەر ئەو کاولکاریـانە کە پادشـایانی ئاشـوور و ئەسـکەندەر کردویـانە، سـپای عەرەبـیش کـردویەتی بگـرە خـراپتریش، سـپای ڕۆم بەم شـێوەیە ژن و منـداڵیان بە دیـل نەگرتبوو. لەم هەڵبەستەدا شاعێر ڕەخنە لە پادشای ئێران دەگرێ کە خۆی شاردوەتەوە، (وا دیارە یزدگرد پادشای ئێران هێشتا لە ژیاندا بووە)، و هەروەها گلە و گازندەش لە خۆدا دەکا کە بەزەیی بە کەسدا نـاییتەوە، ( لێرەدا شـاعێر نـاڵی خـۆدا بەکس بەزەیی نەکـرد، دەڵێ خـۆدا بەکەس بەزەیەک ناکـا، واتـا کـاتی نووسـینی ئەم هەڵبەسـتە لە جەرگەی شـەڕەکەدا بووە)، و نائۆمێدانە بە پەرۆشی خەڵکەکە و دینەکەیەتی. ئەم شاعێرە ئاوێنەیەکی دەقاودەق لە شـەڕەکەی لە پاش خـۆی بۆ نەوەکانی بەجـێی هێشـتووە هەتا بیخـوێننەوە و ئەزمـونی لێ وەربگرن.

## زمانی هەڵبەستەکە:

**ئەگەر شـێوەزاری ئەمـڕۆکەی هەورامی وەک شـێوازی "هەورامـیی نـوێ" نـاوی لێ بنرێت و شـێوەزاری ئەوێسـتایی وەک شـێوەزاری "هەورامیی کۆن"**

**یان شێوەزاری ئایینی مادی بناسرێت، زمانی ئەم پارچە هەڵبەستە دەکرێ وەک شـێوەزاری"ئەوێسـتایی میـانی" یـان شـێوەزاری "هەورامـی میـانی" پێناسـە بکرێت. زمـانی ئەم پـارچە هەڵبەسـتە ئەو "بـازنە ون بـوویەیە" لە نێـوان شـێوەزاری کـوردیی هەورامـی نـوێ و شـێوەزاری ئـایینی مـادی (ئەوێسـتایی). هەر لەسـەر ئەم شـێوازە واتـا "ئەوێسـتایی میانی / هەورامیی میـانی" چەنـد هەڵبەسـتێکی پیرشـاریار هەیە کە لە کتێبی"مـاریفەتو پیرشالیار" هاتووە، بۆ نموونە:**

یاران جە رێواس یاران جە رێواس

پادشام پەیدا بی جە دانەی رێواس

مەشیە و مەشیانە بەرئامان جە واس

پەری ئازمایی میردان رەواس

واتاکەی:

یاران لە ڕێواس، یاران لە ڕیواس

پادشام پەیدا بووە، لە دانەی رێواس

ئادەم و حەوا لە دەنک (رێواس) هاتوون (پەیدا بوون)

تاقی دەکرینەوە ئەو کەسانەی کە ڕوواون ( ئافریندراوەن)

**بۆچـوونی شـاعێر لەم پـارچە هەلبەسـتەدا رێـک هەمـان بۆچـوونی ئـایینی زەڕدەشـتییە لەسەر چوونیەتی ئافرینش ( پەیدا بوونی مروڤ).**

یەکێکی تر لە هەڵبەستەکانی پیرشاریار وەهایە:

وەروە وارینە، وەروە وەرینە

گۆشڵێ مەمرپۆ، دووە بەرێنە

کەرگە سیاوە، هیڵیش چەرمێنە

وریسە بڕیۆ، چوار سەرینە

**واتاکەی بەم جۆرەیە**

بەفرێ دەبارێ، بەفرەکانی تر دەخواتەوە

گۆزە کە شکا دوو سەری لێ پەیدا دەبێ

مریشکی ڕەش، هیلکەکەی سپییە

گوریس کە دەبڕێ چوار سەری لێ پەیدا دەبێ

لەم هەڵبەستەدا پیرشاریار ئۆمێد بە خەڵک دەدا، کە ڕۆژانی دژوار دوایی دێت، لە پاش ڕەشی، سپییەتی و ڕووناکی دێت، ئەگەر درگایەک بە سەرماندا داخراوە، درگاکانی تر بە ڕووماندا دەکرێنەوە.

گۆیا لە پاش هەر بەندێک لە هەڵبەستەکانی پیرشاریار ئەم دێڕەی خوارەوە دوبارە دەکرێتەوە

گۆشت جە واتەی پیر شاڵیار بۆ

هۆشت جە کیاسەتو زانای سیمیاربۆ

لێرەدا کیاسەت بە واتای ژیری و هۆشمەندی دێت.هەروەها مەبەست لە "زانای سیمیار" زەڕدەشتە، چونکە ناوبراو بە "وخسوور سیماری" ناوی دەرکردبوو.[45]

**ئەم چەند هەڵبەستەی سەرەوە، خۆی بەڵگەیەکی سەلمێنەرە بۆ ئەوێستایی بوونی زمانی هەورامی چونکە واتای هەموو وشەکانی لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا دەدۆزرێتەوە. ئەوە نابی لە بیر بچیتەوە کە شێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێستایی/ هەورامی) وەک زمانێکی پیرۆزی ئایینی تەنیا بۆ کارو باری ئایینی و بابەتەکانی ئایینی بە کار هاتووە، هیچ پەیماننامەیەک، بەردەنووسێک (کتیبە) و یان بابەتی تر بەم شێوەزارە نەنووسراوەتەوە. پارچە هەڵبەستی "هورمزگان" یەکەمین نووسراوەیەکە لەم شێوەزارە کە بابەتەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەوێستاوە نییە.**

٩- لە دوای شەڕی گۆگامل لە نێوان سپای ئێران و ڕۆم کە بە شەڕی ئەربیلا (هەولێر) بەناوبانگە و سپای ئێران تووشی شکست هات، ئەسکەندەر ڕووی لە بابل کرد و لە دوای داگیرکردنی بابل و شوش ئەمجا بەرەو تەختی جەمشید پایتەختی زستانی هەخامەنشییەکان

---

[45] مەردۆخ بە پشت بەستن بە کتێبی (دبستان مذاهب)ی ئەحمەد کوڕی ئەبووبەکر، دەڵی مەبەست لە زانای سیمیار زەڕدەشتە (کتێبی یارسان، ئەیوب ڕۆستەم ل.پ.٦٠).

ڕۆیشت و ئەوێشـی داگیر کرد و کتێبی پیرۆزی ئێرانییەکانیان واتا ئەوێستاشی سوتاند. هەر وەک پێشـتر وتـرا زۆرێـک لە موغـانی زەردەشـتی کـوژران و ئەوانەش کە مـانەوە بەرەو هێندستان هەڵاتن. لە پاشان سپاکەی ئەسکەندەر ڕووی لە ماد کرد. ئەو دەستە لە موغانی زەردەشـتی کە لە شـارەکان و ناوچەکانی مـاددا بـوون وەک ئەوانەی هەمەدان و کەنگاوەر و دیـنەوەر و ئەوانەی نـاوچەی "مـاد- ڕاغە (مەراغە)" زیـانی کەمتریـان بەرکەوت و دەرفەتی ئەوەیـان هەبـوو کە لە شـوێنە شـاخاوییەکانی کوردسـتان خۆیـان حەشـاردەن. و هەر وەک باس کرا بەشێکی زۆریان لە هەورامان نیشتەجێبوون. ئەوانەی لە هۆزی ماگ (مۆغان) کە پەرتەوازەی هێندستان ببوون دواجار لەگەڵ خزمەکانی خۆیان لە هەوراماندا پەیوەندییان گرتـووەتەوە و هەتـا سـاڵەکانی ١٩٥٠ زاییـنی بێ پسـانەوە و بەردەوام هـاتووچووی یەکتریـان کـردووە. پیرەمـێردانی هەورامی دەگێڕێـنەوە کە هەتـا ٦٠-٧٠ سـاڵ لەمەوبەر شـێخەکانی هەورامـان بـۆ ئێرشـاد (ارشـاد) دەچـوون بـۆ هیندسـتان! و خەڵکیش لە هیندسـتانەوە بە بەردەوامی سەردانی هەورامانیان کردووە! ئەم هاتنوچوونە لە ڕاستیدا بۆ ئێرشاد و زیارەت نەبوو، دەنا ئەی بۆچی بۆ کرماشان و لوڕستان و ئەسفەهان نەدەچوون! ڕۆیشتنی شێخان بـۆ هێندسـتان و هـاتنی خەڵکی ئەوێ بـۆ هەورامـان درێـژەدەری ئەو نەریـتە بـووە کە بـاب و باپیرانیان بە هەزاران ساڵ هاتووچووی یەکتریان کردووە و سەری خزمەکانی خۆیانیان داوە.

لە کتێـبە دەستنووسـەکەی مـێژووی کـۆنی هەورامانـدا هـاتووە کە یەکێ لە هۆزەکـانی دانیشـتووی هەورامـان هـۆزی "هینـدیان"ە کە لە بنەڕەتـدا لە هێنـدەوە هـاتوون، و هەر لە کۆنەوە پزیشک بوون[46]. هەروەها د. م. ئەمین هەورامانی بۆ خۆی لە هەورامانی تەخت، چاوی بە یەکێ لە بنەماڵەی هـۆزی هەنوان (دیارە ئەم وشـەیە لە بنەڕەتدا هێندوان بـووە) کەوتـووە کە دەڵێ لە بنەڕەتـدا هێنـدی بـوون و لە سـاڵانی ٢١١ کۆچیـدا هـاتونەتە هەورامان[47].

دیسـان لە کتێـبە دەستنووسـەکەی مـێژووی هەورامانـدا هـاتووە کە یەکێ لە پیرەکـانی هەورامان ناوی " شالیار سیاوە/ شاریار سیاوە" بووە کە لە شازادەکانی هیندستان بووە[48].

لە کتێبی "سەرەنجام" کە کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە ناوی ژمارەیەکی زۆر لە پیرانی یارسانی هاتووە [یارسانی لە ڕاستیدا هەمان ئایینی زەردەشتییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئایینی

---

[46] مێژووی هەورامان لە نووسینی موحەمەدئەمین هەورامانی ل.پ.٦٢٣

[47] مێژووی هەورامان لە نووسینی موحەمەدئەمین هەورامانی ل.پ.٦٢٣-٦٢٤

[48] مێژووی هەورامان لە نووسینی موحەمەدئەمین هەورامانی ل.پ.٦٤٤

ئیسـلامەوە]. کە وا دیـارە دوو کەس لەوانە لە هێندسـتانەوە هـاتوون وەک **پـیر فەیـرۆزی هێندی و پیر رەحمەتی بەمبەیی**[49].

ئەمـانە هەمـووی بەڵـگەن بـۆ ئەوەی کە ئەم پـیرانە و ئەم هـۆزانە هێنـدی نـین وهێنـدیش نەبـووەن، بەڵکـوو ئەمـانە هەمـان پاشـماوەکانی هـۆزی "مـاگ/ مـۆگ"ن کە پەرتەوازەی هیندسـتان بـووەن و دواجـار گەڕاونەتەوە بـۆ سـەردانی خزمەکـانی خۆیـان لە هەورامـان وهەرلەوێش نیشـتەجێبووەن. دەنا کابرایەکی خەڵکی هێندستان بۆچی دێت بۆ هەورامان، چۆن ناوی هەورامانی بیستووە؟

## ١٠- کتێبی مێژووی کۆنی هەورامان:

کتێـبی مـێژووی کـۆنی هەورامـان کتێبـێکی دەستنووسـە، کە کەس نـازانێ کەی و لە لایەن کێیەوە نووسراوە. ئەم کتێبە بە درێژایی ساڵان لێ زیاد کراوە و هەروەها لێشـی بڕاوە. زانایانی بەناوبانــگ وەک مەکەنــزی، و ئەدمۆنــدس[50] بــاسی ئەم کتێبەیــان کــردووە، ئــایەتۆڵلا مۆحەمەدی مەردۆخ لە کتێبی "تاریخ مردوخ"دا، وەک یەکێ لە سەرچاوەکان ناوی هێناوە و نووسەرەکەشی وەک (ملا شریف قاضی) ناو بردووە.

د. م. ئەمـین هەورامـانی نووسـەری کتێبی مێژووی هەورامان، لە پاش مانـدوبوونێکی زۆر و گەڕانی شار بەشار و گوند بەگوند و ماڵ بەماڵ توانیویەتی چەند ڕوونووسێک وە دەست بخـــات و لە دوای لەبەریەکـــدان و بەراوردکردنیـــان لەگەڵ یەکـــتردا پـــۆختەیەک لەم دەستنووسانەی لە کتێبی مێژووی هەورامانـدا بڵاو کـردوەتەوە. ئەوەی کە جێگای داخە و "د. م. ئەمـین هەورامـانی"شی زۆر ڕەنجانـدووە، ئەوەیە کە لە گشـت ئەم دەستنووسـانەدا، بەشـەکانی یەکەم، دووەم و سـێیەمی لێ بـڕاوە و دیـاری نیـیە، و تەنیـا لە بەشی چـوارەمەوە دەست پێ دەکا.

ئەوەی کە جێگای سەرسـوڕمانە، ئەمەیە کە زۆربەی ئەو بۆچوونـانە لەسـەر هەورامـان کە لـێرە لەم کتێـبەدا لە ڕێگای لێکـدانەوە و شـیکارییەوە بـاسی لێ کـرا، نـاوەڕۆکی ئەم کتێـبە دەستنووسە هەمووی پشتڕاست دەکاتەوە.

---

[49] کتێبی یارسان لە نووسینی ئەیۆب روستەم ل.پ.٧٥

[50] ئەدمۆنددس لە بەرهەمی کورد و تورک و عەرەبدا ناوی مێژووی هەورامانی هێناوە.( مێژووی هەورامان، مەحمەدئەمین هەورامانی ل.پ.٦٠٢).

**ئەمانەی خوارەوەش هێندێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەم دەستنووسەیە کە لە کتێبی مێژووی هەورامان لە نووسینی "د. م.  ئەمین هەورامانی"دا هاتووە:**

- لە ل.پ. ٥٧٢دا، لە یەکێ لە دەستنووسەکان لەسەر " نەژادی خانەوادەی هەورامان و باب و باپیرانیانەوە" ئاوا هاتووە:

" بەهمەن" کوڕی "دارا" و کوڕی "بەهمەن" و کوڕی ئەسفەندیار، و کوڕی گوشتاسپ و کوڕی "لهراسپ" و جێگری " کەیخەسرەو شای زیندە" و کوڕی "سیاوەش" و کوڕی "کەیکاوس" و کوڕی "مەرجهاد" و کوڕەزای "مەنوچێهر" و کوڕی "سیامەک" و کوڕی "کەیومەرس".

- لە ل.پ. ٥٧٩دا، بەرهەمە دەستنووسەکەی خەسرەوخان، (کە لە بەشی چوارەوە دەستپێدەکا):

بەشی چووارەم، باسی **٩٩ پیری هەورامانی** تیدایە و ناوی هێندێکیان، و جێگایان و هێندێ کردەوەی ئەفسانەیان.

بەشی پینجەم: بریتییە لە ناوی هۆزە بەگەکانی هەورامان، نەوەیان، ڕەچەڵەکیان وەچەیان، جۆری حوکمیان.

- لە ل.پ.٥٨١دا، لە ڕوونووسی کەسێک بە ناوی "شین"، (کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکا):

بابی چوارەم، کورتەیەکە لە بارەی هەورامانەوە، بارودۆخی ناوچەکە و لایەنی جوگرافیایی و پیرانی هەورامان و کارو کردەویان و جۆری دەوروبەری ناوچەکە کە کاتی خۆی **"هەشارگەیەک بووە بۆ ئەو خواپەرستانە"**، هەروەها لە بارەی دڵاوەری و ئازایەتی خەڵکەکەوە دەدوێ. پاشان لەسەر هۆزەکان و بنەڕەتیان و ڕەگەزیان و لە کوێوە بۆ ناوچەکانی هەورامان هاتوون. پاشان دەگاتە سەر**٩٩ پیری هەورامان** و ناوی هەندێکیان دەهێنێ و ناوی جێگای گۆڕکردنیان.

بێجگە لەوانەی سەرەوە، ناوی **سانەکان و باپیرە گەورەیان، نەوەکانی بەهمەن (باپیرە گەورەی هەورامییەکان)، دامەزراندنی سانیەتی و پاشان دابەش کردنی حوکم بۆ سانیەتی و بەگێەتی.**

[ سان وشەیەکی کۆنی کوردییە کە واتای "میر/ شا" دەدات، لە ساڵی ٧١٢ پ.ز سارگۆنی دووەم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ماد لای تاران و قەزوین، لەوێ سێ کەس لە

سەرۆک هۆزەکان دەچنە لای و داوای هاوکاری ویارمەتی لێ دەکەن، یەکێ لەوانە ناوی "زانا- سان" بوو سەرۆکی هۆزی پارتوکی / پارتاکانا ( لەوانەیە مەبەست هۆزی پەرتەکان بێت واتا ئەو هۆزانەی کە دوور بوون). ( بڕوانە مێژووی ماد، دیاکۆنوف وەرگێرانی کەریم کەشاوەرز، ل.پ.٣٢٥)، =(نووسەر)].

بەشەکانی شەشەم و حەوتەم لە بارەی سانەکان و شەڕەکانیان لەگەڵ یەکتریدا.

- لە ل.پ.٦١٩دا، بەپێی ئەو تۆمارەی کە لە بەرهەمی دەستنووسی مێژووی هەورامانـدا تۆمار کراوە، ناوی هەندێ هۆز و تایفەی هەورامان هاتووە کە لە سەردەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر کوردستان، هەر بە هەمان ناوەوە بوون. **هێندێ لەوانەش بە هۆی ستەمی ئەسکەندەرەوە بەرەو ئەو ناوچانەی هەورامان هەڕایان کردووە، چونکە ئەوێ هەشارگەیەک بوو بۆ پەنادانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان.**

هۆزی خاسان: ( ل.پ. ٦٢٢) لە " دێزفول"وە هاتوون، بۆ خزمەتکردنی سانان لە ناوچەی هەورامان.

هۆزی بادرونان: ( ل.پ.٦٢٣) لە بنەڕەتدا لای ڕۆمەوە بۆ ئەو ناوچە هەشارگانەی هەورامان هاتوون.

**هۆزی هیندیان:** ( ل.پ.٦٢٣) لە بنەڕەتدا لە هێندەوە هاتوون. لە کۆنەوە پزیشک بوون.

**هۆزی هەنوان:** ( ل.پ.٦٢٤) لە بنەڕەدا هێندی بوون و لە ساڵانی ٢١١ کۆچیدا هاتونەتە هەورامانەوە.

هۆزی غەنیان: ( ل.پ.٦٢٧) لە بنەڕەتدا خزمەتکاری هەمیشەیی پیرشاریار بوون

هۆزی سارمان: ( ل.پ.٦٣٠) لە ناوچەی "سێرمەند"وە هاتوون

هۆزی شامیان: ( ل.پ. ٦٣٠ ) لە شامەوە هاتوون

هۆزی باهوان: (ل.پ.٦٣١ ) لە بنەرەتدا لە هەمەدانەوە هاتوون

**ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هاتنی ئەم هەموو هۆزانە لە شوێنەکانی جۆراوجۆرەوە وەک هێندستان و ڕۆم و دێزفول، سێرمەند و شام و هەمەدانەوە بۆ هەورامان هیچ هۆکارێکی تری نەبووە بێجگە لەوەی کە ئەوانەش لە هۆزی مۆگانی مادی بوون و لە دوای دوورکەوتن و پەرتەوازە بوونیان جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ لای خزمەکانی خۆیان.**

**لەسەر ئەو سێ بەشەی کتێبە دەستنووسەکەش، واتا بەشەکانی ١ و ٢ و ٣ کە لێ بڕاوە، هەر وەک د. م. ئەمین هەورامانی وتوویەتی لە گرینگترین بەشەکانی ئەو کتێبەن کە ئێستا لێ کراوەتەوە، بەڵام بەو هیوایە کە لە داهاتودا لە کتێبخانە یان لە ماڵی بەگان و شێخانی هەوراماندا بدۆزرێتەوە. لەم بەشانەدا بە ئەگەرێکی زۆر باسی ئەو شتانە دەکا کە لەوانەیە لەگەڵ بیر و باوەڕی ئێستای خەڵکی ئاسایی هەوراماندا نەگونجێ، وەک باسی زەردەشتی بوونی خەڵکی هەورامان، باسی بیر و باوەڕی ئایینی، باسی هێرشی ئەسکەندەر وهەڵاتنی خەڵکەکە بۆ هەورامان ، باسی هێرشی سپای ئیسلام بۆ ناوچەکە، باسی کوشتوبڕیان و دەستدرێژیکردنیان و ستەمکاری هێرشکەران.**

## تێبینییەک لەسەر بۆچوونی د. م. ئەمین هەورامانی لە بارەی کتێبی مێژووی کۆنی هەورامان:

د. م. ئەمین هەورامانی ماندویەتییەکی زۆری دیوە لە دۆزینەوەی دەستنووسی مێژووی کۆنی هەوراماندا و تووشی زۆر ئاستەنگ و چەڵەمە بووتەوە، و لە ئەنجامدا توانیویەتی چەندین ڕوونوس و دەست بخا و لەگەڵ یەکترادا بەراوردیان بکا و پۆختەیەکیشی بڵاو بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە لە تیگەیشتنی ناوەڕۆکی نووسراوەکان و لێکدانەوەی بابەتەکاندا سەرکەوتوو نەبووە. لەوە دەچێ کە ناوڕۆکی دەستنووسەکە لەگەڵ چاوەڕوانییەکان و بۆچوونەکانی ئەودا نەگونجابێ، هەر بۆیە ڕاستییەکانی ناو دەستنووسەکە بە هەند وەرناگرێ. جارێکیشیان بێ هیچ هۆکارێک هەر نکۆڵی لە هەبوونی دەستنووسەکە دەکا. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر هێندێک لە نووسراوەکانی نێو کتێبەکەی دەخرێتە بەرچاو:

لە لاپەڕەی ٦٠٣دا دەنووسێ: دەنگوباس و هەواڵی بوونی دەفتەر و دەستنووسێ بە ناوی مێژووی هەورامانەوە لای بەگزادەکانی ڕەزاو ئارامی لێ بڕیم و بۆ چەند جارێ خۆم چوومە لای بەگزادەکانی ڕەزاو بەڵام بە هیچ جۆرێ دانیان بەوەدا نەنا کە شتی وەها لای ئەوان هەیە! من لەو ڕووەوە کۆڵم نەدا و کول نەبووم تا وەکوو توانیم ئەو دەستنووسە بخەمە دەستی خۆم و ئەمەش ناو نیشانی ئەم دەستنووسەیە:

**دەفتەرەکە زۆر گەورەیە و پەڕەکانی نزیکەی ٦٥٠ لاپەرەیەک دەبن، لەبەر دەسخەتێکی کۆنی جوانەوە نووسراوەتەوە کە کاغەزەکەی کۆن و ئەستوورن ...**

بەڵام لە لاپەڕەی ٥٧٧دا لەسەر ئەم دەستنووسە دەڵێ: ئەو بەرهەمەی کە پێ دەوترێ مێژووی هەورامان (تاریخ اورامان)، وەک ئەو پەندە کوردییە وایە کە دەوترێ "دەنگی هەیە

و ڕەنگی نییە!" ئەو بەرهەمەش ئەگەر هەبێ بەو جورەیە، بەڵام جارێ کەس نازانێ لە کوێیە و چۆنە و لای کێیە، جگە ئەو کەسەی کە لایەتی!

هەروەها لە لاپەڕەی ٥٨٧دا ئاوای نووسیوە: چە لە نووسراوەکەی مەردۆخ و چە لە چەند لاپەڕە دەستنووسەکەی توفیق بەگی ئەحمەد بەگدا ئەوە پات ئەکەنەوە کە ئەو پشتانەی بەگەکانی هەورامان دەچنەوە سەر بەهمەنی یەکەم و بەهمەنی یەکەمیش دەچیتەوە سەر بەهمەنی سییەمی کوڕی "دارا"ی کوڕی ئەسفەندیار. دواجار د. م. ئەمین هەورامانی دەڵێ مرۆڤ نابێ لە خۆیەوە شت بنووسێ بۆیە ئێمە مافمان هەیە بپرسین کام بەهمەن؟ کام ئەسفندیار؟ کام دارا؟

بەڵی ئەمە ڕاستە کە مافی پرسین لەسەر ئەم بابەتە و هەروەها سەرچاوەکانی بۆ هەر کەسێک هەیە، بەڵام ئەرکی مێژوونووسیش ئەوەیە کە ڕاستەکان لە ناڕاستەکان جیا بکاتەوە و دەستنیشانیان بکا نەک ئەوەی کە هەموو شتێک لە بن پرسیاردا بهێڵێتەوە و ڕاست و ناڕاست پێکەوە فڕە دا. هەر وەک لە بەشەکانی پێشودا سەلمێندرا زوانی هەورامی هەمان زوانی ئەوێستایی (مۆگی)یە، دیسانەوە وەک ئەوەی کە لەم بەشەدا نیشان درا بەشێکی زۆر لە مۆگەکان لەهەورامانـدا نیشتەجێبوون. کتێبی ئەوێستا کتێبی مێژوویی و ئایینی مۆگەکانە، دەکرێ لەو ڕێگایەوە ڕەچەڵەکی هەورامییەکان (مۆگەکان) دیاری بکرێ. **"لە نووسراوە مێژووییەکانی سەردەمی ساسانیدا زۆر بە ڕوونی ئەوە هاتووە کە مۆگەکانی زەردەشتی خۆیان بە نەوەی مەنوچێهر دەزانن"[51]. مۆگەکان یەکێ لە هۆزە سەرەکیەکان و دامەزرێنەرانی پادشایەتی مادن و ئەمە شتێکی سەیر نییە کە بچنەوە سەر بنەماڵی پادشایانی مادی و پێشدادی (ئەپەڕداتا).** "ئەم هۆزە ( واتا هۆزی مۆگان) لە سەردەمی مادەکاندا دەستەڵاتیان لەگەڵ پادشایانی مادد تێکەڵاو بوو، بەڵام لە دوای تێکچوونی فەرمانڕەوایی مادەکان و هاتنە سەرکاری کورەش و داریوشی هەخامەنشی ئیتر فەرمانڕەوایی سیاسییان لە دەست دا و دەستەڵاتی جارانیان نەما بەڵام لە شوێنی ئەوەدا دەستەڵاتدارییەکی دینییان دامەزراند کە شانبەشانی پادشایەتی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان هەتا دوا ڕۆژی پادشایی ساسانییەکان هەر درێژەی هەبوو"[52].

لەم بارەیەوە ئەمیر حوسینی خونجی مێژوونووسی ئێرانی دەنووسی "لە سەردەمی ساسانییەکاندا ناوی مۆغ وەک ڕێبەری دینی دەهاتە ناسین، و هۆزی موغان (مۆگان) ئەو شوێن و پلەیەیان هەبوو کە بە درێژایی مێژوو بۆ خۆیانیان دابین کردبوو وەک هۆزێکی

---

[51] بڕوانە کتێبی ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمە رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٧٥، هەروەها فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان بە اسلام، انی کاظمی ١٦م خرداد، ١٣٩٠

[52] پیدایش ایران – پادشاهی ماد امیر حسین خنجی ل.پ. ١٧٧

پـیرۆزی ئـاییـنی کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕانەوە بـۆ سـەر زەرەدەشـت. ئەوان وەک "خـانەدانی پیرۆزی ئایینی" بوون، (سادات اهل بیت)"[53].

هەروەهـا شـا ئیبراهـیم ئەیـووت ١٣٢٤م- ١٤٠٧م کە یەکێ لە پـیرانی یارسـانییە خـۆی بە نەوەی سیاوەش (سیاوەخش) دەزانێ:

**کاکەم سیاوەخش، هوونەش جوشا جووش**

**ئەز سەندم هەقەش، یورتم بیا توش**

دیسانەوە د. م. ئەمین هەورامانی لە لاپەڕەی.٥٨٩دا باسێکی لە گۆفاری سروە هێناوەتەوە و دەنـووسێ: لە گۆڤـاری "سروە"دا و لە ژمارەکـانی ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦دا هێنـدێ زانیـاریی لە لایەن کـاک بەهــمەنی فەرپــوەر(بهمن فریــور)وە بە ناونیشــانی (هەورامــان نــاوچەی نەنـاسراو)ەوە بـڵاو کـراوەتەوە، نووسـەر لە یەکێ لەو ژمـارانەدا دێـرە شـیعرێکی فـێردەوسی هێناوەتەوە کردویەتە بەڵگە بۆ ئەوەی ڕێێ هەبێ و بڵی وەختی خـۆی " هەورامان" زینـدانی ئەسکەندەر بووە! [دیارە فێردەوسیش ئەمەی لە سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە.= نووسەر]

دواجار د. م. ئەمین هەورامانی دەپرسێ: چۆن چۆنی بووە! ئەو زیندانە، کام بەشی هەورامانی گرتـووەتەوە! قـاپێ (دەروازە)ی ئەو زینـدانە لە کوێـوە بـووە! ئەوجـا بێگومـان کـاک سـۆران [مەبەسـتی کاک بەهـمەن بـووە.= نووسـەر] ئەو وەرامـانەی بەلاوە نیـیە، بـۆیە دیتە سـەر زیندانەکە و دەڵێ کە ناوی "ئەورامن" بووە. بەڵی شتی وا هەبووە بەڵام ئەوە خۆی گوندێکی بچکۆلە بووە کە ئەسکەندەر بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ زیندانی دروست کردوە و تایبەتیشـە بە زینـدانی کـوردانەوە، و ئەو زینـدانە لە لای "زاخـۆ"یە لەسـەر سـنووری عـێراق و ئێرانـدا و ئێستاش هەر بەو ناوەوە ماوەتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونەی د. م. ئەمین هەورامانی هەڵەیە، لێکدانەوەیەکی ڕاستی بۆ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نییە، پەیوەندی نێوان خەڵکی هەورامان و هۆزی مۆگان هەر نابینی، وێنایەکی ڕاستەقینەی لە مۆغـانی زەرەدەشـتی نییە،. بە چـاوێکی سـووک سـەیریان دەکا بـۆ نمـوونە لە لاپەڕەی. ٦٠٩دا دەڵێ: لە کـاتی هـێرشی ئەسـکەندەردا مەلای زەرەدەشـتییان بـۆ دەرمـان نەهیشـت، سـەرپاکیان (هەموویـان) کوشـتن و کتێـبی ئەوێسـتایان کە لە هەزاران پێسـتدا نووسرا بوو سووتاندیان و یان بۆ خۆیانیان برد. لە کاتی ڕاونانەدا مەلا و پیری زەرەدەشتی بۆ ئەشکەوت و کـون و قوژبنەکانی هەورامـان بـۆ خـۆ حەشـاردان هەڕایان کـرد و ئـا لەوێدا بە ئەمانەت و ئاسایش مانەوە.

---

[53] پیدایش ایران – پادشاهی ماد امیر حسین خنجی ل.پ. ١٧٧

له لاپەڕەی ٦٠٦دا دەڵێ: هێندێک پێیان وایە کە هەورامان ناوێکی دیکەی هەبووە، بەڵام کاتێ ئەسکەندەر دەیگرێ و دەیکا بە زیندان... ئیمەش (د. م. ئەمین .هەورامانی) لەگەڵ ئەم بیرو ڕایانە نین، چونکە ناوچەیەکی وەها گەورە بە زیندان ناکرێ، جا خۆ ئەگەر زیندان بەو جۆرە فراوان و پان وپۆڕ و بەرو بۆمدار و ئاودار بێ، کەس نییە حەزی لێ نەکا.

## چۆنیەتی کۆچی هۆزی مۆگان بۆ هەورامان:

بەداخەوە هیچ نووسراوەیەک لەسەرچۆنیەتی هەڵاتنی هۆزی "مۆگان (مۆغان)" و گەورەپیاوانی مادی و هەخامەنشی بەرەو هەورامان تۆمار نەکراوە یان بەجێ نەماوە. بەڵام ئەگەر کەسێک کارەساتی شکانی شۆڕشی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥دا لە بیر مابێ ئەگەر کەسێک هەڵاتنی خەڵکی هەڵەبجەی لە ١٩٨٨دا لە بیر مابێ، ئەگەر کەسێک کۆڕەوەکەی گەلی کوردی لە ساڵی ١٩٩١دا لە بیر مابێ، ئەگەر کەسێک هەڕاکردن و ئاوارە بوونی کوردانی ئێزدی بۆ سەر شاخان لە هاوینی ٢٠١٤دا بەچاو دیبێ، ئەگەر کەسێک کۆچی خەڵکی کۆبانی لە ساڵی ٢٠١٤دا لە یاد مابێ ئێتر دەبێ بزانێ هۆزەکانی ماگ و ئەوانەی دی کە دانیشتووی شارەکانی وەک هەمەدان و کەنگاوەر و دینەوەر و "ماد- ڕاغە (مەراغە)" بوون دەبێ چۆن لە دەستی ڕۆمییەکان هەڕایان کردەبێ.

بە پێچەوانەی بۆچوونی بەڕێز "د. م. ئەمین هەورامانی"وە ئەمانە ١٠ یان ٢٠ یان ١٠٠ مەلای زەردەشتی نەبوون کە هەڕایان کرد وهاتن بۆ هەورامان تا لە کۆن و قوژبن و ئەشکەوتەکاندا بە ئاسایشەوە بژین. ئەوانەی کە هاتن بۆ هەورامان ئەگەر چەندین هۆز نەبوون لانیکەم بەشێکی زۆر لە هۆزی گەورە و بەهێزی "ماگ/ مۆگ" بوون. ئەو هۆزەی کە زیاتر لە ٤٠٠ساڵ لە پشت دوو فەرمانڕەوایی گەورەی مادی و هەخامەنشییەوە بوون، ئەوانەی کە بەرەو هەورامان هەڵاتن بەشێک بوون لە چینێکی ئەریستوکراتی ئایینی کە لە کۆشکی کەیخەسرەو و کورەش و داریوش لە هەگمەتاناوە هاتبوون. بە ژن و ماڵ و منداڵەوە بە خزمەتکار و پاسەوانەوە هاتبوون. ئەوانەی کە هاتبوون ڕێبەرانی گەورەی دینی، سیاسی، سەرۆک هۆزەکان، میرزاکان و شاعیران بوون لەگەڵ منداڵەکانیان و ژنەکانیان بە جلوبەرگی هەورێشمیەوە بە هەزاران ئەسپی سپی و دێزەوە بە یەغانی پڕ لە سیم و زێرەوە. کۆچێکی بێ گەڕانەوە، کاروانی ئەم کۆچە چەند هەزار خانەوار بوون بە نزیکبوونەوەی ئەم کاروانە بۆ هەورامان، خەڵکی دانیشتووی ئەوێ بەپێی نەریتی کوردەواری بە دەف و شمشاڵەوە بەرەو پیری ڕێبەرانی ئایینی خۆیانەوە ڕۆیشتوون و لە ماڵە هەژارانەکانی خۆیاندا جێگایان بۆ کردونەتەوە. (بێگومان ژمارەی ئەم کۆچبەرانە لە دوو هەزار ماڵ کەمتر نەبوون، دەنا نەیدەتوانی ئەو کاریگەرییە گەورەیە هەبێ کە لە پاش ئەم کۆچە کردیە سەر ناوچەی

هەورامان، و لە شەشهەزار خانەواریش زیاتر نەبووە چونکە هەورامان لەو کاتەدا دەرفەتی میوانداری و لە خۆگرتنی لەوە زیاتری نەبووە).

بە هاتنی ئەم کۆچبەرانە هەورامان تاجی لە سەر نا و دواجار بوو بە ناوەندێکی گرینگی ئایینی و ڕۆشنبیری. سیمای شارستانیەتی هەورامان گۆڕدرا. چەندین ساڵ لە پاش ئەم ڕووداوە، ئێتر ئەمە ئەو کۆچبەرانە و نەوەکانیان بوون کە فەرمانی دەستەڵاتداری ناوچەکەیان گرتە دەستی خۆیان. ئیتر لەمە بە دواوە ئەوە هۆزی مۆگانی مادی بوون کە ڕێبەرایەتی سیاسی و ئایینی و ڕۆشنبیری هەورامانیان دەکرد.

لێرەدا دەردەکەوێ کە بۆ ئەو چینە ئەریستوکراتە کە لە کۆشکی کەیخەسرەو و کورەشەوە هاتبوون و لە گوندەکانی وەک پایگەلان و پاڵنگان و هەورامانی تەختەوە نێشتەجێبوون و لە ترسی سپای ڕۆمی و دەستوپێوەندەکانیان نەیان دەوێرا دووربکەونەوە، هەورامان وەکوو زیندان وا بوو. ئەمە ئەو واتایە ناگەینی کە دەوریان لێ گرتبوون و دیواریان لێ دابوو و پاسەوانیان لەسەر خەڵکەکە دانابوو. زیندان واتای زەوتکردنی ئازادی دەدا، بۆ ئەو کەسانەی کە مافی هاتووچوون، مافی ئازادی چالاکی سیاسی و دینییان نەبوو، و ناچار بوون لە گوندەکانی هەورامان ( ئەویش هەورامانی ٢٣٠٠ساڵ لەمەوبەر) بمێننەوە، دیارە ئەوێ بۆ ئەوان وەک زیندان وا بوو.

هەر ئیستاش بە هۆی بەرتەسکبوونی مافی ژنان لە ئیراندا، سیاسیەکان و ڕۆشنبیرانی ئێرانی دەڵێن کە ئیران بووتە زیندانی ژنان، دیارە مەبەست ئەوە نیە کە چوار دەوری ئێرانیان گرتووە و هەموو ژنەکانیان تێ هاویشتووە. یان لە ساڵەکانی پێشودا دەوترا کە تورکیا بووتە زیندانی کوردان. بۆیە ئەگەر لەو دەستنووسەدا وتراوە هەورامان ببوو زیندانی " ئەو خواپەرستانە " نە تەنیا شتێکی سەیر نیە بەڵکوو شتێکی ڕاست و لە جێگای خۆیدایە.

لێرە پێویستە ئەوەش بڵێن ئەمە تەنیا فێردەوسی نەبووە کە باسی زیندانی ئەسکەندەری کردوە، حافزی شیرازیش لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی خۆیدا باسی زیندانی ئەسکەندەری کردووە و دەڵێ:

(دلم از وحشت زندان سکندر بگرفت رخت بربندم و تا ملک سلیمان بروم)

هەروەها لە کتێبی "تاریخی کوردستان "١٣٣٠-١٣٤٤ ق" لە نوسینی (ملا محمد رضا ابن صوفی سلیم) کە نزیک بە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش نووسراوە لە لاپەڕەی ١٣٢دا هاتووە: "٦٠بنەماڵەی گەلۆاخی و مەنەمی پەنایان بردە بەر زیندانی ئەسکەندەر واتا هەورامان"[54].

---

[54] تاریخ کردستان (١٣٣٠-١٣٤٤ق) تالیف محمد رضا ابن صوفی سلیم، تصحیح دل آرا مردوخی، تهران ٢٠١٣.

# بەشی نۆەم

## ڕەوشی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانیدا

**پادشایەتی ئەشکانیش وەک هەمو فەرمانڕەواییەکی تر تێک چوو و پادشایەتی ساسانی جێگای گرتەوە، بە هاتنە سەرکاری دەستەڵاتداریەتی ساسانی بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد کە پادشایانی ساسانی وەک کورد و زمانی ساسانییەکانی وەک کوردی دەناسینین، گەورەترین زەبر بەر زمانی کوردی کەوت. لەم سەردەمەدا شێوەزاری گشتی زمانی مادی (کوردی) کە بە زمانی پەهلەویی ئەشکانی دەناسرا لە برەویان خست و زمانی پەهلەویی ساسانی (پارسی)یان لە شوێنی دانا، هەروەها بە وەرگێڕانی ئەوێستا لە زمانی ئایینی مادی (هەورامیی کۆن)وە بۆ سەر زمانی پەهلەویی ساسانی (پارسیی میانە)، زەبرێکی کارییان لە زمانی ئەوێستایی (هەورامی) و ئایینی زەردەشتی وەشاند. هەر لەم سەردەمەدا بە هۆی کاریگەریی زمانی پەهلەویی ساسانی لەسەر کوردی دوو شێوەزاری تری کوردی لێ کەوتەوە ئەویش شێوەزارەکانی کەلهوڕی و لەکییە.**

دامەرزێنەری پادشایەتی ساسانییەکان ئەردەشێری پاپەکان کوڕی بابەک / پاپەک بوو، لە بنەماڵەیەکی ئایینی. بابەک یان پاپەک پیرێکی زەردەشتی بەناوبانگ بوو، باوکی بابەک ناوی ساسان بووە کە ئەویش موبد ( مۆگ- پت) بووە لە هورمزدگای ئاناهیتا لە ئەستخر لە پارس[55]. بابەک کە سەرۆکی ناوچەیەکی بچووک بوو لە پارس، توانی بە هۆی شەڕ و جەنگەوە فەرمانڕەوایی پارس بەدەست بێنێ، لە دوای مەرگی بابەک کوڕە گەورەکەی شاپوور جێگای گرتەوە، کە پاش ماوەیەکی کورت ئەویش کۆچی دوایی کرد و ئەردەشێر بوو بە فەرمانڕەوای پارس. ئەردەشێر پیاوێکی زەردەشتی دەمارگیر و لە هەمانکاتیشدا مروڤێکی دەماربەرز بوو. بە هەوای فەرمانڕەواییکردن بە سەرگشت ئێراندا بوو و هەر ئەم کارەشی کرد. لە دوای شەڕێکی گران لەگەڵ ئەردەوان دوایین پادشای ئەشکانی لە هورمزدگان لە باشووری پارس، سپای ئەشکانی شکا و خۆدی ئەردەوانیش لە شەڕەکەدا کوژرا. پاشان ئەردەشێر لێ ڕانەوەستا و بەرەو تیسپون پایتەختی ئەشکانییەکان تێتەقاند و ئەوێ داگیر کرد و کردی بە پایتەختی خۆی، و بەم جۆرە فەرمانڕەواییەکی دامەزراند کە زیاتر لە ٤٠٠ ساڵی خایاند لە ساڵی ٢٢٤زایینی هەتا ساڵی ٦٥١ی زایینی.

چەند هۆکارێک وای کردوە کە هێندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد ساسانییەکان بە کورد بزانین لەوانە:

---

[55] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧، ل.پ ١٣٤

- پادشـایانی ساسـانی ڕەچەڵەکی خۆیـان دەبەنەوە بـۆ سـەر پادشـایانی کەیـانی (مـادی) بە تـایبەت ویشتاسـپ. ئەمە دەکـرێ ڕاسـت بێ چـونکە ئەمـانە لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەکی ئاینی بوون و لە سەردەمای کۆندا، واتا لە سـەردەمی مادی و هەخامەنشـی و نیوەی یەکەمی دەستەڵاتداری ئەشکانییەکان، مۆگانی زەردەشتی هەر لە هۆزی ماگەکانی مادی بوون، و ڕێبەرایەتی ئایینی هەر مافی ئەوان بـوو و کەسێ تـر بۆی نەبـوو کە شـوێنی ئەوان بگـریتەوە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوانیش لە بنەڕەتدا هەر لە هۆزی ماگ بووبێتن.
- هەروەهــا کــاتێ کە ئەردەشــێری پاپەکــان خەریــکی شــەڕکردن لەگەڵ "هەپتانبــاد"دا بــوو، یەکی لە مــیرە کوردەکــان بە نــاوی "یەزدانی کــوردی شــارەزووری" بە ســپایەکی زۆرەوە بــۆ یارمەتیــدانی ئەردەشــێری پاپەکــان ڕۆیشــت[56]. دیســانەوە لە بەردەنووســەکەی حــاجی ئابـاد لە پارســدا کـاتێ ئەردەشێر بەشداری لە جێژنێکی کوردی بناوی "تول هەڵدان (وشەیەکی پەتی کرمانجییە واتای تولەکردنەوە دەدا)" کردوە، بەم جۆرە هاتووە:
"منم مەزداپەرستی بەغی هۆرمـوزدی شـاپووری یەزدانی نەژاد پاشـای ئێران و ئەن ئێران(نـائێران) لەم جەژنەی توڵدانـدا هـۆزی کرمـانج سـوودێکی زۆرتـر وەردەگرن"[57].
شــەڕی ئەردەشــێری پاپەکـان لەگەڵ کوردەکـان: لە کارنـامەی ئەردەشـێری پاپەکان بەشی شەشەم لەژێر ناونیشانی " شەڕی ئەردەشێر لەگەڵ کوردەکان و تورەبـوونی دەنـووسی کە ئەردەشێر دەرواتە شـەڕ دژ بە کوردانشـاهی مـاسی (واتا مادی) و لە شەڕێکی سەختدا ئەردەشێر ئاوارە دەبێت و دواتر ئەردەشێر بە سپایەکی چوارهەزار کەسی هێرش دەکاتە سەر کوردەکان و هەزار کەس لە کـوردان دەکـوژێ و برینـدارەکانیش بە دیـل دەگـرێ، لە کوردانشـاه و کـوڕ و براکانی تەنیا هێروی بۆ ناردنی بۆ پارس هەڵبژارد[58].
- پادشــایانی ساســانی پێوەنــدێکی زۆر نزیــک و تونــدوتۆڵیان لەگەڵ موغــانی زەردەشــتی هەبـوو (کە زۆربەیـان کـوردیی هەورامـی زمـان بـوون)، مۆغـانی زەردەشـتی مـاوەی زیـاتر لە هەزار سـاڵ ڕێـبەرایەتی ئـاینی گشـت ئێرانیـان لە دەســتدا بــوو. مۆگەکـان دەســتەڵاتێکی زۆریــان لە دەســتگای فەرمــانڕەوایی ساسـانیدا هەبـوو، تەنـانەت چەنـدین جـار توانیویـانە پادشـایانیش لەسـەر تەخت دابەزینن و کەسانی تر لە شوێنیان دابنن.

[56] کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی دوکتور جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێڕانی کامەران حەسەن، ل.پ. ٢٦
[57] کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی دوکتور جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێڕانی کامەران حەسەن، ل.پ. ٢٦
[58] کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی دوکتور جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێڕانی کامەران حەسەن، ل.پ. ٢٥

- له سه‌رده‌می "ئه‌شکانییه‌کاندا" هه‌فت خانه‌دانی گه‌وره‌ی میری که نوێنه‌ری هه‌فت هۆزی ده‌سته‌ڵاتداری ئێرانی بوون به سه‌رۆکایه‌تی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌شکانییه‌کان پادشایه‌تی ئه‌شکانییان پێک هێنابوو. ئه‌م هۆزانه بریتی بوون له:[59]

١- پارت (ئه‌شکانییه‌کان) له لای خۆراسانه‌وه

٢- مێهران، له ماد/ ئاتروپاتکان لای ڕاغه (ماد- ڕاغه)

٣- کارن، له نهاوه‌ند

٤- سورێن، له لای ڕۆژهه‌ڵاته‌وه، سیستان / خۆراسان

٥- ئه‌سپه‌ندیار، له ماد/ ئاتروپاتکان لای ڕاغه (ماد-ڕاغه)

٦- زیک، له ماد/ ئاتروپاتکان

٧- ئه‌سپه‌هبه‌د، له وه‌رکانه (گۆرگان)

له‌م هۆزانه، هۆزه‌کانی زیک، ئه‌سپندیار و مێهران خه‌ڵکی ماد (کوردستان) بوون. له‌سه‌رهۆزی "کارن"ش به جوانی ڕوون نییه که ئایا هه‌ر خه‌ڵکی لای نهاوه‌ند بوون یان له شوێنێکی تره‌وه کۆچی ئه‌وێیان کردبوو.

له سه‌رده‌می ساسانییه‌کانیشدا هه‌ر هه‌فت هۆز ده‌سته‌ڵاتدار بوون که شه‌شیان هه‌ر هه‌مان هۆزه‌کانی ده‌سته‌ڵاتداری سه‌رده‌می ئه‌شکانییه‌کان بوون و ته‌نیا جیاوازییان ئه‌وه بوو که هۆزی ئه‌شکانییه‌کان نه‌مابوون و هۆزی ساسانی جێگه‌یانی گرتبووه‌وه. ئه‌م هه‌فت هۆزانه‌ش ئه‌مانه بوون: "١- ساسانی ٢- مێهران ٣- کارن ٤- سورێن ٥- ئه‌سپه‌ندیار٦- زیک ٧- ئه‌سپه‌هبه‌د.[60]

له سه‌رده‌می ساسانیدا هۆزه‌کانی "سورێن و کارن"ش ده‌توانرێت وه‌ک هۆزی مادی (کوردستانی) ئه‌ژمار بکردرێت چونکه زیاتر له چوارسه‌دوپینجا (٤٥٠) ساڵ بوو که له کوردستاندا نیشته‌جێ و به ته‌واوه‌تی له‌گه‌ڵ کورده‌کاندا تێکه‌ڵاو ببوون، بۆیه پینج هۆز له‌م هه‌فت هۆزه له هۆزه‌کانی مادی / کوردستانی پێک ده‌هاتن، بێجگه له‌مانه‌ش هه‌ر وه‌ک

---

[59] http://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%87%D9%81%D8%AA_%D8%AE%D8%A7%D9%86%D8%AF%D8%A7%D9%86_%D9%85%D9%85%D8%AA%D8%A7%D8%B2_%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86_%D8%A8%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86

[60] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٥٩

باس کرا هۆزی مۆغانی مادیش دەستەلاتێکی یەگجار زۆریان هەبوو لە قەراخ دەستەڵاتی پادشایەتی ساسانییەکاندا. "وەهرامی چوبین"یش کە یەکێ لە گەورەترین سەردارانی سپای ساسانی بوو کورد و لە هۆزی مێهران بوو کە خەڵکی ڕاغە (ماد- ڕاغە / مەراغە) بوو. وەهرام لە دوای ئەوەی کە لە لایەن هورمزی چوارەمەوە بێڕێزی پێ کرا لە دژی ڕاوەستا، لە پاش ئەوەی کە گەورە پیاوانی هۆزەکان لە تیسپون "هۆرمز"یان لە پادشایەتی خست و خەسرەو پەروێزیان لە شوێنی دانا، وەهرام ملی پێ نەدا و بۆ لابردنی خەسرەو پەروێز لە پادشایەتی بەرەو تیسپون هەنگاوی نا و لە دوای شکست دانی خەسرەو پەرویز، خۆی تاجی پادشایەتی لە سەر نا، بەڵام خەسرەو پەروێز خۆی هاویشتە پاڵ "موریکیوس" پادشای ڕۆم و بە یارمەتی ئەو توانی وەهرام تووشی شکست بکا و دیسانەوە بگەڕێتەوە سەر تەخت. ماوەی پادشایەتی وەهرامی چوبین یەک ساڵ بوو.

ئەمانە نیشان دەدەن کە هۆزەکانی مادی (کوردستانی)، دەستەڵاتێکی زۆریان هەبووە لە فەرمانرەوایی ساسانییەکاندا. هەر بۆیە هێندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد دەستەڵاتی ساسانییەکان وەک دەستەڵاتێکی کوردی چاو لێ دەکەن.

**بەڵام ئەوەی کە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە، دەکرێ دەستەڵاتداری ئەشکانییەکان وەک درێژەدەری فەرمانڕەوایی مادەکان و دەستەڵاتداری ساسانییەکان وەک درێژەدەری فەرمانڕەوایی هەخامەنشییەکان سەیر بکردرێت.**

ئەردەشێر و نەوەکانی شێوازێکی تر لە دەستەڵاتداریان لە ئێراندا دامەزراند کە لەگەڵ شێوەی ئەشکانییەکاندا جیاوازی زۆری هەبوو، لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای هۆزایەتی یان میرایەتی دامەزرابوو، واتا ناوچەکان و هۆزەکانی جۆراوجۆر لە لایەن سەرۆک هۆز و یان میرەکانەوە بە ڕێوە دەچوون، پادشا و یا خۆ ناوەند لە کاروباری ناوخۆیی هۆزەکان دەستیان تێ وەرنەدەدا، هۆزەکان لە بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و لە باری ئاینییەوە سەربەستی تەوایان بوو. بەڵام لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەم ڕەوشە بە تەواوی گۆڕدرا. فەرمانڕەوایی ساسانییەکان دەستەڵاتدارییەکی سیاسی ئایینی بوو. ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە لە بنەماڵەیەکی ئایینی زەردەشتی بوون و کاتێ کە گەیشتنە فەرمانڕەوایی تێ کۆشان کە سەرۆکایەتی هەردووک ڕووەکەی دەستەڵاتداری واتا هەم سیاسی و هەم ئایینی لە چنگی خۆیاندا بهێڵنەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە سازمانی (سیستەمی) کارگێڕێ، سەربازی، سیاسی و تەنانەت ئایینیشیان بەرەو ناوەندیکردن وەرچەرخاند. هەموو دامەزراندنێک و هەموو فەرمانێک لە سەرەوە بەرەو خوار لە ناوەندەوە بەرەو ناوچەکان دەچوو. بۆ نموونە موبدی موبدانیان دامەزراند کە سەرپەرەستی و ڕێبەرایەتی هەموو مەلاکانی زەردەشتی لە دەستیدا بوو، هەر مەلایەکی زەردەشتی لە هەر کوێرە گوندێکدا

ئەگەر دامەزراباى  دەبواى بەپێى فەرمانى ئەو دامەزرابايت و كارى كردەباى. ئيتر سەرۆك هـۆز و ميرەكـانى جـاران هەسـتيان بەو ئـازادييەى پێشـو نەدەكـرد، سـێبەرى شمشـێرى پادشايەتى و دينييان لەسەر سەرى خۆيان هەست پێ دەكرد.

لە بەشى پينجەمدا لەسەر زمانى ئەوێستاىى ئەوە باس كرا كە  لە سەردەمى شاپوورى دووەم كـــورِى هـــۆرمز پادشـــاى ساســـانى (٣٠٩- ٣٧٩ زاييــنى) دەســـت درايە وەرگێڕانـــدن و نووسـينەوەى سـەرلەنوێ ئەوێسـتا! بەڵام بۆچى؟ هۆكارى چى بوو؟  ! ئەگەر بڵێين ئەوێسـتا لەو سـەردەمەدا بە تەواوى و رێكوپێكى نەبووە ئەمە ڕاست نييە، چـونكە هەر لە سـەردەمى ئەسكەندەرەوە كە ئەوێسـتا سـووتێندرا هەتـا كاتى نووسـينەوە و وەرگێڕانى ئەوێسـتا زيـاتر لە ٦٥٠سـاڵ تێـپەڕى بـوو و لەم مـاوەيەدا بيگومـان چەنـدين دەسـنووس و ڕوونـووسى تـر لە ئەوێسـتا هەبـووە، بە تـايبەت كە ٣٠٠سـاڵ بەر لەوە لە سـەردەمى ولەخشـــى ئەشـكانيدا ئەوێسـتا كـۆ كرابـووەوە و بێگومـان لە هەر هۆرمزدگەيەكـدا (معبد)ێكـدا، ڕوونووسـێک لە ئەوێسـتا هەبـووە. ئەوش كە دەڵـێن خەڵـک لە زمـانى ئەوێسـتا تێ نەدەگەيشـت جێگـاى پرسيارە، كام خەڵک، كێ بوون ئەوانەى كە لە ئەوێستا تێ نەدەگەيشتن؟ بۆ وەڵامدانەوەى ئەم پرسـيارانە چـاوێ دەخشـينين بە ئەو لێكـۆڵينەوانە كە لەســەر ڕەوشى فەرمــانڕەوايى ساسانييەكان لە لايەن پسپۆڕانەوە كراوە:

[61]"لە سـەرەتاكانى دەسـتەڵاتدارى ساسانييەكاندا شۆڕشـێكى قوڵ و بەربڵاوى ئاييني ڕوويدا، شۆڕشـێک بـۆ پێک هێنـانى ئـايينێكى فەرمى فەرمانڕەوايى، شۆڕشـێک كە هـيچ پێوەنـدييەكى لەگەڵ خەڵک و بير و باوەڕى ئەوانـدا نەبوو، ئەم شـۆڕش و گـۆڕانە هى ئەو بۆچـوونە و هى ئەو كەسانە  بوون كە خوازيارى ئەوە بوون كە هەموو دەستەڵاتەكان بگەڕێنەوە بۆ ناوەند. ئا لێرەوەلا لەيەكترازانێک لە نێوان بيرو باوەڕى خەڵک لەلايەكەوە و دينى فەرمى زەڕدەشتى لەلايەكى تروە دەستى پێ كرد. لە سەرەتاى هاتنە سەركارى ساسانييەكان، دەرەبگەكانى كۆن و بەناوبانـگ لەگەڵيـان هاودەسـت و هاوكار بـوون، ئەوان قەت خۆيـان لە ساسـانييەكان كەمتر نەدەزانى و هێندێ جـار دەبوونە هـۆى گێرەوكيشـە بۆ دەربارى پادشـاكان. بەڵام وردە وردە چينێكى تـرى خـاوەن زەويـن لە بارگاى پادشـا پەيدا بـوون كە لە پلە و پايەدا خۆيـان بە هاوتەرازى بنەماڵەى پادشا نەدەزانى بۆيە ئەم تاقمە بۆ پادشا جێگاى مەترسى نەبوون. ئەم توێژە تازە پێگەيشتووە كيشـەيەكى گەورەيان بۆ دەستەڵاتى ساسانييەكان دروست كردبوو.

---

[61] بۆ نووسينەوەى ئەم بابەتە لە چەندين سەرچاوە كەڵک وەرگيراوە  لەوانە: كتێبى (فروپاشى دولت ساسانى و گروش ايرانيان بە اسلام، سيد مجتبىٰ علوى). ( تاريخ مردم ايران، عبدالحسين زرين كوب، تهران ١٣٦٤). ( ايران در زمان ساسانيان آرتور كريستينسن، ترجمە رشيد ياسمى تهران ١٣٦٧).

لەلایەکەوە هەبوون و نەبوونیان پەیوەست بوو بە مانەوەی دەستەڵاتداری بنەماڵەی پادشا، لەلایەکی تریشەوە لە کێبرکێکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ یەکتری و سەرێ یەکتریان دەخوارد. ئەمانە هەمیشە ترسی ئەوەیان لە دڵدا بوو کە نەکا پادشا ئەوەی پێ داون لێیانی وەربگرێتەوە بۆیە لەو ماوەیەدا کە خاوەن گوند و زەوی و زار بوون بە دژوارترین شێوە خەڵکی گوندەکانیان دەچۆساندنەوە و باجی قورسیان دەخستە سەرشانی دانیشتووانی گوندەکان. خاوەنداریەتی(مالکیتی) ئەم زەوی و زارانە لە ڕاستیدا لە دەستی پادشادا بوو، هەرکاتێ لە یەکێ لەم بەگانە زوێر ببووایی، زەوینەکەی لێ وەردەگرتەوە و ئەیدا بە کەسێکی تر. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک لە کۆکردنەوەی دەستەڵات بوو لە ناونددا".

سازمانی (سیستەمی) کۆمەڵایەتی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا سازمانێکی چیناوچینی (کاستی / چینایەتی) بوو بە مەبەستی بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایی پادشایەتی. بەپێی فەرمانەکانی ئایینی بنەماڵەی پادشا خۆدایی (بەغ / بەگ) بوون و مافی هەبوونی سەدان و هەزاران پارچە زەوی و گوندیان پێ درابوو و دەیان هەزار وەرزێر و کارەکەر لەسەر زەوی و زار و کیڵگەکاندا کاریان بۆ دەکردن. داهاتی جوتیارەکان لەگەڵ بنەماڵەی پادشا بە نیوە دابەش دەکرا،  خەڵکی هەژاریان وەها تێ گەیاندبوو کە زەوی و زارو و ماڵ و سامانی پادشا هەر وەک هی خۆدا وایە، سەرپێچی کردن و خەیانەت کردن لە پادشا بێڕێزی و خەیانەت بە خۆدایە.

لە **ئەوێستای ساسانیدا** کۆمەڵگەی ئێران بە سەر چەندین " توێژ"دا دابەش کرا بوو، چوارچیوە و مەرزی چینەکان دیاریکراو بوون. دەرفەتی پەڕینەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر بۆ کەس نەبوو. بەرزترین چینی کۆمەڵگە، بنەماڵەی پادشا و بنەماڵە گەورەکانی تری بارگای پادشایەتی بوون کە ئەندامەکانی بە "بەغان"  واتا خۆدایان (بەغ، واتای خۆدا دەدا)، ناوبانگیان دەرکردە بوو، کە بە شێوازی کوردی "بەگ و بەگان"یان پێ دەوت کە ئێستاش هەر وشەکەی ماوەتەوە.

چینێکی تری کۆمەڵگا بریتی بوون لە "ئاتروان (ئاگروان)" کە مۆغان یان مۆگان ئەم ئەرکە ئایینییەیان لەسەر شان بوو. چینی "وزرکان (بزرگان)" واتا چینی گەورەکان کە سەرکردەکانی سەربازی (رتشتاران) و کارگێڕی و وەزیرەکان و کاربەدەستانی بەرزی دەستەڵاتداری لە خۆ دەگرت. توێژێکی تری کۆمەڵگا، دەبیران بوو واتا ئەو چینەی کە مافی خۆێندن و نووسینیان هەبوو، مافێک کە لە بنەماڵەدا بە میرات دەچوو لە بابەوە بۆ کوڕ. ئەوانەی تریش کە دەمانەوە وەک وەرزێران و جوتیاران و پێشەوەران و بازرگانەکان هەموویان لە چینی "واستری وەشان" ئەژمار دەکران.

"ئەگەر مروڤ ئەو باوڕانە کە ئەمڕۆ پێ دەڵێن دینی زەردەشتی وەک بنەما و پێوەرێک بۆ ئایینی زەردەشتی دابنی، دینی ساسانییەکان لە بەشێکی زۆر لە مێژووی خۆیدا لادەر بووە و لەگەڵ ئەم پێـوەرانەدا نەیخۆێنـدوەتەوە. بـۆ نمـوونە دەڵـێن کە "ئەردەشـێری یەکەم" زەردەشتییەکی باوەڕمەند بووە، بەڵام بەپێی هێندێک بەڵگەی باوڕپێکراو شێوازی دینداری لە سـەردەمی ئەودا لەگەڵ سـەردەمەکانی پاشـتردا جیـاوازییەکی زۆری هەبـووە، کاتێ کە لە ساڵی ٢٠٨ زایینیدا شاپوور کوڕی پاپک مرد، براکانی تاج و تەختیان پێشکەشی ئەردەشێر کرد و ئەردەشێر بوو بە پادشا، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بۆ قایم کردنەوەی دەستەڵاتی خۆی و بەرگـری کـردن لە خەیـانەتی براکـانی فەرمـانی کوشـتنی هەمرویـانی دا. هەروەهـا بەپـێی گـێڕانەوەی مێژوونـووسی بەناوبانـگ تەبەری (طـبری)، ئەردەشـێر لە پـاش سـەرکەوتنی لە شەڕی "مەرو (مرو)" کۆمەڵێک خەڵکی کوشت و سەریانی هەنارد بۆ هورمزدگای ئاناهیتا. (لە کاتێکدا ئەمانە لەگەڵ بیر و باوەڕی زەردەشتیگەریدا یەکناگرێنەوە).

"بەشـێکی زۆر لە بـیر و بۆچـوون و نەریتەکـانی خـۆدی مۆغـانی زەردەشـتی لە سـەردەمی ساسانییەکاندا خرا بوونە نێو ئەوێستاوە کە لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی زەردەشتدا جیاوازییەکی زۆریان هەبـوو، وەک بابەتەکانی خۆدانـاسی، ئافرینشـی گـیتی و مـروڤ و ڕۆژی سـەرەنجام (هورزنـایۆ، (رسـتاخیز)). ئەگەر هێنـدێک لە بـابەتە نووسراوەکـانی ئەوێسـتایی سـەردەمی ساسانییەکان وەک ئەوانەی کە لە "بەندهشن" و "وەندی داد" و بەشێک لە "یەشتە"کان لەگەڵ " گاسا"کاندا کە وتارەکانی خۆدی زەردەشتن بەراورد بکەین بۆمان دەردەکەوەی کە ئەمـانە کۆمەڵێـک وتـاری پڕوپـووچ، خـورافی(خرافي) و فەرمـانی سـتەمگەرانن کە بە نێـوی ئامۆژگاریەکانی زەردەشـتەوە لە ئەوێسـتادا جێگیر کـراوون. بۆ نموونە لە "گاسـاکاندا" مەی خــواردنەوە بەربەســتە (یاســاخە)، بەڵام لە ئەوێســتای ساســانیدا خــواردنەوەی "هــۆم" ئەرکێکی ئایینییە. لە گاساکاندا قوربانی کردنی ئاژەڵ بەربەستە (یاساخە)، بەڵام لە ئەوێستای ساسـانی قوربـانی کـردن هۆکارێکە بـۆ نزیکبـوونەوەی زیـاتر لە خـۆدا. لە گاسـاکاندا جەمشـید لەبەر ئەوەی کە لە دواییەکانی ژیانیدا لە خۆبایی بوو و ستەمکاری کرد سەرکۆنە کراوە، کە چی لە ئەوێســتای ساســانیدا جەمشــید کەســایەتێیەکی بەڕێــز و پادشــایەکی دادگەرە. لە گاســاکاندا زەردەشــت دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە خۆیـان وەک دەمڕاســت و نـوینەرانی ئـایینی (تولیـت دیـنی) دەزانـن. وەلێ لە ئـایینی زەردەشـتیی ساسـانیدا مۆغەکانی زەردەشــتی کــۆمەڵێکی ڕێکخــراوی خــاوەن دەســتەڵات و پــاوانخواز بــوون کە زۆرتــرین دەرفەتەکانی سیاسی، ئابوری و کارگێڕیان لە چنگی خۆیاندا ڕاگرتبوو. چاکایەتی ئەهورامەزدا لە

ئەوێستای ساسانیدا دابەشکراوە بە سەر ژمارەیەک لە ئێزەدەکان کە بڕیاربەدەست بوون"[62].

لە هەلومەرجێکی وەهادا ئاڵای گۆڕان و سازدانەوە و ڕێکخستنەوەی ئایینی زەردەشتی درایە دەست کەسانێک وەک " تەنسەر" و "کرتیر" موبدی ناسراو و دەمارگرژی ساسانی. کرتیر لە بەردەنووسەکەی "کەعبەی زەردەشت"دا ئاوای نووسیووە:

"لە سەرزەمینی پادشایەتی ئێراندا، گەلێک لە "ئاگر"ەکان و مۆگ (مۆغ)ەکانم کامکار کرد (گەیاندمە کامی خۆیان)، لە هەر شوێنێکدا کە ئەسپەکان و پیاوەکانی پادشای لێ بوو، ئا لەو شوێنانەدا ئاگرم بەرپا کرد و موغانم دانا. کیش (ئایین)ەکانی ئەهریمەنی و دێوەکان لە وڵاتدا سڕانەوە... و جولەکەکان و شمنەکان و بەرهمەنەکان و نەساریەکان و فەلەکان (مسیحی) و زەندیقەکان لە وڵاتدا سەرکوت کران و پەیکەری خۆدایان (بتەکان) تێک شکێندران، کولانەی دێوەکان ڕووخێنران و شوێنەکانیان کران بە بارەگای خۆدایان"[63].

" ئارتور کریستنسن لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ١٧٩دا نووسیویەتی: "تەنسەر" کە یەکێ لە هیربدە بەناوبانگەکانە لە پێکهێنان و دامەزراندنی دینی فەرمی زەردەشتی لەگەڵ ئەردەشێری پاپەکان هاودەست بوو. هەروەها لە لاپەڕەی ٢٠٧دا هاتووە: بە فەرمانی شاپوور ڕوونووسێک لە ئەوێستای " تەنسەر" لە هورمزدگەی "ئازەرگەشنسپ"[64] لە شێز[ تەختی سلێمان لە کوردستان] دانرا، بەڵام نارەزایەتی لێ کەوتەوە، مۆغەکانی ئەوێ لە دژی ئەم ئەوێستایە بوون، ناکۆکی و دەمەقڕە لەسەر ئەم کارە وای کرد کە شاپوور ناچار بوو کۆمێک (مجمع)ێک لە موبدەکان بە سەرۆکایەتی "ئازەربدی مێهر سپندان" کە موبدی موبدان (سەرۆکی هەموو مۆغان ) بوو پێک بێنێ بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکان. مێهرسپندان بۆ ڕازیکردنی دژبەرەکان سوێندی خوارد کە ئەم ئەوێستایە هەر وەک هەمان ئەوێستای کۆنە و ئامادەیە بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی خۆی ئاسن لەسەر سینگی سوور بکەنەوە"[65].

"ئەوەی لە هەموو زیاتر دڵی خەڵکی دەیشاند، کردنی بۆنە ئایینیەکان بە کۆمەڵێک نەریت و ڕێسای دڵ ئازاردەر و بێ ناوەڕۆک بوو. کە هەمووی لە خزمەتی سود و بەرژەوندی تاقمی مۆغانی دەربایدا بوو. ئەو مۆغانەی کە نەژادی خۆیان بە منوچێهر پادشای ئەفسانەییەوە دەبەستەوە و بەم شێوەیە بەربەرەکانیشیان لەگەڵ بنەماڵە ساسانییەکان دەکرد، و هێز و

---

62 بازخوانی تاریخ ایران زمین دفتر دوم شاهنشاهی پارتیان و ساسانیان. امیر حسین خنجی ل.پ. ١٠٢٧

63 فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان به اسلام، انی کاظمی ١٦م خرداد ١٣٩٠ (٦-٢-٢٠١١).

64 ئازەرگشنسپ، وشەیەکی کوردییە هەورامییە کە واتای " ئاور- گەشن" دەدا (بە فارسی آتش شعلەور است)، ئەم هورمزگەیە لە کوردستانە لە شاری تیکان تەپە.

65 ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ٢٠٧

دەسـتەڵاتێکی وایـان پـێکەوە نـابوو کە بـۆ خۆیـان دەسـتەڵاتێک بـوون لە نێـو دەسـتەڵاتی ساسانیدا و لە هەموو کاروباراکاندا دەستیان وەردەدا"[66].

**"کریستنسن دەنووسێ، ئایینی زەردەشتی کە دینی فەرمی بوو لە کاتی ساسانییەکاندا، لەسەر هێندێک بنەمای ئایینی دامەزرا بوو کە لە دواییەکانی سەردەمی ساسانیدا ئیتر ناوەرۆکی نەمابوو و بە تەواوەتی پوک ببووەوە"[67].**

پۆختەی ئەم بابەتە ئاوا دەکرێ کورت بکرێتەوە:

١- هەر وەک باسی لێ کرا لەو سەردەمەدا ئایینی زەردەشتی لە لایەن "بارەگای پادشایەتی" و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگادا وەک ئامرازێک بەکار دهات بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئەم دینە دەرباریە، زۆر جیاواز بوو لەگەڵ بیر وباوەڕی کۆمەڵانی ئاسایی خەڵک. بارەگای پادشایەتی ساسانی و بەشێک لەو مۆغانە کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ دەستەڵاتی پادشایەتیدا بوو، دەیانویست ئەم بابەتە یەکلا بکەنەوە و بە جۆرێک ئەوێستا ساغ بکەنەوە و بیگونجێنن کە لەگەڵ بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی فەرمانڕەواییدا یەک بگرێتەوە و بۆ سەپاندنی ئەم باوەڕە بە سەر کۆمەڵانی خەڵک و هەروەها بۆ بەمافدارکردنی (شەرعیەت دانی) بڕیاریان دا کە جارێکی تر بەکەیفی خۆیان ئەوێستا بنووسنەوە، و بۆ ئەم کارەش لە ڕێگای وەرگێڕانی ئەوێستا دەرفەت پەیدا دەبوو بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان.

٢- زۆربەی پادشایانی ساسانی دید و بۆچوونیان ئەوە بووە کە هەرچی زیاتر دەستەڵاتی سیاسی و ئایینی بەناوەندی بکرێت. و ئەمەشیان کرد. ئەم کارەش بە بێ نووسینەوەی دوبارەی ئەوێستا و گونجاندنی ناوەرۆکی ئەوێستا لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتە بە ئاسانی بۆیان نەدەچووە سەر.

٣- ئەو مەلا ئایینیانە کە لە بارەگای ساسانییەکاندا لە تیسپون کۆ ببوونەوە، ئەرکەکانی ئایینیان هەر لە پێناو بەردەوامی و پایداری فەرمانڕەوایاندا بوو و بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ بەرژوەندی "دەرباری ساسانیدا"دا گرێ خواردبوو. ئەم مۆغانە لە ناو خۆشیاندا ناکۆک بوون و بەردەوام لەگەڵ یەکتردا لە بەربەرەکانیدا بوون. **بەشێک لەمانە و خودی بنەماڵەی پادشایەتیش لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون کە بە باشی زمانی ئەوێستایی (شێوەزاری ئایینی مادی / شێوەزاری هەورامی)یان نەدەزانی و لە خوێندنەوەی ئەوێستادا**

---

[66] فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان به اسلام، انی کاظمی ١٦م خرداد ١٣٩٠ (٦-٢-٢٠١١).

[67] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ ٥٧١.

**تووشی گرفت ئەبوونەوە، دیارە ئەمە خاڵێکی لاواز بوو بۆ ئەوانەی کە خۆیان بە ڕێـــبەرانی گەورەی زەردەشـــتی دەزانی کە چی توانـــای خوێنـــدنەوەی "گاسا"کانیان نەبوو. وەرگێڕانی ئەوێستا بۆ زمانی پەهلەویی ساسانی (پارسیک) دەیتوانی ئەم خاڵە لاوازەش داپۆشینێ.**

**وەرگـێڕان و نووسـینەوەی دوبـارەی ئەوێسـتا لە کـوردیی هەورامیـیەوە (ئەوێستایی) بۆ سەر ئەو زمانە کە دواجار بە ناوی پەهلەویی ساسانی ناسرا، لە ڕاستیدا هەڵکەندنی گۆڕی دینی زەردەشتی و زمانی ئەوێستایی بوو. ئیتر لەمەولا ئەوێستا نەک تەنیا وەک کتێبێکی پیرۆزی ئایینی ڕێزی خۆی لە دەست دا، بەڵکوو وەک پەڕتووکێکی فەلسەفی، وێژەیی و مێژوویش بێ "ئەژ (ئەرزش)" بوو. هەروەها دینی زەردەشتیش هێژایەتی (قەدر، قیمەت)ی خۆی لە دەستدا.**

نـاوەرۆکی ئـایینی زەردەشـتی و کتێـبی ئەوێسـتا وەهـا لە لایەن بارەگـای ساسـانی و مۆغـانی زەردەشتییەوە گۆڕدرا بوو کە ئیتر دینی زەردەشتی لە بەرچاو کەوتووبوو، چینەکانی هەژار و بندەسـت لە مـێژ بـوو کە ئەم دیـنە دەربارییەیـان وەک چەکێـک لە دژی بەرژوەنـدییەکانی خۆیان هەست پێ دەکـرد، هەر بـۆیەش تـووشی سسـت باوەڕی ببـوون ، بە گـۆڕینی زمـانی ئەوێستاش ئیتر بێباوەڕی و بیانی بوون لەم دینە بە ئەو پەڕی خۆی گەیشت، خەڵک ئیتر نە دینی زەردەشتیان دەناسییەوە و نەش کتێبی ئەوێستا. لە جیاتی وتارەکان و سرودەکان و هەڵبەسـتەکانی واتـادار و پـڕ لە کیاسـەتی زەردەشـت، لە جیـاتی زمـانی شـیرینی هەورامی (ئەوێستایی) ، کتێبکی تر بە ناوەرۆکێکی لاوازتر و بە زمانێکی تێکەڵ لە ئەوێستایی و پارسی، کە نە ئەوێستایی بوو (کوردی) و نەش پارسی، لە پێش خەڵک دانرا. بەڵام ئەم ئەوێستایە و ئەم زمانە کە دواجار بە پەهڵەویی ساسانی ناسرا قەت لە نێو خەڵکدا جێگیر نەبوو، ئەمە زوانی ئاخاوتنی هیچ هۆز و ناوچەیەکی ئێرانی نەبوو، زمانێکی دەستکرد بوو بە مەبەستێکی تایبەتی، هەروا کە هات هەر واش ڕۆیشت.

ئەمەش لێرە بۆ خۆی تەوسێکی مێژووییە کە ئەو هێزەی کە دینی زەردەشتی لە ڕیشە هەڵتەکاند، ئەوەی کە زمانی ئەوێستایی (هەورامی) وەک زمانی ئایینی لە برەو خست و زەبرێکی گەورەی لە زمانی کوردی دا، ئەوە هێزی ئەسکەندەری مەکدۆنی نەبوو، چونکە پاش ئەسکەندەر هەم ئەوێستا مایەوە و هەم ئایینی

زەردەشتی. هەروەها ئەوە هێزی سپای ئیسلامێش نەبوو، چونکە ئەوان باجیان دەویست (جزیە) هەر ناوچەیەک باجی دابایە دەیتوانی خۆدای خۆی بپەرەستی و ڕێساکانی ئایینی خۆی بەجێ بێنێ. ئەو هێزە، هێزی کەس نەبوو جگە لە پادشایەتی ساسانی و تاقمێک لە مۆغەکانی دەرباری نەبێ. لەوانەیە جێگای سەیر و سەرسوڕمان بێ بەڵام ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە.

## باشووری کوردستان ناوەندی سەربازی و فەرمانڕەوایی ساسانییەکان:

پادشایانی ساسانی لە ناوچەکانی نێوان کرماشان و تیسپون چەندین کۆشک و سەرایان دروست کردبوو بۆ مانەوە و نیشتەجێبوونی خۆیان، لەوانە کۆشکی دەستگرد کە ئەمڕۆکە بە زیندان بەناوبانگە، کۆشکی شیرین کە ئەمڕۆ هەر بە قەسری شیرین ناسراوە، هەروەها لە قەراخ ئەو ئەشکەوتە کە شاپووری سێیەم لە تاقەوسان دروستێ کردبوو ئەشکەوتێکی تر هەیە کە زۆر گەورەترە و بە فەرمانی خەسرەو پەروێز دروست کراوە کە تاقی بەرهەیوانەکەی بە شێوازی نیوە بازنەیە.

هەروەها باشووری کوردستان ببووە گۆڕەپانی هاتووچوون و کۆکردنەوەی سپای سەربازی ساسانییەکان "سپایەکی سوارەیان هەبوو کە وەک سەردەمی هەخامەنشییەکان بە"سپای جاویدان" ناونرا بوو، ژمارەی ئەم سپای دەهەزار کەس بوو. سپایەکی تریش هەبووە بەناوی "جان ئۆسپار" بە واتای گیان ئەسپار (پێشمەرگە)"[68]. ژمارەیەکی زۆریش لە هێزی هۆزەکان هەمیشە ئامادەی شەڕبوون کە شەڕکەری چاک و کارا بوون، ئەمانە بریتی بوون لە سەکستانییەکان واتا سەکەکانی دانیشتووی سیستان (زرنگیا)، گیلەکان و کادوسیەکان (لای دەریای خەزەر)، ورتەکان، ئالبانییەکان (دانیشتوانی باکووری ئازەربایجانی ئیستا)، دیلمیان، کۆشانیانی ڕۆژهەڵات، خیونییەکان و ئەرمەنییەکان، ئەمانە هەموویان هەرسپای سوارە بوون. بێجگە لەمانە سپای پیادەشیان هەبوو کە لە خەڵکی ئاسایی گوندەکان پێک دەهات، کە بێ پارە و مێزد دەیانبردن بۆ جەنگ، بەڵام زۆر کارا و شارەزا نەبوون لە شەڕکردندا.[69]

---

[68] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ٢٩٧

[69] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ٢٩٨

## زمانی پەهلەویی ساسانی:

کاتێ کە ساسانییەکان دەستەڵاتیان گرتە دەست و ئەردەشێر لە تیسپون سەقامگیر بوو، زمانی پادشایەتی ئیران هەر وەک سەردەمی مادەکان بوو بە کەمێک گۆڕانەوە. واتا شێوەزاری ئایینیی مادی (هەورامی/ ئەوێستایی) زمانی ئایینی بوو بۆ هەموو خەڵکی ئێران لە هەموو ناوچەکاندا. هەروەها شێوەزاری پەهلەویی ئەشکانی کە لە بنەڕەتدا هەمان شێوەزاری گشتیی مادی بوو لەژێر کاریگەری شێوەزاری ئەشکانییەکاندا وەک زمانی کارگێڕی وخوێندن و نووسین بە کار دەهات. ئەم ڕەوشە هەر بەم شێوەیە هەتا ماوەی سەدەیەک درێژەی کێشا، پاشان وردە وردە لە پاڵ زمانی پەهلەویی ئەشکانیدا (کوردی)، زمانی ساسانیش (پارسی) وەک زمانی کارگێڕی لێ زیاد بوو، واتا هەم لە کۆشکی پادشایەتی و هەم بۆ کاروباری دیوانی هەر دووک زمانەکە کاری پێ دەکرا.

لە ماوەی سەدەی یەکەمی پادشایەتی ساسانیدا زمانی پارسی کەوتە بەر کاریگەرییەکی زۆری هەر دو شێوەزارەکەی زمانی کوردی واتا شێوەزاری گشتی (زمانی پەهلەویی ئەشکانی) وهەروەها شێوەزاری ئایینی (هەورامی/ ئەوێستایی). زمانی پارسی توانی لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆر دەستەواژەی سیاسی و کارگێڕی و سەربازی لە شێوەزاری پەهلەویی ئەشکانی و لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆر دەستەواژەی ئایینی لە شێوەزاری ئەوێستایی لە خۆ بگرێ و زمانی پارسی پێ دولەمەند و پاراو بێ.

**سەبارەت بەمە ئارتور کریستنسن دەبێژێ "شێوەزاری ناوچەی پارس واتا شێوەزاری باشووری ڕۆژئاوی ئێرانی (پارسی) جێگای زمانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی [کوردی= (نووسەر)] کە لە دەرباری ئەشکانییەکاندا باو بوو گرتەوە، بۆیەش ژمارەیەکی زۆری وشەیان لەو زمانەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پادشاکانی ساسانی لە سەدەی سێیەمی زایینیدا هێشتا لە بەردەنووسەکانی خۆیاندا زمانی پەهلەویی ئەشکانیان هاوکات لەگەڵ زمانی پەهلەویی ساسانی پێکەوە بە کار دەهێنا"[70].**

لە پاش سەدەی یەکەم لەبەر ئەو هۆکارانە کە پێشتر باسی لێ کرا، لەسەردەمی شاپووری دووەم کوڕی هۆرمز پادشای ساسانی (٣٠٩- ٣٧٩ زایینی) دەست درایە وەرگێڕان و نووسینەوەی سەرلەنوێ ئەوێستا بە زمانی پەهلەویی ساسانی. لەمەولا ئێتر هەر دووک شێوەزارەکەی کوردی (شێوەزاری گشتی و شێوەزاری ئایینی) وردە وردە کەوتنە قەراخەوە و یەک زمان ئەویش زمانی پەهلەویی ساسانی هەم بۆ کارو باری ئایینی و هەم وەک زمانی دیوانی بۆ کاروباری کارگێڕێ و سەربازی بە کار دەبرا. زمانی پەهلەویی ساسانی وەک زمانی

---

[70] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٤٤

ئـاییني نەیتـواني زۆر سـەرکەوتوو بێ و جیگـای زمـاني ئەوێسـتایي بگـرێتەوە، بەشـێکي زۆر لە دەستەواژەکان ناچار بوون هەر وەکوو خۆی بیهێڵنەوە و بچیتە نێو زماني پارسییەوە، بەڵام لە بەشەکەی دیکەیدا وەک زماني سیاسی وکارگێڕی و سەربازی تواني گەشەیەکي زۆر بکا.

ئێسـتاش ئەگەر چاوێـک بە سـەر وشـەکان و دەسـتەواژەکاني زمـاني پەهـلەويي ساسـانیدا بخشێنین، بەشێکي زۆر لەوانە وشەی ئاسایي کوردین لە کاتێکدا لە فارسیدا ئێستاش هەر بیگـانەیە و هـیچ واتـایەک نـاگەیني. لە هەمـووی سەرنجڕاکێشـتر دەسـتەواژەی "ئەسپوهەران"ە (بە فارسی واسپو-هران). لە سەردەمی ساسانییەکاندا کۆکردنەوەی باج لە گوند و شارەکاندا زۆر گرینگ و جێگای بایەخ بوو و وەک ئەرکێکي ئاییني چاوی لێ دەکرا (هەر ئەم نەریتەش دواجار بوو بە ئەرکێکي ئاییني لە دیني ئێسلامیشدا بە ناوی زەکات). لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەم باجە کۆ نەکرابایەتەوە بارگای پادشایەتي دەڕووخا. بەپێي نووسراوەکاني " تەبەری" خەسرەو پەروێـز سێ هەزار ژني لە کۆشـکەکەی هەبـووە بـێجگە لە خزمەتکارە ژنەکاني و گۆرانیبێژ و سازژەنەکاني، سێ هەزار خزمەتکاری پیاو و ٨٥٠٠ ئەسپ و ٧٦٠ فیل و ١٢٠٠٠ هێستری هەبووە. ڕاستەکەی لەوە دەچي ئەم ژمارەیە زێدەبێژی ( مبالغە) بێت، بەڵام ئەگەر ئەم ژمارەیەش نیوە بکەین، و ژمارەی سەربازەکان و میوانەکاني لێ زیاد بکەین، دەبینین کە ژمارەیەکي یەگجار زۆر لە خەڵکي نانخور و کارنەکەر وهەروەها بەهەزاران ئاژەڵ لە بارگای پادشایەتیدا خڕ ببوونەوە. دابینکردني خوارد و خوراک بۆ ئەم ژمارە زۆرە پێویستي بە ڕێکخراوەیەکي کارا و بەهێز بوو. بەرپرساني ئەم کارە بە دەستەڵاتێکي زۆرەوە شار بەشار و نـاوچە بەنـاوچە دەگەڕان و ئەوەی کە سـەرۆک هـۆز و بەرپرسـاني ناوچەکـان کۆیـان کردەبـووەوە بە کاروانێکي درێـژ کە لە هەزاران ئەسـپ و هێسـتر و کەران پێکـدەهات بەرەو پایەتەخت دەیانبردن. لەو سەردەمەدا بە ئەو کەسانەی کە ئەرکي ئەم کارەیان لە ئەستۆ بوو و لەگەڵ ئەم کاروانانەدا بوون، پێیان دەوترا کۆمەڵي یان تاقمی **" ئەسپ و هەران (ئەسپ و کەران). "**هەر" وشـەیەکي کـوردییە لە شـیوەزارەکاني هەورامي و زازاکیـدا واتـای "کەر" دەدا (بـڕوانە فەرهەنـگي وشـەنامە، لە نووسـیني بێـدار، هەولـێر ٢٠١٠زاییـني، ل.پ. ١٠٨٨، هەروەها فەرهەنگي زازاکي- کرمانجی، لە نووسیني چەکۆ کۆجاداغ [71] ).

" ئـارتور کریستنسـن لەم بـارەیەوە دەنـووسی کە بەرپرسـیاری کـۆکردنەوەی بـاج بە "واسپوهەرگان ( کـوردی: ئەسـپ و هەرەکان) نـاوی لێ نـرا بـوو، ( فـارسی: مسـتوفي خـراج ایالـت را واسـپوهرگان میخواندەانـد)" [72]. دیسـانەوە لە سـەرچاوەکاني ئەرمەنیـدا سـەبارەت

[71] Ferheng zazaki- kurmanci, Ceko Kocadag, 2010 sid 176

[72] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمە رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٦٥

بەمە هاتووە کە باجی ئەسفەهان لە ماڵێ ئەم بەرپرسە پایەبەرزە واتا "واسپوهەرگان" کۆ دەکرایەوە (بروانە هوبشمان، دستور زبان ارمنی ،ج ۱، ص ۱۷۸)[73].

"ئبن حوقل (ابن حوقل) لە سەدەی دهەمی زایینیدا دەڵێ ماوەیەکی زۆر لە پاش ڕووخانی پادشایەتی ساسانی هێندێک لە بنەماڵەکانی "واسپوهەران" لە ناوچەی پارس ماونەتەوە کە هەر لە کۆنەوە کاریان سەرۆکایەتی "دیوان"ەکان بووە[74].

بە هۆی ئاشنا نەبوون بە زوانی کوردی، مانای زۆر سەیروسەمەرە بۆ ئەم دەستەواژەیە کراوەتەوە، بۆ نموونە زرین کوب مێژوونووسی ناسراوی فارس دەنووسی: داراییەکانی "واسپوهەران" لە سەرانسەری ئێراندا پەخش و بڵاو بوون، بەشێک لە ئەرک و کارە گرینگەکان لە دەستی "واسپوهەران"دا بوو، بۆ نموونە دانانی تاج لەسەر پادشا، چاودێری کاروباری سەربازی و دادوەری، سەرکردایەتی سوارەی جەنگی، کۆکردنەوەی باجەکان و چاودێری خەزێنەی پادشا بەشێک لەم ئەرکانە بوون. (زرین کوب 1379: 81)"[75]. [شتی وا ناگونجی کە هۆزێک یان دەستەیەک هەموو ئەم ئەرکانەی لە دەستیدا بێ، ئەی ئەو هەفت هۆزەکەی تری فەرمانڕەوایی چکارە بوون؟ = (نووسەر)]. هەروەها هێرتسفێلد زانای گەورەی ئاڵمانی بێ ئەوەی بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو ڕوو بکا دەڵێ واسپوهەران بە واتای جێگری پادشا (ولیعهد) دێت! کە جیگای سەرسوڕمانە.

بەڵام ئەم بۆچوونانە ڕاست نین، ئەم دەستەواژەیە واسپوهەران نییە بەڵکوو "ئەسپ وهەران"ە کە واتای ئەسپ و کەران دەدا. ناونانی لەم شێوەیە لەو سەردەمەدا نموونەی کەم نییە، وەک ئەوەی ئێرانییەکان بە عەربەکانیان ئەوت " تاژی / تانجی ( فارسی: تازی)" و عەربەکان بە پارسەکانیان ئەوت عەجەم (عجم) واتا کەسێ کە "تور/ پسک"ە (کەسێ کە زمانی دەگرێ و ناتوانی ڕەوان قسە بکا).

ئیستاش هێندێک وشەی پەتی کوردی دەخرێتە پێش چاو کە لە زمانی پەهلەویی ساسانیدا بە کار هێنراوە لە کاتێکدا لە فارسیدا دەگمەنە. ئەم وشەگەلەی خوارەوە لە فەرهەنگی پەهلەوی لە نووسینی مەک کەنزی وەرگیراوە،(D.N. Mac Kenzie, 1986)

ئەویش/ awiš ، (مەک کەنزی ل.پ.١٤): جیناوی کوردییە بە واتای ئەویش. (فارسی: او هم).

---

[73] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٦٥

[74] ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧ ل.پ. ١٦٦

[75] http://qurantv.ir/Note/uNote.aspx?id=e4de1c0e-5187-4a93-9aaf-e58ca0aba587

ئەسپەرێس/ ئەسپەڕێز /aspres، (مەک کەنزی ل.پ.١٢): وشەیەکی کوردییە بە واتای ڕێز بوونی ئەسپەکان بۆ" بۆڕدان/ کێبرکیێە" بە ئەنگلیسی (race). ئەسپەڕێز ناوی یەکێ لە گوندەکانی کوردستانیشە لە هەورامان.

ئاخێز/ axez (مەک کەنزی ل.پ.١٤): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای هەستان دێت. (فارسی: برخاستن)[76].

بڕین/ brin (مەک کەنزی ل.پ.١٩): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای بڕین. (فارسی: بریدن).

درۆ/ dro (مەک کەنزی ل.پ.٢٧): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای درۆ دێت. (فارسی: دروغ).

درۆزن/ drozen (مەک کەنزی ل.پ.٢٨): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای درۆزن . (فارسی : دروغگۆ).

ئێران/ eran (مەک کەنزی ل.پ.٣٠): وشەیەکی ئاسایی کوردییە، (فارسی: ایران)

فراوەردەن، فراوەر/ frawardan, frawar (مەک کەنزی ل.پ.٣٣): وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی و لەکیدا.واتای فرە خواردن، فرەخۆر دێت. (فارسی، پر خوردن، پرخور).

فرازاناگ / frazanag (مەک کەنزی ل.پ.٣٣): وشەیەکی پەتی کوردییە بە واتای فرا زانا دێت. (فارسی: خیلی دانا / فرزانە).

فرە / فرا freh (مەک کەنزی ل.پ.٣٤): وشەیەکی پەتی کوردییە بە واتای فرە/ فرا/ زۆر/ گەلێک، دێت. (فارسی: بسیار، خیلی).

گار/ gar (مەک کەنزی ل.پ.٣٥): "گر" وشەیەکی کوردییە لە شێوازی کرمانجییدا بە واتای کیو، تەپە. (فارسی: کوە).

گیان / gyan (مەک کەنزی ل.پ.٣٩): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای گیان. (فارسی: جان).

هەمدەم/ hamdam (مەک کەنزی ل.پ.٤١): وشەیەکی کوردییە بە تایبەتی لە شێوەزاری کرمانجیدا. (فارسی: معاصر).

---

[76] بروانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی هەژار ل.پ.٣

هـێرگ / هـێری / herig (مەک کەنـزی ل.پ.٤٣): وشـەیەکی ئاسـایی کـوردییە واتـای هەرِگ/ هێری/ خێری/ قورِ، دەدا. (فارسی: گل).

کەفتن/ kaftan (مەک کەنزی ل.پ.٤٨): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای کەفتن/ کەوتن دێت. (فارسی: ئۆفتادن/ افتادن).

کەرک/ kark (مەک کەنـزی ل.پ. ٥٠): وشــەیەکی ئەوێســتایی و هەروەهــا هەورامــی و زازاکییە بە واتای مرێشک دێت. (فارسی:مرغ).

مزگیت / mazgit (مەک کەنزی ل.پ.٥٥): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای مزگێت / مزگەوت دێت. (فارسی: مسجد)

میز، میزدان/ mez, mistan (مەک کەنزی ل.پ.٥٦): وشەیەکی ئاسایی کوردییە هەر بە واتای میز و میزدان دێت. ( فارسی: شاش).

مســت/ must (مەک کەنــزی ل.پ.٥٧): وشــەیەکی ئاســایی کــوردییە هەر بە واتــای مست(مشت) دێت. ( بە فارسی مشت).

ئۆز/ oz (مەک کەنزی ل.پ.٦٢): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای وزە و هێز دێت.

پێکەفـتن / pahikaftan (مەک کەنـزی ل.پ.٦٣): وشـەیەکی پەتی کـوردییە لە شـێوەی هەورامی بە واتای شوێنکەوتن دێت.

پاهرێز / pahrez (مەک کەنزی ل.پ.٦٤): بە واتای پارێز و پارێز کردن دێت، (بە فارسی پرهیز).

سـور/ sur (مەک کەنـزی ل.پ.٧٨): وشـەیەکی ئاسـایی کـوردییە بە واتـای جـێژن، سـور، میوانی دێت.

تارمانیە / tarmanih (مەک کەنزی ل.پ.٨٢): وشەیەکی کوردییە بە واتای تارمایی دێت. ( فارسی: شبح).

تەرس tarsag/ tars (مەک کەنـــزی ل.پ.٨٢): بە واتـــای فەلەیە (مەســـیحی)یە، لە کوردیدا ئێستاش هەر بە کاردێت وەک " تەرەس" گۆ دەکرێ.

وەفـر / wafr (مەک کەنـزی ل.پ.٨٥): وشـەیەکی ئاسـایی کـوردییە لە شـێوەی هەورامی، زازاکی و کوردیی باشووریدا.بە واتای وفر/ بەفر دێت. (فارسی: برف).

وەهار/ wahar (مەک کەنزی ل.پ.٨٦): بە واتای وەهار/ بەهار دێت، وشەیەکی کوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی و کوردیی باشووریدا.

وەهێشت/ wahišt (مەک کەنزی ل.پ.٨٦): بە واتای وهەشت/ بەهەشت، وشەیەکی کوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی، لەکی و کوردیی باشووریدا.

وەهـمەن / wahman (مەک کەنـزی ل.پ.٨٦): بە واتـای بەهـمەن، وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی، لەکی و کوردیی باشووریدا.

وانگ / wang (مەک کەنـزی ل.پ.٨٦): بە واتـای وانـگ / بانـگ، وشـەیەکی کـوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی، لەکی و کوردیی باشووریدا.

واران / waran (مەک کەنزی ل.پ.٨٧): هەمان وشـەی "واران"ە لە شێوازەکانی هەورامی و زازاکی،لەکی وکوردیی باشووریدا. (فارسی: باران).

وەراز / waraz(مەک کەنزی ل.پ.٨٧):واتای بەراز دێت، هەمان وشەی ورازە لە هەورامی و شێوەکانی کوردیی باشووریدا. ( فارسی: گوراز).

وەرگ / warg (مەک کەنزی ل.پ.٨٧): وشـەیەکی کوردییە لە شێوەی هەورامی و کوردیی باشووریدا، واتای بەرگ / گەڵا دەدا. (فارسی: برگ).

وەرەگ/ وەرخ/ warrag(مەک کەنـــزی ل.پ.٨٥): وشـــەیەکی کـــوردییە لە شـــێوەی هەورامی، لەکی و کوردیی باشووریدا، بە واتای بەرخ دێت. ( فارسی: برە).

وێـر/ wir (مەک کەنـزی ل.پ.٩١): وشـەیەکی پەتی کـوردییە واتــای "وێـران (جرئـت/ شهامت) دەدا، وەک دەڵێن ناوێری واتا جورئەت ناکا. (فارسی: جرئت).

ویر/ wir (مەک کەنزی ل.پ.٩١): وشەیەکی کوردییە لە شێوەی هەورامی، زازاکی، لەکی و کوردیی باشووریدا.واتای "ویر/ بیر دەدا ( فارسی: فکر).

خـۆر/ xwar (مەک کەنـزی ل.پ.٩٥): وشـەیەکی پەتی کـوردییە واتـای خـۆر/ ڕۆژ دەدا. (فارسی: خورشید، ئافتاب).

خـوارن/ xwaren (مەک کەنـزی ل.پ.٩٥): وشـەیەکی کـوردییە لە شـێوەی کرمـانجی بە واتای خواردن دێت. (فارسی: خوردن).

خـوێش/ xweš (مەک کەنـزی ل.پ.٩٦): وشـەیەکی ئاسـایی کـوردییە بە واتـای خـۆی، خۆیشی. (فارسی: خودش).

زرێ / zreh (مەک کەنزی ل.پ.٩٩): وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای زریا / دەریا دێت، بۆ نموونە ناوی دەریاچەی زرێوار لە مەریوان دەچیتەوە سەر ئەم وشەیە کە. "زرێ " واتای زریا دەدا و " وار" واتای "وەک "دەدا، پێکەوە بە مانای وەک دەریا (دەریاچە) دەدا.

زووان/ zuwan (مەک کەنزی ل.پ.١٠٠): وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری هەورامی، زازاکی، لەکی و کوردیی باشووریدا.بە واتای زوان / زمان دێت. ( فارسی: زبان).

هەروەها لەم سەردەمەدا نیشانە کۆ لە دۆخی "دیاری/ شوناس" ( فارسی، علامت جمع معرفه) کە لە کوردیدا وەک " ک +ان (کان)" بە کار دێت، کەوتە نێو زمانی فارسیشەوە و ئێستا وەک "گان" گۆ دەکرێ بۆ نموونە:

فره زاناکان = فرزانگان

دیوانەکان = دیوانگان

بچکەکان = بچەگان

ئەسپ وهەرەکان (هەورامی) = ئەسپ وهرگان

مردەکان (هەورامی)/ مردوەکان = مردگان

پیادەکان = پیادگان

خۆداکان = خودایگان

ورسیەکان/ برسیەکان = گرسنگان

## کارێگەری زمانی پەهلەویی ساسانی لەسەر زمانی کوردی:

لە پاش ئەوەی کە زمانی پارسی (پەهلەویی ساسانی) بە کەڵک وەرگرتن لە هەر دوو شێوەزارەکەی کوردی واتا شێوەزاری گشتی (پەهلەویی ئەشکانی) و شێوەزاری ئاییني (ئەوێستایی/ هەورامی) خۆی دوڵەمەند و پاراو کرد و بوو بە زمانی ئاییني و کارگێڕی ئێتر زمانی کوردی سەنگ و شوێنی جارانی خۆی لە دەست دا و زمانی کوردی بە هەر دوو شێوەزارەکەیەوە لە شوێنەکانی باشووری کوردستان کە جێگای نێشتەجێبوونی بنەماڵەکانی پادشایەتی و شوێنی هاتووچوونی هێرەکانی سەربازی و ئەو هۆزە چەکدارانە بوون کە لە

ڕۆژهەڵات و باشووری ئێرانەوە بەرەو پایتەخت و بۆ کۆشکی پادشایەتی دەهاتن کەوتنە بەر کاریگەریی زمانی پەهلەویی ساسانییەوە. یان بە شێوەیەکی ڕوونتر هۆزە گەورەکانی وەک کەلهۆڕ، گۆران، پیلی (فەیلی) و" لەک" کە لەم ناوچەگەلەدا ئەژیان و بێگومان خۆشیان بەشێک بوون لە سپای چەکداری ساسانی، کەوتنە بەر کاریگەری ئەم زمانەوە. بەم شیوەیە وردە وردە دوو شێوەزاری دی لە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان هاتنە ئاراوە کە کاریگەریی زمانی پەهلەویی ساسانیان پێوە دیارە ئەویش شێوەزارەکانی کوردیی باشووری/ "کەلهۆڕی" و ' لەکی"یە.

لێرەدا پێویستە باسی ئەمە بکرێت کە شێوەزارەکانی کەلهۆڕی و فەیلی لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجی)، بەڵام لەکی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی). ئەم بابەتە لە بەشی داهاتودا زیاتر ڕوون دەکرێتەوە.

# بەشی دەیەم

# زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

ئەم بەشە لە ڕاستیدا پۆختە و ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لە بەشەکانی پێشوتردا باسی لێ کرا. لە بە شەکانی ١ و ٢ و ٣دا ئەوە ڕوون کرایەوە کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە هەتا سەردەمی پێکهاتنی فەرمانڕەوایی ماد ژمارەیەک هۆزی ئێرانیی زمان لە کوردستاندا ژیاوەن کە بە شێوەزارگەلێک قسەیان کردوە نزیک بە زمانی کوردی کە هەر هەمویان دەگەڕێنەوە بۆ سەرهەمان خێزانی زمانی کە زمانی کوردی بۆی دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە زمانی میتانییەکان و ماننایەکان کە لە بەشەکانی ٢ و ٣دا باسی لێ کرا.

ئەو زمانە مادییە (کوردییە) کە لە سەردەمی مادەکاندا وەک زمانی گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و سەربازی و دادوەری و بازرگانی لە نێوان هۆزەکاندا کاری پێ دەکرا ژێرخانەکەی هەر زمانی ئەو هۆزانە بوو کە هەر لە مێژ بوو لە کوردستاندا نیشتەجێبوون.

## سەرهەڵدانی زمانی کوردیی کۆن:

لە سەدەی هەفتەمی پ.زاییندا دوو ڕووداوی گەورە لە کوردستاندا هاتنە ئاراوە.

یەکەم: شۆڕشی گەورە و گرانی هۆزەکانی ئێرانی لە بن سەرکردایەتی مادەکان لە دژی پادشایەتی ئاشوور و سەرکەوتنی شۆڕشەکە و هاتنە سەرکاری مادەکان وەک ئیمپراتورییەکی گەورەی ئێرانی.

دووەم: گەشەسەندنی ئایینی زەردەشتی و پەرەسەندنی وەک ئایینی گشت هۆزەکانی دانیشتووی وڵاتی کۆنی ئێران.

لە سەردەمی سەرهەڵدانی مادەکان لە دژی ئاشوور، چەند هۆزێکی تری ئاریی زمان کە ئەوانیش بە شێوەگەلێک قسەیان دەکرد کە زۆر نزێک لە زمانی مادی بوو بەرەو کوردستان کۆچیان کرد ئەو هۆزانەش بریتی بوون لە هۆزەکانی:

- **کەیمری:** هۆزێکی کۆچەر بوون کە لە بنەڕەتدا لە سەرەوەی دەریای ڕەشدا نێشتەجێبوون و دواجار بەرەو ناوچەکانی ئەرمەنستان و کوردستان کۆچیان کرد. هۆزێکی گەورە و جەنگاوەر بوون. کەیمری وشەیەکی کوردییە لەسەر شێوازی کرمانجی، "کەی" بە واتای گەورە و سەرۆک دێت بۆ نموونە دەڵێن

"کەی بـانوو/ کەیوانــوو" کە واتــای پـارێزەری گەورەی مـاڵ، یـان "کەی خۆدی" کە واتای خاوەنی گەورەی گوند، یان "کەیخەسرەو" کە واتای شای گەورە دەدا."مـری"ش وشـەیەکی پەتی کرمـانجییە بە واتـای مـردو دێـت، پێکەوە واتای گەورە مردو یان سەرۆک مردو دەدا، ( هـرودت مێژوونووسی بەناوبانگ کە خـۆی لە چەرخی پێنجەمی پ.ز ژیاوە واتا لە هەمان کاتـدا کە کێمریەکـان وەکـوو هـۆز هێشـتا هەر لە ژیانـدا بـوون هەر ئەم واتـایە بـۆ ناوەکەیانی داناوە)[77]. بە ئەگەرێکی زۆر ناوی شاری کامێران لە نزێکی شاری سـنە و هەر وەهـا گونـدی " کامەریـان" لە نـاوچەی بیتـوێن لای ڕانـیە پەیوەندییان بە ناوی ئەم هۆزەوە هەیە.

- **سـکێتی یـان شـکیتا:** ئەم هـۆزە لە باشـووری ڕووسـیاوە بەرەو کوردسـتان هـاتبوون. نـاوی ئەم هـۆزە لە سـەرچاوەکانی کۆنـدا بە چەنـدین جـۆر هـاتووە وەک سکێتی، شکیتا و ساکا. بە ئەگەرێکی زۆر هـۆزی "شکاک" لە ناوچەی سۆما و برادۆسـتی ورمـێ (ارومـیە) پاشـماوەی یان بەشـێکن لەم هـۆزە. هەر ئێستاش ناوی یەکێ لە گوندە ناوەندییەکانیان گوندی "ساکان"ە لە سۆما.

لە پاش هاتنی ئەم هۆزانە و ئەو هەلومەرجە نوێیە کە لە سەردەمی دەستەڵاتداری مادەکاندا هـاتبووە ئاراوە، پێویسـتی بە زمانێکی هـاوبەش بـوو لە نێوان هۆزەکانـدا. لێرەدا شـێوەزارێک سـەری هەڵـدا کە وەک زمـانی هـاوبەشی کـارگێڕی و سـەربازی و بازرگـانی لە وڵاتی کـۆنی کوردەواریدا جێکەوت و برەوی ستاند. دیاکۆنوڤ لەم بارەیەوە ئاوای نووسیوە:

مانەوە و دەستەڵاتی ئەسکیتەکان لە ناوچەکەدا بوو بە هۆی گەشەکردن و برەوی زمانێکی ئاخـاوتن نە تەنیـا لە ناوچەکـانی ژێـر دەسـتەڵاتی مـاددا بەڵکـوو لە سەرتاسـەری خـاکی ئەو وڵاتەدا. زمانی مادەکان و زمانی ئەسکیتەکان ئەوەندە لە یەک نزیک بوون کە خەڵکەکانیان زۆر بە ئاسـانی دەیـانتوانی لەگەڵ یەک قسـە بـکەن. و ئەم زمـانە بـوو بە زمـانی ئاخـاوتن و پەیوەنـدیگرتن لە نێـوان هۆزەکـانی مانـایی و مـادی و تەنـانەت ئەو هـۆزانەش کە زمانیـان کاسـپی (نـائێرانی) بـوو. بەم جـۆرە زمـانێکی ئـێرانی هـاوبەش هـاتە ئـاراوە کە هەر لە ڕووبـاری ئەرەس هەتـا ناوچەکـانی پـارتی دەگـرتەوە". (مـێژووی ماد.دیـاکۆنوڤ وەرگـێرانی کەریـم کەشاوەرز ١٣٤٥ هەتاوی، ل.پ.٣٥٩).

---

[77] http://www.iranicaonline.org/articles/cimmerians-nomads

به پشتبەستن بە شروفەکاریەکانی بەشەکانی پێشوتری ئەم کتێبە، بە تایبەت ئەو زانیارییانە کە لەسەر زمانی میتانییەکان و ماننایییەکان خرانە ڕوو، دەکرێ ئەو وتەیەی دیاکۆنوڤ ئاوا پەرداخت (فورمولە) بکرێ:

**زمانی کوردی (مادی) ئەنجامی وەڵامدانەوە بە نیازەکانی سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتی پادشایەتی ماد بوو. بناغەی ئەم زوانە لەسەر بنەمای زمانی هۆزەکانی مادی، ماگی، میتانی، ماننایی و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن و تێکەڵاوی لەگەڵ زمانی هۆزەکانی سکێتی/ شکیتا و کەیمری ڕیشەی داکوتا و سەری هەڵدا و وەک زمانێکی دیوانی / فەرمی ئیمپراتوریەتی ماد گەشەی ستاند. زمانی کوردی لە سەردەمی مادەکاندا یەک زمان بوو بە دووشێوەزاریّ نزیک لە یەکتر، یەکەم شێوەزاری گشتیی مادی، کە بۆ کاروباری کارگێڕی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و بازرگانی لە نێو هۆزەکانی هەموو ئێراندا بە کار دەهات. دووەم شێوەزاری ئایینی، کە تەنیا بۆ کاروباری ئایینی لە گشت وڵاتی کۆنی ئێراندا بە کار دەهات، کە ئەویش شێوەزاری هۆزی مۆگان (مۆغان) بوو، کە ئێستا بە زمانی ئەوێستایی (هەورامی) ناسراوە. ئەم شێوەزارە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوێستاناسان لە ناو نەچووە بەڵکوو بە هێندێک گۆڕانەوە ئێستاش وەک زمانی هەورامی لە هەورامان و هەروەها وەک زمانی ئایینیی یارسانەکان هەر برەوی ماوە.**

لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا بە لێکۆڵینەوە لە وشەکانی زمانی مادی و هێنانەوەی بەڵگە ئەوە سەلمێندرا کە شێوەزاری گشتی زمانی مادی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ شێوەزاری کرمانجییدا. لە هەمان کاتدا لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئایینی زەرەدەشتییەوە شێوەزاری هۆزی "مۆگ" کە یەکێک بوون لە هۆزەکانی پێکهاتەی ماد کە ئەرکی ئایینیان لە سەرشان بوو، بوو بە زمانی ئایینی گشت هۆزەکانی وڵاتی کۆنی ئێران.(بڕوانە بەشی چوارەم لەژێر سەردێڕی " دوو شێوەزاراوەی زمانی مادی"، هەروەها بەشی پێنجەم شێوەزاری ئایینیی زوانی مادی (زمانی ئەوێستایی/ مۆگی/ هەورامی)).

**ئەم دوو شێوەزارە شانبەشانی یەکتر لە سەردەمی مادەکان، هەخامەنشییەکان و تەنانەت ئەشکانییەکانیشدا برەویان هەبوو و لە**

پەرەسەندندا بوون. زمانی مادی لەو سەردەمەدا دەکرێ وەک زمانی کوردیی کۆن پێناسە بکرێت.

## زوانی کوردیی میانی:

لە بەشی هەفتەمدا ئەوە ڕوون کرایەوە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هیچ گۆڕانکارییەک بە سەر شێوەزاری ئایینی کوردیدا ( ئەوێستایی / هەورامی)دا نەهات، ئایینی زەردەشتی و زمانی ئەوێستایی وەک خۆی مایەوە. بەڵام لەلایەکەوە بە هۆی نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی پارتی و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ دانیشتووانی کوردستان و لەلایەکی تریشەوە بە هۆی نزیکایەتی زۆری زمانی گشتیی مادی ( کرمانجی) لەگەڵ زمانی پارتی (ئەشکانی)دا، **شێوەزارێکی تر لە کوردی هاتە ئاراوە کە ئەمڕۆکە بە شێوەزاری سۆرانی دەناسرێت، کە هەر وەک پێشتر باسی کرا کاریگەریی شێوەزاری ئەشکانی پێوە دیارە. ئەو زمانەی سەردەمی ئەشکانییەکان کە بەناوی پەهلەویی ئەشکانی دەناسرێت، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانی کوردییەوە هەیە و لە بنەڕەتدا زمانی مادی (کرمانجی)یە لەژێر کاریگەری شێوەزاری ئەشکانییەکاندا. بەردەنووسەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان، یەکێ لە قەباڵەکانی هەورامان و هەروەها، بەردەنووسەکانی سەردەمی ساسانییەکان ئەوانەی کە بە شێوازی پەهلەویی ئەشکانی نووسراوەتەوە، دەکرێ وەک شێوەزاری گشتی زمانی کوردیی میانی پێناسە بکرێت.**

شێوەزاری ئایینی کوردی (کوردیی هەورامی) هەتا سەردەمی ساسانییەکان ئاڵوگۆڕێکی وای بە سەردا نەهاتبوو، بەڵام لە سەردەمی ساسانییەکاندا هەر وەک باسی لێ کرا کتێبی ئەوێستایان وەرگێڕاندە سەر زمانی پارسی و زمانی ئەوێستایی (هەورامی) لە برەو کەوت. و بە تێکچوونی پادشایەتی ساسانی و هاتنی ئایینی ئیسلام زمانی ئەوێستایی لە ئێراندا تووشی فەرامۆشی هات. بەڵام لە کوردستاندا لەبەر دوو هۆکار زمانی ئەوێستایی لە ناو نەچوو، بەڵکوو هەر وەک زمانی ئایینی و زمانی ئاخاوتن هەرمایەوە:

یەکەم: ڕاستە کە زمانی ئەوێستایی زمانی ئایینی بوو و هەر بۆ کاروباری ئایینی بە کار دەهات، بەڵام بۆ هۆزی مۆگان (مۆغان)، ئەم زمانە، زوانی ئاخاوتن و زوانی دایکی خۆیان بوو، و هەر وەک پێشتر ڕوون کرایەوە، هۆزی مۆگان لە پاش هێرشی ئەسکەندەر لە ناوچەی هەورامان گیرسانەوە و ئەوێ بوو بە نیشتمانیان. بۆیە زمانی ئەوێستایی لە هەوراماندا لە ناو نەچوو و هەر بەزیندویی مایەوە.

دووەم: هەتا ٥٠٠ ساڵ پاش سەرهەڵدانی ئیسلام هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان نەبوون بە موسوڵمان، و پیرانی زەردەشتی هەر خەریکی کاروباری ئایینی خۆیان بوون، و ژمارەیەکی زۆر لە مەردمی ناوچەکانی هەورامان و کرماشان و لەکستان هەر پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی بوون. بۆ نموونە دەکرێ چاو لە چەند پارچە هەڵبەستێکی پیرانی یارسانی بخشێندرێت:

لە هەڵبەستەکانی پیرشاریار ١٠٠٦-١٠٩٨ زایینی

ئەو ئاهرخانە، ئەو ئاهرخانە

بارگەی شام وەستەن، ئەو ئاهرخانە

زەردەشتەش کیاست، پەری فەرمانە

بەرگۆزیدەش کرد، نە ڕووی زەمانە

واتاکەی:

ئەم ئاگرخانەیە، ئەم ئاگرخانەیە

بارگای شای منە ئەم ئاگرخانەیە

زەردەشتی ناردووە و بە فەرمانە

هەڵی بژاردووە بۆ گشت زەمانە

لە هەڵبەستەکانی بابا سەرهەنگی دەودانی ٩٣٥-١٠٠٧ زایینی

بابا سەرهەنگ کە یەکێکە لە پیرانی یارسانی لە هەڵبەسێکی خۆیدا بە ڕوونی باسی ئەوە دەکا کە بۆ ساخکردنەوەی دینی کوردان (زەردەشتی) تێ دەکۆشێ.

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

ئەز کەناممەن سەرهەنگ دەودان

چنی ئێرمانان مەگێلم نە هەردان

مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

واتاکەی:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

من کە ناومە سەرهەنگ دەودان

وەکوو کۆمەڵی دینداران دەگەڕم لە شاخ و هەردان

تێ دەکۆشم بۆ ئایینی کوردان

بەپێی نووسراوەکانی "تاریخ مردوخ" و هەروەها کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی[78] ، خەڵکی هەورامـان هەتـا سـەدەی هەشـتەمی کـۆچی ( سـەدەی ١٤ زاییـنی) هەر لەسـەر ئـایینی زەرەدەشـتی مابوونەوە. و لە دوای ئەم ساڵانەدا دەچنە سەر ئایینی ئیسلام. بەڵام بەر لەم رێکەوتە، لە نێوان سەدەکانی ١٠-١٤ زایینی (٤-٨ کۆچی) ئایینی زەرەدەشتی لە نێو بەشێک لە کوردانی کرماشان و لەکستان ( لە نێوان کرماشان- هەمەدان- خۆرەم ئاباد) کەوتە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە و ناوەکەشی لە زەرەدەشتییەوە گۆڕدرا بۆ "یارسان". بەڵام زمانی ئەوێسـتایی (هەورامی) هەر وەک زمـانی ئـایینی لە نێـو یارسـانەکاندا هەتـا ئێسـتاش هەرماوەتەوە و پیرانی یارسانی هەمان ئەرک وفرمانیان هەبوو کە پیرانی زەرەدەشتی هەیانبوو، و باوەڕی یارسانی لەسەر هەمان رێباز و ڕامانی ئایینی زەرەدەشتی ڕاوەستاوە و پیرانی یارسانی ستایشگەر و شوێنکەوتووی پێرانی زەرەدەشـتی بـوون. بەڵام کاریگەریی ئـایینی ئیسـلامی بە جەستەی ئایینی یارسانییەوە دیارە. بۆ یەکەمین جار لە هەڵبەستەکانی "شاخۆشین ١٠٥٠-١٠٧٤" زایینیدا، ئەم کاریگەرییە دەردەکەوێ.

**زمانی ئەو پارچە هەڵبەستە کە بە ناوی هورمزگان ناسراوە، زوانی ئەو بەشە لە سرودەکـانی یارسـانی کە هی سـەردەمی باباسـەرهەنگی دەودانی و پیرشاریاری یەکەمە و هەروەها زوانی هەڵبەستەکانی کتێبی ماریفەتی پیری شاریار دەکرێ وەک زمانی هەورامیی میانی / (ئەوێستایی- میانی) پێناسە بکرێت.**

[78] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م خزنەدار ل.پ ٢٣٧

## زمانی کوردیی ئەمڕۆ و شێوەزارەکانی:

زمانی کوردیی ئەمڕۆ بە گشت شێوەزارەکانیەوە، درێژەدەر و نەوەی هەمان زمانی "مادی"یە. هەر وەک لە بەشی چوارەمی ئەم پەرتووکەدا نیشاندرا، زمانی مادی دوو شێوەزاری هەبووە کە لەو سەردەمەدا زۆر لە یەک نزیکبوون، ئەویش شێوەزاری گشتیی مادی و شێوەزاری ئاییینی مادی بوون. شێوەزاری ئاییینی زمانی ئاخاڤتنی هۆزی مۆگان بوو کە خۆیان یەکێ بوون لە هۆزەکانی سەرەکی پێکهاتەی ماد وسەرپەرستیاری کاروباری ئاییینی بوون. ئەم شێوەزارە تەنیا بۆ کاروباری ئاییینی بە کار دەهات، و بێجگە لە کتێبی ئەوێستا و نووسراوە دینییەکان، تاکە بەردەنووسێک، نووسراوەیەکی مێژوویی، پەیماننامەیەک لە سەردەمی کۆندا بەم شێوەزارە نەنووسراوەتەوە. **ئەم زمانە هەر وەک خۆدی ئەوێستا زمانێکی پیرۆزی ئاییینی بوو.** ( تەنانەت بە وتەی " ئەمیر حوسەینی خونجی" لێکۆڵەر و مێژوونووسی ئێرانی هەتا سەدەی دووەم و دوایی فەرمانڕەوایی " پەرتەکان / ئەشکانییەکان" ناوی "مۆغ " وەکوو وشەیەکی پیرۆز ئەژمێردرا)[79].

ئێستاش ئەم هەر دوو شێوەزارە بە کەمێک گۆڕانەوە هێشتا هەر ڕووالەتی ڕاستەقینەی خۆیانیان پاراستووە، بەڵام بە هۆی ڕووداوەکانی مێژوویەوە هێندێک بنزاراوەی لێ کەوتووەتەوە و هەر وەها ژمارەیەکی زۆریش لە دەستەواژەکانیان لی سڕاوەتەوە. بۆ پۆلێنکردنی بنزاراوەکانی کوردی بەپێی ئەو پێوەرەی کە لە بەشی چوارمی ئەم کتێبەدا ڕوون کرایەوە، دەکرێ شێوەزارەکانی کوردی بەشێوەیەکی زانستی دەستەبەندی بکرێت. (ئەمەش ئەو دەقەیە کە لە بەشی چوارەمدا هاتووە):

**زانایانی بواری زمانەوانی بۆ پۆلێنکردنی زمانەکان دیاردەیەک دیاری دەکەن و زمانەکان بەپێی ئەو دیاردەیە دەخەنە خانەیەکەوە. بۆ نموونە جیاوازی نێوان زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوی ئێران (کوردی) لەگەڵ باشووری ڕۆژئاوا (فارسی) بە هۆی دیاردەی پیتی "د" و "پیتی "ز"وە دیاری کراون. وەک وشەی دانا لە فارسیدا و زانا لە کوردیدا، بەردیا لە فارسیدا و بەرزیا لە کوردیدا یان دەریا لە فارسیدا و زریا لە کوردیدا. دل لە فارسیدا و زیل (هەورامی)/ زری (زازاکی) لە کوردیدا، وارزان (بارزان) لە کوردیدا و واردان لە پارسیدا، پارادیزا (بەهەشت) لە کوردیدا و پارادیدا لە پارسیدا. بە هەمان شێوە ئەگەر گەرەکمان بێت جیاوازیی نێوان شێوەزاری ئاییینی**

---

[79] پیدایش ایران – پادشاهی ماد امیر حسین خنجی ل.پ. ۱۷۷

**مادی (ئەوێستایی ) و شێوەزاری گشتیی مادی پێناسە بکەین، لە یەک شتی سەرەکیدا خۆی نیشان دەدا ئەویش گۆکردنی پیتی "خ"ێیە لە شێوەزاری ئەوێستاییدا، بە تایبەت ئەگەر پیتی "خ"ێ پێش پیتەکانی "ۆ/ و/ وو" بکەوێ ئەوە دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشەکەدا دەگۆردرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان (ھ) و ( و)دا گۆ دەکرێ، نە پیتی "ھ"یە بە تەواوی و نەش پیتی "و"یە بە تەواوی، دەنگێکە لە نێوان ئەم دوو پیتەدا بەڵام زیاتر بە "و"ێ نزیکە،[ لە فەرھەنگەکانی ئەوێستاییدا وا باوە کە ئەم پیتە وەک " Xv یان Hv" پێشان دەدرێت ]. بۆ نموونە وشەی خۆم لە ئەوێستاییدا دەبێتە وێم[80] (لە شێوزارەکانی ئەوێستایی کوردیشدا ھەر وایە) وشەی خوێنی لە ئەوێستاییدا دەبێتە ونی[81] (لە ھەورامیدا دەبێتە ونی یان ھونی)، "خواستن/ خواس" دەبێتە واستن/ واس[82] (لە شێوەزارەکانی ئەوێستایی کوردیشدا ھەر وایە)، خەسرو لە ئەوێستاییدا دەبێتە "ھوسرو/ھوسروا"[83]، کەیخەسرەو دەبێتە کەیھەسرو/ (کەیھوسرونگە)[84]، و ھەر بەم جۆرە وشەکانی خوش دەبێتە "ھوەش یان وەش"، خواردن دەبێتە "واردن/ واردەی"، خۆر دەبێتە "وەر/ ھوەر". توخم دەبێتە "توم/ توو"، خوێندن دەبێتە "وەندن/ وانای". خۆرد (بچووک) دەبێتە ورد. ئەمە تایبەتمەندی شێوەزاری ئەوێستاییە لەگەڵ شێوەزاری گشتیی مادیدا. ھەروەھا ئەم دیاردەیە لە نێوان شێوەزاری گشتیی کوردی (کرمانجی، سۆرانی، باشووری/ (کەلھوڕی) و شێوەزاری ئەوێستایی کوردی (ھەورامی، زازاکی، لەکی، شەبەک) ھەر ماوەتەوە و تایبەتمەندییەکی ڕوون و بەرچاوە.**

---

[80] Vaêm. Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

[81] Vohuni. ھەمان سەرچاوە

[82] Vaz. ھەمان سەرچاوە

[83] haosrava [haosravangh] = 10 (N) a proper name (k600), K.E.Kanga

[84] اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دھم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳۸

ئەگەر بەپێی ئەم پێوەرە هەڵسەنگاندن بۆ زاراوە جۆربەجۆرەکانی زوانی کوردی بکرێت، شێوەزارەکانی کوردی بە سەر دوو گرۆی سەرەکیدا دابەش دەکرێت:

**یەکەم: شێوەزاری گشتیی کوردی، کە چەندین بنزاراوە دەکەوێتە نێو ئەم خانەیەوە لەوانە:**
**١- کرمانجی ٢- سۆرانی ٣- کوردیی باشووری/ کەلهوڕی.**

**دووەم: شێوەزاری ئەوێستایی/ هەورامی: ئەم شێوزارەش چەندین بنزاراوە لە خۆ دەگرێت لەوانە:**
**١- هەورامی ٢- زازاکی ٣- لەکی ٤- (شەبەک، باجەڵان، کاکەیی).**

**لێرەدا بۆ باشتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە هێندێک لە وشەکانی کوردی لە شێوەزارەکانی جیاجیادا لەگەڵ یەک بەراورد دەکرێن:**

| زمانی کوردی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شێوەزاری گشتیی کوردی | | | شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی) | | |
| کرمانجی | سۆرانی | کەلهوڕی (باشووری) | هەورامی | زازاکی | لەکی |
| خوارن | خواردن | خواردن | واردەی | وەردن | هواردن |
| خوەست/ خواز | خواست/ خواز | خواس / خواز | واس/ واز | واس/ واز | گێس / واز |
| خوە | خۆم | خوم | وێم | هۆ/ خۆ | وژم |
| خوین | خوێن | خوون | ون/ هوون | گوون/ گووێن | هوێن/ خوێن |
| خوێندن / خوندن | خۆیندن | خوەنن | وانای | واندەنە | خوەنن |
| خورد/ هورد | خورد/ ورد | ورد | ورد | ورد/ هورد | هورد |
| خوەش | خۆش | خوەش | وەش | وەش | خوەش |
| خۆر/ رۆژ | خۆر/ رۆژ | خوەر | وەر | وەر | هوەر |
| خوار | خوار(ژێر) | خوار | وار | وار | هوار |
| خەون/ خەو | خەون/ خەو | خەو | وەرم | هەون | هەو/هەون |
| خوارزا | خوارزا | خوارزا | وارەزا | وارزا | وەرزا |
| خورین | خورین/ خوران | خورین/ خوریان | ورنە/ ورنای | هوریێەنە/ هوریایش | - |
| خەزور | خەزور/ خەزورە | خەسوورە | هەسوورە | ویستوورە | هەسێوورە |
| خاڵ | خاڵ/ خاڵۆ | خاڵوو | لالۆ | خاڵ | هالۆ |
| دەخوم | دەخۆم/ ئەخۆم | خوم | مەوەرو | وەنا | مەورەم/مەرەم |
| گۆهورین | گۆڕین | گۆڕین | واڕیای | وریاییێش | - |
| گۆت | وت/ گۆت | وت | وات | وات | وت |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گور/ گورگ | گورگ | گورگ/ گوری | وەرگ | وەرگ | گور/ گورگ |
| گۆە | گوێ / گوێچکە | گوش | گوش | گۆش | گۆش |
| گوند | گوند / دێ | دێ | دەگا | دەوێ/ دەگا | دێ |
| کەر | کەر | خەر | هەر | هەر | خەر |
| کەتن | کەوتن | کەفتن | کەوتەی | کەتن | کەتن |
| کەرگوە | کەروێشک[86] | خەرگوش | هەروێشە/ هەورێشە[85] | هەروێش/ ئەروێش | خەرگوش |
| کچ / دوت | کچ / کەنیشک | دوت / کەنیشک | کناچێ/ کنا | کەنا/کەینەکە | دوت/ دێت |
| کچا باش | کچی باش | دوتێ خاس | کناچێ خاس | کەینا خاسەکە | دوێتێ خاس |
| کەڵەشیر/ دیگ | کەڵەشێر/ کەڵەباب | کەڵەشێر | کەڵەشێر | کەڵەشێر | کەڵەشێر |
| کوڕ | کوڕ | کوڕ | کوڕ | کوڕ | کوڕ |
| قسە | قسە | قسە | قسە | قسە | قسە |
| باران | باران | واران | واران/ وارشت | واران/ وارایش | واران/ وارشت |
| بەراز | بەراز | وەراز | وەراز | وەراز | وەراز |
| بیر(هۆش) | بیر | بیر/ ویر | ویر | ویر | ویر |
| بێژە | بلێ/ بێژە | بوشە | واچە | واژە | بوشە |
| بەفەر | بەفەر | وەفەر | وەر | وەر | وەر |
| بەربانگ | بەربانگ | وەروانگ | وەروانگ | وەروانگ | وەروانگ |
| بیست | بیست | بیس | ویس | ویست | ویس |
| بووک | بووک | وەۆ/ وەوی | وەیوە | وەیوە | وەوی/ بەوی |

[85] ڕاستی ئەم وشەیە "هەرویش/ هەرویشە"یە کە بە واتای کەرویشە / کەرگۆشە " دێت.

[86] کەروێشک لە ڕاستیدا ئاوایە" کەر- گۆش- ک" پیتی "گ" جاران وەک " وێ" گۆ کراوە وەک گوشتاسپ/ وێشتاسپ، پیتی " ک" لە دوای وشەکە نیشانەی بچووک کردنە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرد/کەوەر/ کوچک | بەرد/ کوچک | کوچک | کوچک/ تەوەن | بەرە/ کوچە | کوچک/ وەرد |
| بەهار | بەهار | وەهار | وەهار | ویسار | وەهار |
| پەلک/ بەڵگ | گەڵا / پەل | گڵا / وەلگ | گەڵا / وەلگ | پەلک/ وەلگ | وەلگ |
| پێش بەر | بەردەم | وەردەم | وەردەم | وەردەم | وەردەم |
| پێشگۆتن | پێشوتن | وەروتن | وەرواتەنی | وەرواتەنی | وەرواتەنی |
| ئاوێتن/ خستن | هاوێشتن/ خستن | خسن/ خستن | وسەیٚ | ئشتەنە | ئاوێشتن |
| ئاگر | ئاگر/ ئاور | ئاگر | ئاوێر | ئادێر | ئاگر/ ئاوێر |
| دەزانێت | دەزانێت/ دەزانیٚ | زانێت/ زانیٚ | زانۆ | زانۆ | مەزانیٚ |
| دوهیٚ | دوێنێ | دوێکە | هێژی | ویزەر | دونە/ دوهکە |
| دۆما / پاش | دوا / پاش | دۆما | دما | دیما / دیمە | دۆما |
| دێل | دڵ | دل | زیڵ/ زیڵێ | زری | دل |
| دەرچوون | دەرچوون | دەرچین | بەرشییەی | وەرشیاییش | دەرچین |
| زاوا/ زاڤا | زاوا | زاوا | زاما | زاما | زاما |
| زمان | زمان | زوان | زوان | زوان | زوان |
| ڕابوون | هەڵسان | هەڵسان | هۆرزنای/ ورزنای | وەرزایەنە | ورێز |
| هوشک | وشک/ وێشک | وشک | وشک | وشک | هوشک |
| هری پەز | خوری پەز/ خوری مەر | خوری پەز | هری پەز | - | هوری پەز |
| هێرچ | ورچ | خرس | هەشە | هەش | هەش |
| هەسیر/ هەسیرە | ئەسرین/ فرمێسک | ئەسرین/ ئەسری | هەرسی | هەسیرە | ئەسێر |
| هەڵهاتن | هەڵهاتن | هەڵهاتن/ ئڵاتن | هۆرئامای | وەرئامایش | - |
| هەژار/ ژار | هەژار | هەژار/ ژار | هەژار | هەژار | ژار |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مریشک | مریشک/ مامر | مامر | کەرگ | کەرگ | مامر |
| ناو/ ناڤ | ناو | ناو | نام | نام | نام |
| چاو | چاو | چاو | چەم | چەم | چەم |

## شێوەزاری گشتیی کوردی (مادی):

**١- کرمانجی:** لە بەشەکانی پێشودا باسی لێ کرا کە ئەم شێوەزارە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ زمانی مادیدا. ئەم شێوەزارە تەنیا زاراوەیەکە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا قسەی پێ دەکرێ نزێک بە ١٤ ملیون لە باکوور کوردستان، زیاتر لە ٥.١ ملیون لە باشوور، نزێک بە ٢ملیون لە ڕۆژاوا و زیاتر لە ٧٠٠هەزار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم شێوەزارە قسە دەکەن، ئەمە بێجگە لە دوو ملیون کوردی خوراسانی و هەروەها چەندین هەزار کوردی دانیشتووی ئەرمەنستان و گورجێستان و وڵاتەکانی قەفقاز کە شێوەزاریان کرمانجییە.

**٢- سۆرانی:** هەر وەک پێشتر باسی لێ کرا، ئەم شێوەزارە هەمان شێوەزاری مادییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەرێکی زمانی هۆزەکانی ئەشکانییەوە. ئاخیوەرانی ئەم شێوەزارە جاران زیاتر لە ناوچەی موکریان و ئەم دیو و ئەو دیوی زنجیرە چیاکانی قەندیلدا نیشتەجێ بوون بەڵام وردە وردە پەرەی ستاندوە و بە تایبەت لە پاش دەستەڵاتداری میرانی بابان زۆرگەشەی کردووە. ئێستا زۆربەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەم شێوەزارە قسە دەکەن، تەنیا شێوەزارێکی کوردییە کە لە باری نووسین و خوێندنەوە لەم سەردەمەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. بەشێک لەو ناوچەگەلە کە جاران بە زاراوەی تر قسەیان دەکرد ئەمڕۆکە شێوەزاریان گەڕاوەتە سەر سۆرانی. بۆ نموونە زمانی ئەو هەڵبەستەی پیر ئەحمەدی کەرکووکی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە کەرکووک ژیاوە و گۆڕەکەیشی لە گەڕەکی موسەلای کەرکووکە لەگەڵ ئەو زمانەی کە ئێستا لە کەرکووکدا قسەی پێ دەکرێ جیاوازی پێوە دیارە:

ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم[87]

ئەز ئەو دوڕەی ناو گەوهەرم

ئەرزو سەمایە لەنگەرم

لە ڕۆژ حەساو، ئەز لەدەرم

ژمـارەی ئـاخێوەرانی شـێوەزاری سـۆرانی نـزیکەی ٨ ملیـونە کە لە باشـوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیشتەجێن.

**٣- باشووری/ کەلهوڕی:**

ئەم شێوزارە لە بنەڕەتدا شێوەزاری گشتیی مادییە کە لەلایەکەوە کەوتووەتە بەر کاریگەریی توندی زمانی پەهلەویی ساسانییەوە ( پارسیی میانە) و لەلایەکی تریشەوە زمانی ئەوێستایی (هەورامی). ژمـارەی ئـاخێوەرانی ئەم شـێوەزارە لە نێـوان ٣-٤ ملیـونە کە زۆربەیـان لە ناوچەکانی کرماشان و ئێلام و هەروەها ناوچەی گرمیان لە خانەقین و مەندەلی و جەلەولا لە باشووری کوردستان نیشتەجێن. لێکدانەوەی ناوی زۆربەی ئەو هۆزانە کە لە ناوچەکانی باشووردا دەژین ئەوە نیشان دەدەن کە ئەمانە بەشێک بوون لە هێزی سەربازی مادەکان و ساسانییەکان بۆ نموونە:

**کەلهوڕ:** یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی کورد کە لە ناوچەی کرماشاندا دەژین. وشەی کەلهوڕ لە دوو بڕگە پێک هاتووە، کەل- هوڕ، بڕگەی یەکەم "کەل" بە واتای دژ و قەڵا دێت و بڕگەی دووەم "هوڕ" لە کوردیدا واتای ئەستوور دەدات، بۆ نموونە ملهوڕ واتای مل ئەستوور و زۆردار دەدا ( فارسی: گردن کلفت)، لەندەهوڕ واتای بەرزی ئەستوور دەدات، لەند بە واتای بەرز و هوڕ بە واتای ئەستوور دێت ( فارسی: تنومند، غول)، کە وابوو کەلهوڕ واتای کەلی ئەستوور یان قەڵای قایم ( فارسی: قلعە استوار) دەدات. واتا ئەمانە لە ڕابردوودا قەڵای قایمی سەربازی/ پادشایەتی بوون.

**قەڵخانی:** یەکێکی تر لە هۆزەکانی ناوچەی کرماشانە، ئەم ناوە لە ڕاستیدا "کەلخانی"یە، کەل کە واتای قەڵا دەدات و "خانی" کە واتای میری دەدا، واتا قەڵای میری.

**هەمەوەنـد:** هـۆزێکی بەناوبـانگی کـوردە کە هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە باشـووری کوردسـتاندا دەژیـن. نـاوێکی رەسـەنی مـادییە، لە ئەوێستاشـدا ئەم نـاوە هـاتووە وەک

---

[87] فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، د.جەمال نەبەز، ٢٠٠٩ ل.پ. ٣٦

"ئەماوەنت" نووسراوە، کە دواجار گۆڕدراوە بۆ ئەماوەند و هەمەوەند. "ئەما" لە شێوەزاری ئەوێستاییدا واتای هێز و زۆر دەدا. ئەماوەند واتای "بەهێز"[88] دەدات (بڕوانە بەشەکانی ٥ و٦).

**فەیلی:** هۆزێکی کوردە کە پێشتر لە ناوچەکانی ئیلام و پێشکۆ و پشتکۆدا ژیاون ئێستا بە زۆری لە کوردستانی باشوور و لە بەغدادا دەژین. ناوی فەیلی لە پێشدا "پێلی" بووە، بەڵام لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا پیتی"پ" گۆردراوە بۆ "ف" بۆیە ئێستا ئەم ناوە وەک فەیلی گۆ دەکرێ. پیل واتای بەهێز و تنومەند دەدا وەک پیل (فیل). لە سەردەمی ساسانییەکاندا هێزی سەربازی ئێرانی زیاتر لە ٧٠٠ پیلی هەبووە. بۆیە بە ئەگەرێکی زۆر ئەم هۆزە بەشێک لە "هێزی پیل سوار" بوون کە ئەرکی شەڕکردن لەسەر "فیل"یان بە ئەستۆ بووە.

وشەی "پاڵەوان"یش هەر لە وشەی "پیل- وان"وە هاتووە، بە واتای ئەوانەی کە پارێزەری فیلەکانن. وەک وشەی شوان کە لە "شە- وان"وە هاتووە، بە واتای پارێزەری "شەگەل"، شە لە کوردیدا واتای پەز دەدا. یان " گا- وان" بە واتای پارێزەری گاکان / گاگەل.

**سیمین وەند:** ئەم هۆزە بەشێکە لە هۆزی گەورەی سەنجاوی، واتای سیمین پۆش یان زرێپۆش دەدا. وا دیارە ئەمانە بەشێک بوون لە هێزی سیمینپۆش یان زرێپوشی کۆن کە خۆیان و ئەسپەکانیان بەرگی زرێ( سیمین)یان لە بەر دەکرد.

**هۆزی تفەنگچی:** یەکێ لە هۆزەکانی پێکهاتەی هۆزی گەورەی گۆرانە. لە ناوەکەیەوە دیارە کە ئەمانە هۆزی چەکداری سەربازی بوون .

## پەیوەندی شێوەزاری باشووری لەگەڵ کرمانجیدا:

لەوانەیە بە هۆی ئەوەی کەئێستا ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی کرمانجی و کەلهوڕی باش لە یەک تێ ناگەن وا بزاندریت کە پێناسەکردنی ئەم شیوەزارە وەک شێوەزاری گشتیی مادی لە پاڵ سۆرانی و کرمانجیدا سەیر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، ئەم جیاوازییانە تەنیا لەم دوو، سێ سەدەی دواییدا بە هۆی کاریگەریی زمانی فارسییەوە پەرەی ستاندووە ، دەنا هەر چەند بەرەو دواتر سەیر بکرێت ئەم نزیکایەتیە زیاتر بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە:

---

[88] amava [amavañt] 5= (N) strong, vigorous (t30), courageous

**١- جێناوی "ئەز"،** بە واتای "من" کە جێناوێکی مادییە و ئەمڕۆکە لە زازاکی و کرمانجییدا بە شێوەیەکی ئاسایی بە کار دێت، و لە ناوچەکانی باشوور و لە کرماشاندا ئێستا بە کار نایەت کە چی لە چەند سەدەی پێشتردا ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسایی و بەفراوانی لە ناوچەکانی کرماشان و لەکستاندا بە کار هاتووە بۆ نموونە لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی سەید ئەکابیر خامۆشی (١٤٤٠ ز- ١٤٩٣ ز) ئاوا هاتووە:

| | |
|---|---|
| بینای گشت کاران | ئازیز هەر تونی، بینای گشت کاران |
| **ئەز** سوەیلەنان، مەڕژی نەداران | دلدار مەوێنی، سوب و ئیواران |

لە هەڵبەستی عەلی قەڵەندەر لە گەورەکانی یارسان کە لە ساڵی ١٤٣٤ زاینی لە داڵاهو هاتووتە دونیاوە[89].

| | |
|---|---|
| سەر چەوێمینان | عالینان عالی، سەرچەوێمینان |
| میهتەران گرد بەیان بیدەمی گووا | **ئەزێ** حوسێنان پووری شەهنشا |

٢- وشەی **"ڕا"** کە ئامرازی پەیوەندیە لە کرمانجیدا واتای "بۆ" ئەدا، لە شێوازی کەلهوڕیدا بە کەمێک گۆڕانەوە وەک "ئەڕا" گۆ دەکرێ و هەمان واتای هەیە. لە کاتێکدا لە سۆرانی و لە هەورامیدا ئەم وشەیە بە کار نایەت. بۆ نموونە:

لە کرمانجیدا دەبێژن، هێندێک ئاوی مە **"ڕا"** بینە، لە کەڵهوریدا دەبێژن، کەمێ ئاو **"ئەڕا"**ی من بارە.

٣- وشەی **"چیا"** کە وشەیەکی ئاسایی کرمانجییە و واتای کێو دەدات، جاران لە کەلهوڕیدا بەفراوانی بە کار هاتووە، کە چی ئێستا لە برەو کەوتووە. لە فەرهەنگی باشوور لە نووسینی عەباسی جەلیلیان ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر، ل. پ ٢٣٣. ئەم ناوانەی خوارەوە هاتوون کە هەمووی وشەی "چیا"ی لەگەڵدایە. بۆ نموونە:

چیا: گوندێکە لە دیزگران.

چیا بوور: گوندێکە لە گاوارە.

چیا بەلەک: گوندێکە لە پشت دەروەن، گوندێکە لە مایدەشت (ماد دەشت)

---

[89] بروانە مێژووی ئەدەبی کوردی د. مارف خزنەدار ل.پ. ٢٩٧

چیا چەنگە: گوندێکە لە ئارون ئاوا (کە دەڵێن شوێنی جەنگی ڕۆستەم و بەرزو بووە).

چیا زەردە: گوندێکە لە ئارون ئاوا.

چیا چووین: گوندێکە لە گاوارە

چیا سرخ: تەپەیەکە لە کرماشان

چیا سەفەر: گوندێکە لە مایدەشت

چیا کۆڵ: گوندێکە لە ئارون ئاوا

هەروەها گوندەکانی چیا کەزازی، چیا کەڵوالی، چیا کەو، چیا گاوانە، چیا گۆنووژ، چیا گینو، چیا ماران و چیا نەرگس.

هاتنی ناوی چیا بەم بەربڵاویە لەسەر ناوی گوندەکان ئەوە دەگەیێ کە ئەمە وشەیەکی ئاسایی بووە لە زوانی دانیشتووانی ناوچەکەدا.

**٤- وشەی وار:** ئەم وشەیە لە کرمانجیدا واتای "جێ، جێگە و هەوار یان هەوارگە" دەدا. لە کەلهوڕیدا جاران ئەم وشەیە بە کار هاتووە بەڵام ئێستا برەوی نییە. بۆ نموونە لە ناوی گوندەکانی "وارگە" لە گیلانی غەرب، و قەڵا- واری ( بە واتای شوێنی قەڵا) بەرچاو دەکەوێ. هەروەها لە ناوی ناوچەی "گاوارەی گۆران"یش ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ. وشەی "گاوارە" لە دوو برگە پێک هاتووە "گا- وار"ە ، کە برگەی یەکەم "گا" هەمان ئاژەڵی گایە، و برگەی دووەم " وار" واتای جێگا، یان هەوار، دەدا کە پێکەوە واتای "جێ- گای- هۆزی گۆران" (شوێنی گاکانی هۆزی گۆران) دەدا. ئەم وشەیە بە هەڵە لە فارسیدا وەک "گهوارە " وەرگێردراوەتەوە.

**٥- وشەی هەڵاژان (ئەڵاژان) / ڕازان:** لە کرمانجیدا وشەی ڕازان بە واتای خۆ درێژکردن، ڕاکشان و خەوتن دێت، ئەم وشەیە لە شێوەزاری کەلهوڕیدا بە کەمێک گۆڕانەوە بەرچاو دەکەوێ وەک " ئەڵاژان/ هەڵاژان" کە ڕێک هەمان مانای "ڕازان " دەدا لە کرمانجیدا.

**٦- وشەی "دەرێ/ دەرە":** ئەم وشەیە لە کوردیدا واتای شوێن، جێگا دەدا کە لە کرمانجییدا وشەیەکی ئاسایی و بە زۆری بە کار دێت، لە کەلهوڕیشدا هەر وایە بۆ نموونە:

لە کرمانجییدا دەڵێن: لە وێدەرێ واتا لێرە (لەم شوێنە)، لەواندەرێ واتا لەوێ (لەو شوێنە)، لە کودەرێ واتا لە کوێ .

لە کەلهوڕیدا دەڵێن: ئیرە (ئی دەرە)، لە ورە ( لەو دەرە)، لە کورە (لەکو دەرە).

**٧- وشەی ڕەنگ:** ئەم وشەیە کە لە کرمانجییدا بێجگە لە مانای ڕەنگ وەک سپی، زەرد، سوور، و... واتایەکی تریشی هەیە لەوانە " تەرز، جۆر، تەور، وەک، شێوە ". ئەم وشەیە لە کەلهوڕیشدا ڕێک هەر هەمان مانای هەیە (بڕوانە فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ ٣٦١).

## شێوەزاری ئایینی مادی(ئەوێستایی/ هەورامی):

**١- هەورامی:** لە بەشەکانی پێنجەم و شەشمدا بە بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە سەلمێندرا کە شێوەزاری هەورامی هەمان شێوەزاری ئەوێستاییە، و لە بەشی هەشتەمدا ئەوە ڕوون کرایەوە کە هەورامییەکان پاشماوەی هۆزی مۆگان (مۆغان)ی مادن، ئەو هۆزەی کە زەردەشت سەرۆک و ڕێبەری بوو. شێوەزاری هەورامی ئێستاش هەر وەک زمانی دینی بۆ ئایینی یارسانی ماوەتەوە، ئەم شێوەزارە خاوەن وێژە و مێژوویەکی کۆنە و"ئەوێستا" یەکێ لە کۆنترین کتێبەکانی گیتی بەزمانی هەورامیی کۆن نووسراوەتەوە. شێوەزاری هەورامی هەتا یەک سەدە لەمەوبەر وەک زمانی وێژەیی لە کوردستاندا بە کار هاتووە. ژمارەی ئاخێوەرانی هەورامی نزیک بە ٧٠٠هەزارکەسن، کە بەشێکی کەمیان لە ناوچەی هەوراماندا دەژین و بەشی زۆریان لە شارەکانی سنە و کرماشان و پاوە و مەریوان و هەڵەبجە و سلێمانی نیشتەجێن.

**٢- زازاکی**: شێوەزارێکی ئایینی مادی (کوردی)یە کە زۆر لە هەورامییەوە نزیکە، لە هێندێ ڕووەوە شێوازی کۆنی خۆی پاراستووە بۆ نموونە جێناوی " ئەز" بە واتای من لەم شێوازەدا هەر وەک خۆی ماوەتەوە، وشەی زری بە واتای دڵ کە لە ئەوێستاشدا هەر وایە، یان وشەی ویسار بە واتای بەهار کە هەمان شیوازی ئەوێستایی و سانسکریتییە. سەرەکێترین جیاوازی لە نێوان هەورامی و زازاکی لەوەدایە کە لە زازاکیدا هێندێک جار ناوی چاوگ (اسم مصدر) بۆ دروستکردنی کار(فعل) بە کار دێت بۆ نموونە:

| کرمانجی | سۆرانی | هەورامی | زازاکی |
|---|---|---|---|
| کرن | کردن | کەردەی | کەردیێش |
| بوون | بوون | بیەێ | بیاییێش |
| بارین | بارین | وارایێ | وارابیێش |
| هاتن | هاتن | ئامای | ئامایێش |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەردان | بەردان | وەردای | وەردایێش |
| دان | دان | دای | دایێش |
| دیتن | دیتن/ بینین | وینای | وینایێش |
| گۆهێڕین | گۆڕین | واڕیای | وڕیایێش |
| کەتن | کەوتن | کەوتەی | کەوتیێش |

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زازاکی قسە دەکەن لە نێوان ٣-٤ ملیون مەزەندە دەکرێ. کە شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونیان لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستانە، لەوانە لە ناوچەکانی باتمان، بینگول، ئامەد، ئایدیامان / گرگر، خارپێت (ئەلازخ)، ئەرزرۆم، ئەرزێنگان، قارس، مالاتیا، موش، رێها ( ئورفا)، سێواس و دێرسم.

لە هێندێک نووسین و وتاردا باسی ئەوە دەکرێ کە زازاکان لە بنەڕەتدا خەڵکی لای زریای خەزەر(دەریای مازندەران) بوون و دوای بەرەو باکووری کوردستان کۆچیان کردووە، هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراویش بۆ ئەم بۆچوونە بە دەست و نێیە. بە ئەگەرێکی زۆر زازاکان یان بەشێک بوون لە هۆزی گەورەی ماگ (مۆغ) و یان لەگەڵ ئەواندا لە ناوچەکانی باشووری گۆلی ورمێی (ارومیە) لە نێوان شارەکانی بیجار و مەراغە (ماد- ڕاغە)دا ژیاون، و لە کاتی هێرشی کەیخەسرەو بۆ سەر ڕۆم و شەڕی مادەکان لەگەڵ ڕۆمەکان کە چەندین ساڵی خایاند، بۆ پارێزوانی لە ناوچە سنووریەکانی ئەوکاتەی ئێران (کوردستان) لەوێ جێگیر بوون و هەرلەوێ ماونەتەوە.

**٣- لەکی:** یەکێکی تر لە شێوەزارەکانی کوردی کە سەر بە شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی)یە، شێوەزاری لەکییە. ئاخێوەرانی لەکی لە ناوچەکانی باکوور وباکووری ڕۆژئاوای لۆڕستان بە تایبەت لە دێلفان و ئەلێشتەر، چەگنی و چالان چولان. لە ناوچەکانی کرماشان وەک سونگۆر (سونقور)، هەرسین سەحنە، کەنگاوەر، دینەوەر، و کرند. لە ناوچەی ئیلام لە هەلیلان، شێروان، چرداول، ئابدانان و سێمەرە. لە ناوچەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەمەدان و هەروەها لە باشووری کوردستان لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و گەرمیان نیشتەجێن. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەم شێوەزارە قسە دەکەن زیاتر لە یەک ملیون کەسن. شوێنی سەرەکی دانیشتوانی لەک لە ناوچەکانی کرماشان و لۆڕستان و هەمەدان بە لەکستان بەناوبانگە.

لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام شێوەزاری باشووری (کەلهوڕی) زاڵە بە سەر شێوەزارەکانی تری کوردیدا، ئەوانەی کە زاراوەیان لەکییە دەتوانن بە ئاسانی لە کەلهوڕی تێ بگەن و

قسەی پێ بکەن بۆیە لەوانەیە وا هەست بکرێ کە شێوەزارەکانی کەلهوڕی و لەکی هەردووکیان هەر سەر بە شێوەزاری باشوورین، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، و شێوەزاری لەکی زۆر لە هەورامییەوە نزیکترە، وەلێ بەهۆی ڕووداوەکانی مێژوویی وهەڵکەوتی جوغرافی ناوچەی لەکستان وای کردووە کە زمانەکەی بکەوێتە بەر کاریگەریی زمانەکانی تر و هەروەها شێوەزارەکانی تری کوردییەوە. بە تایبەتی کاریگەریی زمانی "پەهلەویی ساسانی"(زمانی پارسیی میانی / میانە) لەسەر شێوەزارەکانی لەکی و کەلهوریدا زۆر دیار و ئاشکرایە، هەر بۆیە ئەمە وای کردووە کە ئەم دوو شێوەزارە زۆر لە یەک نزیک ببنەوە.

## بۆچوونێک لەسەر ناو و پێکهاتەی لەک:

لە هێندێک لەو لێکۆڵینەوانە کە لەسەر لەک و زوانی لەکی کراوە، وا باس دەکرێ کە وشەی لەک بە واتای سەدهەزارە، و گۆیا لەکەکان لە بنەڕەتدا سەدهەزار خانەوار بوون، هەر لەبەرئەوش پێیان وتراوە لەک. ئەم بۆچوونە ناتوانێ ڕاست بێ، لەبەر ئەوەی لەکەکان لە بنەڕەتدا لە هۆزی مادن و بە لایکەمەوە زیاتر لە دووهەزار ساڵە هەر لەم شوێنانەی خۆیاندا دەژین. لە سەردەمی کۆندا ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە زۆر زیاتر لە ئێستا بوون، چونکە باب و باپیر و کوڕ و کوڕەزا هەموویان هەر لەگەڵ یەکدا دەژیان و یەک خانەوار بوون، ئەگەر بڵێین هەر خانەوارێک لانیکەم دە کەس بووبێت، ئەوا ژمارەی سەدهەزار خانەوار دەبێتە یەک ملیون کەس، کە پاش لە دوو هەزار ساڵ دەبوای ئەم ژمارەیە بە لایکەمەوە بۆ بیست ملیون زیادی کردەبای، کە وا نییە و ئەمە لە ڕاستی بەدوورە.

ئەگەر بە وردی چاو بە سەر ناوی هۆزەکانی لەک بخشیندرێت، ڕاستییەک دیار دەکەوێ. ئەوێش ئەوەیە کە ناوی زۆربەی هۆزەکانی لەک بە وەند دوای پێ دێت وەک:

بیران- وەند، هەمە- وەند، پایر- وەند، ئەحمەد- وەند، خاڵو- وەند، حەسەن- وەند، جەلیل- وەند، کوش- وەند، جەلال- وەند، بال- وەند، نامی- وەند، یوسف- وەند، کاکە- وەند، کولی- وەند، شاهی-وەند، ئەیتی- وەند، موسا- وەند، بیژەن- وەند، میر- وەند، ئادینە- وەند، ڕۆمان- وەند، دال- وەند، بالا- وەند، دینار- وەند، زینل- وەند، دەشتی- وەند، ڕێز- وەندی، هومایون- وەند، خەیر- وەند، کەنی- وەند(قەنی- وەند)، گرا- وەند، کرنال- وەند،پۆلد- وەند.

**وەند وشەیەکی کوردییە، پاشگرە واتای پەیوەست و خاوەنداریەتی (نسبت، وابستگی، تعلق) دەگەیێ، بۆ نموونە ئەگەر مروڤ بڵێ کاکەوەندی واتا ئەوکەسانەی کە سەر بە کاکەن، ئەگەر گۆترا میروەندی مەبەست ئەوکەسانەیە کە سەر بە میرن. ڕێز کردنی**

**ناوی هۆزەکانی لەک بەم شێوەی ڕێکوپێکە و بە وەرگرتنی پاشگری "وەند" ڕێزبەندێکی سەربازییە، بۆ نموونە:**

بیرانوەند: واتا ئەو کەسانەی کە سەر بە  بیرانن (هێزی بیران)

هەماوەند / ئەماوەند: ئەو کەسانەی کە سەر بە "ئەما"ن، وشەی "ئەما / ئاما " واتای هێز دەدا لە ئەوێستادا، نازناوی زەڕدەشت سپیت ئاما بوو، کە بە واتا هێزی سپی دێت. هەماوەند واتا ئەو کەسانەی کە سەر بە "بەهێزەکانن".

گراوەند: "گر" وشەیەکی مادی (کرمانجی)یە واتای کیو، چیا، تپە دەدا. "گرا" کۆی "گر"ە واتای چیاکان، تپەکان دەدا. گراوەندی واتا ئەو هێزانە یان ئەو کەسانە کە سەر بە کوێستانن، یان لە کوێستانەوە هاتوون.

شاهیوەند: واتا ئەو کەسانە یان ئەو هێزانە کە سەر بە "شا"ن.

ڕۆمانوەند: واتا ئەوانەی کە سەر بە ڕۆمان بوون یان ئەوانەی کە خەڵکی "ڕۆمان"ن. لە سەردەمی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیدا ژمارەیەک چەکداری ڕۆمی لە کوردستان وەک مێزدوەر[90] (بەکرێگیراو) لە سپای ئێراندا کاریان دەکرد.

بە کورتی دەکرێ ئاوا پێکهاتەی لەک لێک بدرێتەوە، کە بە ئەگەرێکی زۆر لەک بەشێک لە هۆزی ماگ (مۆغان)ی ماد بوون کە ئەرکی سەربازیان لە ئەستۆ بووە نەک ئایینی، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا و بە تایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا چەکدارانی تر لە هۆزەکانی تر تێکەڵ بەم هێزە سەربازیە بووەن و کاریگەرییان لەسەر شێوەزارەکەی داناوە. هەر چەند ژێرخان و بنچینە شێوەزاری لەکی شێوازی ئەوێستایی/ هەورامییە و لە زۆر بابەتی ڕێزمانییەوە دەچێتەوە سەر شێوەزاری هەورامی، بەڵام کارێگەری زمانی پارسی میانی (پەهلەویی ساسانی) و هەروەها شێوەزارەکانی تری کوردیشی. بەجوانی پێوە دیارە، لەگەڵ کرمانجیدا کە هەر چەند دانیشتووانی کرمانجی زمان بە هەزاران کیلۆمەتر لە لەکستانەوە دوورن بەڵام لەیەکچوونیان هەر پێوە دیارە، بۆ نموونە:


---

[90] وشەی "مزدور" لە فارسیدا کە بە واتای بەکرێگیراو دێت وشەیەکی کوردییە کە ڕاستەکەی مێزد- وەر (مێزد- بەر)ە.

| کرمانجی | لەکی | سۆرانی |
|---|---|---|
| ئاویتن/ ئاویشتن | ئاویشتن | هاویشتن |
| هوشک | هوشک | وشک/ ویشک |
| قنج | قنج | پاک، خاوێن، جوان |
| کەتن | کەتن | کەوتن |
| هێنک | هێنک | فێنک |
| خوە / خوشک | خوە | خوشک |
| باپیر | باپیر | باپیر |
| داپیر | داپیر | ننک |
| ژێژوو | ژێژوو | ژیشک، ژێژوو |

هێنـدێک بـنزاراوەی تـری کـوردی وەک "شـەبەکی" کە شـێوەزاری کۆمەڵێـک کـوردی دانیشـتووی لای موسـڵن (بە ئەگەرێکی زۆر ئەمـانە لە پاشماوەی ئەو زینـدانیانەی هـۆزی موگـانن کە ئەسـکەندەر لای زاخـۆ و موسـڵ زینـدانی کردبـوون)، "کـاکەیی" شـێوەزاری ژمارەیەک هۆزی دانیشتووی لای موسڵ و کەرکووک، "باجڵانی" شێوزاری هۆزێکی کوردە کە لای شـارەزور و کرماشـان نیشـتەجین و "کەنـولەیی" ژمـارەی کـوردی دانیشـتووی لای کرماشان، هەموویان هەر سەر بە شێوەزاری ئاییني مادی (هەورامی)ن.

پێـواژۆێ سـەرهەڵدان و پێگەیشـتنی زوانی کـوردی و شـێوەزارەکانی بەم شـێوەیە دەکـرێ پیشان بدرێت، (سەیری ل. پ. ١٠٧ بکە).



کەیمری
سکیتی
مۆگی
مادی
ماننایی
میتانی
مادی / کوردی
شێوەزاری ئائینیی مادی
(مۆگی/ئەوێستایی/هەورامی)
شێوەزاری گشتیی مادی
(کرمانجیی کۆن)
ئەشکانی
هەورامیی میانی
( ئەوێستایی میانی )
کرمانجیی میانی
(پەهلەویی ئەشکانی)
پارسیی میانی
پەهلەویی- ساسانی
لەکی
هەورامیی
نوێ
زازاکی
شەبەک، کاکەیی،
باجەلان
کەلهوری
کرمانجیی
نوێ
سۆرانی

## لەژێر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەویەدا دەکرێ هێندێک بابەتی گرینگ ڕوون بکرێتەوە لەوانە:

**ئاییینی ئیزدی (ئیزدایەتی):** ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەن و کۆنی کوردن کە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆربەیان ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستانە. دانێشتووانی سەر بەم ئایینە لە ناوچەکانی باکوور، باشوور، ڕۆژئاو و هەروەها لە نێو کوردەکانی ئەرمەنستان و گۆرجێستان و قەفقاز نێشتەجێن. زمانی ئاییینی ئیزدییەکان و کتێبی ئاییینیان کوردیی کرمانجییە، ئەمە ئەوە دەگەیێ کە ئەم ئایینە ناچێتەوە سەر دینی زەرەدەشتی کە زمانەکەی هەورامییە. بە لێکۆڵینەوە لە نەرێتەکان و باوەڕەکانی ئاینی ئێزدی وا دەردەکەوێت کە زیاتر دەچێتەوە سەر دینە کۆنەکانی کوردستانی (ئیرانی ) و بە تایبەتی ئاییینی میترایی.

**ئاییینی یارسانی:** زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەر بە ئاییینی یارسانین، دانیشتووی ناوچەکانی لەکستان و کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ژمارەیەک لە دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان لە باشووری کوردستانن. هەر چەند ئەوانەی کە سەر بەم ئاییینەن بە شێوەزارەکانی تری کوردی قسە دەکەن بەڵام زمانی ئاییینی یارسانەکان هەورامییە کە هەمان زمانی ئەوێستاییە، ئەمەش ئەو دەگەیێ کە ئاییینی یارسانی ڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەر ئاییینی زەرەدەشتی.

**هۆرە:** هۆرە شێوەیەکی گۆرانی کۆنی کوردییە کە لە ناوچەکانی گەرمیان لە باشووری کوردستان، لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان هەتا نزێکی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە. شێوەیەکی زۆر تایبەتە لە گۆرانی. بەشێکی زۆر لە نووسەران و ئەوانەی کە لە کاری مێوزێکی کوردیدا کاردەکەن، پێیان وایە کە هۆرە تایبەت بووە بە چڕینی سرودە ئاییینییەکانی زەرەدەشتییەوە، و بەڵگەش بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە وشەی هۆرە لە "ئاهورا"وە هاتووە.

لە ڕاستیدا لەوە ناچێ کە ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، چونکە هۆرەچڕین تەنیا لەو ناوچەگەلەدا هەیە کە لە سەرەوە باسی کرا. بەڵام ئاییینی زەرەدەشتی لە هەموو ئێراندا باو بوو، خو ئەگەر وا بووایی، دەبوای لە شوێنەکانی تری کوردستانیشدا هورەچڕین هەبووایی بۆ نموونە لە ناو زازاکاندا یا خۆ لە ناو زەرەدەشتیەکانی فارس و هێندستاندا.

بێجگە لەمە تاکە هۆرەیەکیش نییە کە باسی ئایین بکا یان سرودی ئاییینی بێت. ئەگەر چاو لەو شوێنانە بکرێت کە هۆرەچڕینی تێدا باوە، دەبینرێت کە ئەوشوینانە دەگرێتەوە کە جاران پێش دەستەڵاتداری مادەکان بە ناوچەی" لۆلۆبی"یان بەناوبانگ بووە. ئایا

لۆلۆبییەکان لە نەژادی ئاری بوون یان نا، هێشتا ڕوون نەبووەتەوە. بەڵام بە هەر جۆرێک بێت گشت ئەو هۆزانە کە لە کوردستاندا دەژیان لە پاش سەرهەڵدانی مادەکان و ئایینی زەردەشتی لە نێو کوردەکاندا تێوانەوە و بوون بە بەشێک لە گەلی کورد، هەر وەک سۆمەرەکان (بڕوانە بەشی یەکەمی پاشخانەکانی زمانی کوردی)، و بەشێک لە فەرهەنگ و نەریتی ئەوانەش تێکەل بە فەرهەنگ و نەریتی مادەکان بوو. تەمەنی ئایینی زەردەشتی لە سێ هەزار ساڵ کەمترە، لە کاتێکدا لۆلۆبییەکان زیاتر لە سێ هەزارساڵ پ.ز لە کوردستاندا ژیاوەن، هەموو ئاماژەکان ئەوە دەگەیێ کە تەمەنی هۆرە دەبێ زۆر کۆنتر لە سێ هەزار ساڵ بێ، بۆیە ئەگەری زیاتر بۆ ئەوە دەچێ کە سەرچاوەی هۆرە و هۆرەچڕین لە نێو دانیشتوانی لۆلۆبیدا بووبێ.

## واتای ناوی ژمارەیەک لە شار، گوند و هۆزەکانی کوردستان:

**ئامەد:** شارێکی گەورە و کۆنی کوردستانە لە باکووری کوردستان، (لە تورکیا بە دیاربەکر بەناوبانگە). ئامەد لە وشەی "ئامادا"وە هاتووە، شاپووری ساسانی پادشای ئێران کاتێ هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، نامەیەکی بۆ پاشای ڕۆم نووسی و داوای لێ کرد کە **"ئامادا"** چۆڵ بکەن چونکە هەر لە کۆنەوە شارێکی ئێرانییە و وەک شاری باب و باپیران ناوی لێ بردووە، و لە دوای شەڕێکی گران کە لە سەر کەلی ئامەد قەوما، "ئامادا"یان لە چنگی ڕۆمیان دەرهێنا. ناوەکەی بە واتای "مادەکان " دێت بەم جۆرەی خوارەوە، ( ئا-ماد- ا)، "ئا" پێشگرێکی باوە لە زمانی ئەشکانییەکاندا کە دەکەوێتە سەر هێندێک لە وشەکانەوە، "ماد" کە واتای هۆزی ماد دەدا، و پاشگری " ا " نیشانەی "کۆ"یە لە کرمانجیدا.

**مەڵاسگرد:** شارێکی کۆنە لە باکووری کوردستان، لە وشەی "مینەواس کرد"وە هاتووە. واتا مینەواس دروستی کرد (مینەواس پادشایەکی گەورەی هوریان بوو).

**هەرسین:** یەکێ لە شارەکانی کرماشانە، وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە لە شێوازی هەورامی (ئەوێستایی)دا، بە واتای فرمێسکاوی دێت. (بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، هولێر ٢٠١٠، ل.پ.١٠٩١).

**هەمەدان:** پایتەختی کۆنی مادەکان، و هەروەها پایتەختی هاوینی هەخامەنشییەکان وئەشکانییەکان بوو. هەمەدان لە "هەگمەتانا/ هەنگمەتانا"وە هاتووە، هەنگ بە واتای کۆمەڵی سەربازی دێت، هەنگ- مەتانا بە واتای هەنگی سەربازی مادەکان یان کۆمەڵی سەربازی مادەکان دێت.

**هەورامان:** ناوچەیەکی گەورە و شاخاوییە لە نێوان شارەکانی سنە وکامێران و کرماشان و هەڵەبجە وپێنجوین، ناوەکەی لە بنەڕەتا لە "ئاریەمان/ ئاریامان"وە هاتووە، لە کوردیی کۆندا بە واتای کۆمەڵی دینداران دێت.

**کەنگاوەر:** یەکێ لە شارە کۆنەکانی کرماشانە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە " کەن- گاوەر" کەن واتای کەن/ کەند" دەدا و گاوەر واتای (کافر) دەدا. گاوەر وشەیەکی کۆنی کوردییە بە واتایی " گا بەر" دێت. "گا" ئاژەڵێکی پیرۆز بووە لە کوردستانی کۆندا، گا سەرچاوەی ژیان بوو، هەم بۆ کاری کشتوکاڵی و هەم لە شیرەکەشی بۆ خواردەمەنی کەڵکی لێ وەردەگیرا، لەدەستدانی گا، ژیانی مروڤی تووشی گێرەوکێشە دەکرد. بردن و دزینی گا گۆناهێکی گەورە ئەژمێردرا. دزینی گا نەک تەنیا لە باری کۆمەڵایەتییەوە کارێکی خراپ بوو و دەرفەتی ژیانی لە مروڤ دەستاندەوە، بەڵکوو کارێکی دژ بە ئایینیش بوو. بۆیە کەسی کە گای دەبرد " گا- بەر/ گا- وەر" وەک کەسێکی بەد ڕەوشت و بێباوەڕ بە خۆدا و دین دەناسرا. وشەی گاور کراوە بە عەرەبی و بووە بە کافر. کەنگاوەر (کەن- گاوەر) واتا شوێنی گاورەکان، ئەو کەندە کە گاوەری لێیە یان ئەو کەندەی کە گا- بەر (دزی گا)ی لێیە.

لە کتێبی جوغرافیای تاریخی کوردستان لاپەڕەی ٣٠دا هاتووە کە مێژوونووسان و جوغرافیاناسانی عەرەب و ئێرانی لە چەرخی سێیەمی (هـ.ق)دا ناوی ئەم شارەیان وەک قصراللصوص (کۆشکی دزان) هێناوە.[91] وا دیارە کە ئەمەش وەرگێڕانی ناوی "کەن –گاوەر" بووبێت.

**سنە، سنەدژ (سنندج):** یەکێ لە شارە گەورەکانی کوردستانە، وشەیەکی مادییە، لە ئەوێستادا بە هەر دوو شیوەی " سنە، و سنەیتهیش" هاتووە، هەر ئەم وشەیە کە دواجار بووە بە سنندج. لە کتێبی " یادداشتهای گات ها" لە نووسینی پورداود، و هەروەها لە "کانگا دیکشنەریش" ئەم دوو وشەییە هاتوون. سنە بە واتای "چەک "ە و "سنە یتهیش" بە واتای چەکی جەنگی یان ئامرازی جەنگییە ( فارسی: جنگ ابزار) لە سانسکریتیشدا چەندین جار ئەم وشەیە هەر بە هەمان واتا هاتووە. بڕوانە بۆ:

یادداشت های گات ها، ئیبراهیم پورداود هاتی ٣١ بەندی ١٨ یادداشتی ٨ ل.پ.١٣٣-١٣٤، (سنە، سنە یتهیش، Sneh, Snaithis)

هەروەها لە کانگا دیکشنەری ل.پ.٥٤١، وەک سنەتها هاتووە بە واتای "بە چەک لێدان"

---

[91] جوغرافیای تاریخی کوردستان، جلال الدین شافعی کورد، لاپەڕەی ٣٠، ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی

له پەهلەویشـدا وشـەی سـنه هـاتووە بە واتـای چەک و شمشـێر، (بـڕوانە پەهـلەوی دیکشنەری، مەک کەنزی ل.پ.٧٥)

**سـەقز:** شـارێکی کـۆنی کوردسـتانە، لەوە دەچێ کە شـوێنی نیشـتەجێبوونی "سـەکەس/ سکیت"ەکان بووە بێ، ئێستا ناوی سەکەس گۆڕدراوە بوو سەقز.

**دیواندەرە:** یەکێ لە شارەکانی کوردستانە لە نێوان سنە و سەقز، کاتی هێرشی ئاشورییەکان بۆ سەر مادەکان، بۆ ماوەیەک لەم ناوچەیەدا ماونەتەوە بۆیە پێ وتراوە "دیوان- درە" دیوان جۆرێکی تر لە هەمان وشەی دێوانی کوردییە، واتای زۆردار و دوژمنی خوّدا دەدا، و "دەرە" واتای شوین و جێگا ئەدا لە کوردیدا، دیوان دەرە واتا جێگا و شوێنی دیوەکان دەدات.

**گاوەری گۆران (گهوار گۆران):** ناوی یەکێ لە شارەکانی کرماشانە، ئەم وشەیە لە ڕاستیدا "گا- واری گۆران"ە. گا هەمان ئاژەڵی گایە و **"وار" واتای جێگا و شوێن** دەدا لە کرمانجیدا، لە شـێوەزارەکانی تـری کوردیـدا وەک "هەوار" گـۆ دەکـری، ئەم وشـەیە واتـای "جێ گـای گــۆران" دەدا، واتــا شــوێنی گاکــانی هــۆزی گــۆران. لە فارســیدا بە هەڵە وەک گهــوارە وەریانگێڕاوەتەوە.

**دینەوەر:** شارێکی کۆنی کوردستانە لە نزێک کرماشان، واتای "دین- بەر" یان خواپەرەست دەدا.

**مەریـوان:** یەکی لە شـارەکانی کوردسـتان لە نێـوان سـنە و سـلێمانی، ئەم وشـەیە لە پێشـدا مێهروان بووە، دوای بووە بە مەریوان.

**زرێوار:** ناوی دریاچەیەکە لە مەریوان. ناوەکەی لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "زرێ" واتای دەریـا دەدا، بـڕگەی دووەم "وار" مانـای وەک و وێـنە دەدا،پـێکەوە واتـای وەک دەریـا یـان دەریاچە دەددا.

**کامێران:** ئەم وشـەیە "کەی مریان" بـووە، واتـا هـۆزی کـۆنی "کەی مـری" ئێسـتا گـۆڕان بە سەریدا هاتووە و بووە بە کامێران.

**کامەریان:** ناوی گوندێکە لە ناوچەی بیتوێن لای ڕانیە، بە ئەگەرێکی زۆر ئەم ناوەش هەر پەیوەستە بە ناوی هۆزی "کەیمریان"ەوە.

**مەراغە:** یەکێ لە کۆنترین شارەکانی مادە دایکی زەردەشت خەڵکی ئەوێ بووە، زەردەشت بۆ خۆیشـــی مـاوەیەک لەوێ فەرمـانڕەوایی کـردووە. ئێسـتا یەکێ لە شـارەکانی ئازەربایجـانە کە

کەوتـووەتە ڕۆژهەڵاتی مەهابـادەوە ، نـاوی ڕاسـتەقینەکەی "ڕاغە "یـان "مـاد- ڕاغە"یە کە دواجار بووە بە "مە- راغە".

**ماهنێشان:** شاروچکەیەکە لە نێوان تیکانتەپە و زنجان. شوێنی نێشتەجێبوونی هۆزی ماد بووە، لە وشەی " ماد- نیشان "وە هاتووە. گوندێک لە نزیکی ماهنێشاندا هەیە ناوی "ماد- ئاوایە".

**ماهیدەشت:** یەکێ لە شارەکانی کرماشانە، لە ڕاستیدا ئەم ناوە "ماد دەشت"ە. واتا دەشتی مادەکان.

**مارێنج:** نـاوی یەکێ لە گونـدەکانی کوردسـتانە لە نێـوان سـنە و کامێران. مـارێنج لە کـوردیی ئەمـڕۆژدا هـیچ واتـایەکی نیـیە، ئەمە وشـەیەکی ئەوێسـتاییە، و واتـای لێـدان، کوشـتن و ڕووخاندن دەدا. (بڕوانە کانگا دیکشنەری ل.پ.٣٩٩)[92]

**تەوریـوەر:** یەکێ لە گونـدەکانی نـزێکی شـاری سـنەیە، وشـەی تەوریـوەری لە ئەوێسـتادا لە فەروەردین یەشـت، بەنـدی ١٤٢ هـاتووە، بـڕوانە یادداشـتهای گاتهـا، ئیبراهـیم پـووورداوود، بەشی یســـنا، هـــات ٢٨ بەنـــدی ٧، ل. پ. ١٧، تهـــران ١٣٨١. هەروەهـــا کتێـــبی "ئەوێسـتا"جەلیلی دۆسـتخواە، ل. پ. ١٠٧٨. دوسـتخواە و پـورداود ئەم وشـەیان وەک تێکشکینەر، ڕوخێنەر، سەرکەوتوو بەسەر هەموان ( فارسی: برهمە چیرە شوندە، همە را شکست دهندە) مانا کردوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە واتای "تەور- وەر/ تەوەر- بەر" دەدا بە واتـای ئەوکەسـانەی کە چەکی دەسـتیان تەوەرە، واتـا ئەوکەسـانە کە هەڵگـری تەوەرن، چونکە تەوەر/ تەوەرزێن چەکی جەنگی بووە لەو سەردەمەدا.

**بێساران:** ناوی یەکێ لە گوندە گەورەکانی هەورامانە، لە دوو بڕگە پێکهاتووە، "بێ- ساران"، بێ کە هەمان مێوەی "بەی / بهێ"یە، و "ساران" پاشگرێکی کۆنی کوردییە واتای "ستان" دەدا، بۆ نموونە کۆساران (فارسی کوهساران) کە واتای کوێستان دەدا، بێساران واتا بەی- ستان دەدا، ئەو شوێنە کە بەی هەیە.

**کەل، کەلات، کەڵاتی:** ناوی چەندین گوندن لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا. کەل واتای شوینی سەخت و عاسێ (پەرتگا) دەدا، لەبەر ئەوەی کە دژ و قەڵایان لەسەر کەلەکان دروست دەکرد بۆیە دواجار ئەم ناوەش وەک دژ و قەڵا بە کار هاتووە.

[92] mereñcaite [mareñc], 5 (pres. mid. 3/1, cl 6. jAR: cl. 7) to smite, to kill; to destroy (k399)

**ساکان:** یەکێ لە گوندە ناوەندیەکانی هۆزی "شکاک"ە لە ناوچەی سۆما لە ورمێ. خۆدی وشەی "ساکا" لە ئەوێستاییدا واتای دوست دەدا. بە ئەگەرێکی زۆر هۆزی سکیتەکان کاتێ هاتوونەتە کوردستان لەبەر ئەوەی هاوزمان و هاوڕەگەزی کوردەکان بوون، بۆیە خەڵکی ئەو گوندەیان وەک ساکا واتا دوست ناو لێ ناوە.

**شکاک:** چەند هۆزێکی گەورەی کوردن لە ناوچەی ورمێ، بە ئەگەرێکی زۆر ناوەکەیان لە "شکیتا/ سەکیتا"وە هاتووە، بە واتای سکیتەکان.

**گەڕوس:** ناوچەیەکی کوردستانە لە ڕۆژهەلاتی شاری سنە، ناوەندەکەی شاری بیجارە، بەپێی بوچوونەکانی دیاکۆنوڤ هۆزەکەی دیاکۆ بەر لەوەی ببێتە پادشای ماد و کۆچی هەمەدان بکا لە ناوچەی باکووری هەمەدان (گەڕوس) نیشتەجێبوون. گەڕوس لە ئەوێستادا ناوی هاتووە و واتای پێرۆز (مقدس) دەدا.

**داڵاهو:** لە بەرگی یەکەم و لە بەشی یەکەمی کتیبەکەدا بە وردی باسی لێ کرا. داڵاهو وشەیەکی سۆمەریە، داڵا واتای دەنووک تیژ دەدا و "هو" بە مانای پەلەوەر دێت، پێکەوە واتای پەلەوەری دەنووک تیژ"[93] دەدا.

**کەلهوڕ:** کەلهوڕ هۆزێکی گەورەی کوردە، پێشتر ڕوون کرایەوە، واتای کەلی ئەستوور یان قەڵای قایم ( فارسی: قلعە استوار) دەدات.

**کەڵاتەرزان:** ناوی ناوچەیەک و هەروەها یەکێ لە هۆزەکانی کوردە لە نێوان سنە و مەریوان. ئەم وشەیە لە ڕاستیدا "کەلا- ترازان" بووە، واتا ئەوانەی کە کەل (قەڵا)یان ترازاند. (ئەوانەی کە قەڵا شکێنن).

**هەمەوەند:** یەکێ لە هۆزە گەورەکانی کوردە لە باشووری کوردستان لە ناوچەکانی کرماشان و لە خانقین و گرمیان لە باشووری کەرکووک نێشتەجێن. هەمەوەند لە وشەی "ئەماوەنت / ئەماوەند" هاتووە. "ئەما" وشەیەکی ئەوێستاییە واتای "هێز" دەدا، ئەماوەند/هەماوەند واتای بەهێز دەدا. ( بڕوانە کانگا دیکشنەری)[94].

**زەڕگۆش:** ناوی یەکێ لە هۆزەکانی کوردە لە ناوچەی گەرمیان لە باشووری کەرکووک لە جەلەولا، وشەیەکی ئەوێستاییە، چەندین جار لە ئەوێستادا ناوی زەڕگۆش هاتووە.

---

[93] http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

[94] amava [amavañt]5= (N) strong, vigorous (t30), courageous

**زێبـاری:** نـاوی یەکێ لە هـۆزە گەورەکـانی کـوردە لە مۆسـڵ و دەوروبەرەکەی نیشـتەجێن. ناوەکەی لە دوو وشە پێک هاتووە، یەکەم زێ کە ناوی دوو ڕووبارە لە کوردستاندا، دووەم وشـەی "بار" کە واتای قەراخی ئاو(ساحل) دەدا، واتا ئەمانە پێشتر دانیشتووی کناری زێ بوون.

**بارزان:** ئەم وشـەیە لە ئەوێستادا چەندین جار هاتووە، دوو واتای هەیە، یەکەم بە واتای بەرز و بڵینـد، دوهەم بە واتـای دێ و گونـد. ( لە فارسـیدا ئەم وشـەیە وەک "بەرزەن (برزن)" گۆ دەکرێ، بۆ نموونە دەڵێن " کوی و برزن").

**ئـارێز:** نـاوی یەکێ لە چیاکانی نـزێکی شـاری سـنەیە، ئـارێز وشـەیەکی ئەوێسـتاییە واتـای "جەنگ، نەبەرد" دەدا. (بڕوانە یادداشتهای گات ها، ابراهیم پورداود ل.پ. ٢٨١)[95].

**نەکەرۆس / نەکەرۆز:** ناوی کێوێکە لە نزێکی شاری سنەدا، ئەم وشەیە لە کوردیی ئێستادا هیچ واتایەکی نییە بەڵام ئەمە وشەیەکی ئەوێستاییە واتای " مردو، تەرم، لەش " دەدا.

**ئەلبـۆرز:** نـاوی کێـوێکە لە هەمەدان، لە ئەوێسـتادا نـاوی وەک "هەرە بەرزە"، هـاتووە، دیاکونوڤ دەڵێ ئەم وشەیە تەنیا تایبەت نییە بۆ کێوی "ئەلبۆرز" بەڵکوو دەکرێ بە هەر کێوێکی تریش بوترێت. وشـەیەکی ئاسایی کوردییە کە هەر واتای هەرە بەرزە دەگەیێ (زۆر بڵێندە، فرە بەرزە).

**هەکـاری:** نــاوی مەڵبەنــد و هەروەهــا شــارێکە لە بــاکووری کوردســتان. ئەم نــاوە لە ئەوێستاشدا هەر وەک "هوکایریا / هەکار"[96] هاتووە (بڕوانە کانگا دیکشنەری) مەبەست ناوچە کوێستانییەکانی "هەکاری"یە لە ناوچەی هەکاری.

---

[95] پورداود ل.پ٢٨١ یەسنا .هات ٤٦ بەندی٥ یادداشتی ٨ ل.پ. ٢٨١

[96] hukairyât [hukairya], 6 (Abl) n. from Mount Hukar (k591)

## سەرچاوەکانی بەرگەکانی ١-٣:


- Avesta Dictionary by K.E. Kanga

  http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm, (2009 -06-13)

- Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html (2012-12-02)

- Avestan Personal and Family names (Based on C. Bartholomae, Altiranisches Wörterbuch, pg.1983-88) http://www.avesta.org/znames.htm

- A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie, 1986

- Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

- Ancient Sanskrit Online, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF.html (2012-04-06)
- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929

- http://i-cias.com/e.o/hebat.htm ( 2012-09-10)

- Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882

- Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag Berlin 2010

- The Kikkuli Text. Peter RAULWING http://www.lrgaf.org/Peter_Raulwing_The_Kikkuli_Text_MasterFile_Dec_2009.pdf

- Urartian * Lulu [ine] (Diakonoff och Kashkai,1979)

- D. R. Frayne, The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS 74, New Haven,1992, sid 61.

- Asatrian/ Iran and Caucasus 13 (2009), http://www.scribd.com/doc/37604520/Asatrian-kurds p 16 (2012-02-11)

- The Language of the Medians. D.N MacKenzie,Source: BSOAS (22), 1959.

- John Limbert, ursprung och utseende kurderna i Pre-islamiska Iran, Iranska studier, Vol. 1, No. 2, Spring 1968. 1, nr 2, våren 1968.

- L Iran sous les Sassanides, Christensen, Arthur Emanuel.

- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929.

- Starr, R.,: report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq. Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools

- E. A.Speiser. Mesopotamian. Orig. The Basic Population of the Near East

- Poebel, A., “The Assyrian King List from Khorsabad”, JNES, Vol.1, 1942, (Chicago: 1942)

- Phillp Vandenbeog. Nefertete. een archeologishe biografie

- http://database-aryanencyclopaedia.blogspot.se/2014/03/blog-post_14.html

- http://mazdaahoora.blogfa.com/ (2013-10-25)

- http://m-hosseini.ir, [دوبلویس، ۱۳۷۹ هـ.ش:۳۰۵]

- http://m-hosseini.ir, [پلوتارک، ۱۳۷۹ هـ.ش: ٦٥ ]
- http://m-hosseini.ir,[یارشاطر و دیگران، ۱۳۸۳ هـ.ش: ١٥٦ ]
- http://parseed.ir/?fz=9873
- Common sumerian words for magickal purposes / Short Sumerian Sentences / Phrases http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm
- Forntiden : Den summeriska kultur expansionen
- Astour, Michael C.: Semites and Hurrians in Northern Transtigris
- V.V. Struve.Lager Voennoplenniykh jenshchi V Shumer Konsta III Tisysyacheletiya Do n.e Vestnik Drevney Istorii, 1952,No3.
- Some Sumerian Words and Their English Translations, by: Fred Hamori http://history-world.org/sumerianwords2.htm, http://history-world.org/Sumerianwords1.htm
- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html
- Ola Wikander. http://www.spraktidningen.se
- Sumerian Mythology FAQ (Version 2.0html), by Christopher Siren, 1992, 1994, 2000, http://home.comcast.net/~chris.s/sumer-faq.html
- http://zamaaneh.com/rohani/2008/07/post_239.html
- http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/mannai.htm
- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html

- http://daneshnameh.roshd.ir/mavara/mavara-

- http://www.iranicaonline.org/articles/cimmerians-nomads

- http://www.iranicaonline.org/articles/mannea

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html 2013-06-09

- http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm

- http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

- http://ghiasabadi.com/zoroaster_gatha_01.html

- An introduction to Kurdish epic and heroic literature on Kurdish shahname mainly, Behrooz Chammanara. http://ilamasu.blogfa.com/post-125.aspx ( 2013 -08-09)

- Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, p 114 ttp://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

- http://www.encyclopaediaislamica.com/madkhal2.php?p=2899

- تاریخ ماد تالیف ا.پ. دیاکۆنۆف، ترجمه کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥.

- ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧

- اوستا، کهنترین سرودها و متنهای ایرانی، گزارش و پژوهش، جلیل دوستخواه جلد ١ و٢، چاپ دهم ١٣٨٥.

- یادداشتهای گات ها، نگارش استاد ابراهیم پورداود، تهران ۱۳۸۱.

- ایران در سپیده دم تاریخ، حسن انوشه، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ چهارم ۱۳۷۱.

- بازخوانی تاریخ ایران زمین، دفتر اول و دفتر دوم، امیر حسین خونجی، ۳۰ آذر ۱۳۹۰.

- ایرج وامقی، زبان پهلوی- ادبیات و دستور آن. (بررسی و نقد کتاب "پهلوی، ادبیات و دستور آن" برگرفته از ناه فرهنگستان، سال اول، شماره اول. بهار ۱۳۷٤).

- دستور زبان کوردی- هورامی ، فاتح رحیمی، چاپی دووەم ۱۳۸۹.

- زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی، تهران ۱۳۹۲.

- پژوهشی در اساطیر ایران، مهرداد بهار نشر آگاه چاپ پنجم پائیز ۱۳۸۷.

- تاریخ اساطیری تطبیقی ایران باستان ، جلد پنجم، جواد مفرد کهلان، سوئد ۲۰۰۸.

- مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز، نشر آگاه ۱۳۸۷.

- تاریخ مردم ایران، عبدالحسین زرین کوب، تهران ۱۳٦٤.

- تحولات سیاسی و اداری در عصر اشکانیانن، دکتر سید علی علوی.

- تاریخ مردوخ، آیت الله محمد مردوخ کردستانی، ۱۳۵۱ خورشیدی (۱۹۷۱ میلادی).

- تاریخ کردستان (۱۳۳۰-۱۳٤٤ق) تالیف محمد رضا ابن صوفی سلیم، تصحیح دل آرا مردوخی، تهران ۲۰۱۳.

- فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان به اسلام، انی کاظمی.

- فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز، یوتەبۆری ساڵی ۲۰۰۹.

- ڕۆژهەڵات و جێهانی کۆن، ئەبایوف موسکۆ ۱۹۷۲.

- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید بەغداد ١٩٨٨.

- مێژووی هەورامان  لە نووسینی د. موحەمەد ئەمین هەورامانی.

- کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان.

- کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی د. جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێڕانی کامەران حەسەن ٢٠١٠.

- هاونەتەوەیی کورد و ماد لە نووسینی حەبببولای تابانی، ١٣٧٥.

- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خزنەدار هەولێر ساڵی ٢٠٠١.

- مێژووی کۆنی کەرکووک لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا، کامەران کوێخا جەلال، هەولێر-٢٠٠٧.
- کەرکووک لە چەرخە کۆنەکاندا، د.جەمال ڕەشید ئەحمەد. وەرگێڕانی حەسەن جاف، دهۆک ٢٠٠٨، ل.پ. ٥٨.

http://www.pertwk.com/pdf/kerkwk_le_cherxe_konekanda.pdf

- یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی.

- بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، ستوکهۆلم ل.پ. ١٩٩٨.

- هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، (بەرگی ١ و ٢)، ساڵی ١٣٦٩ تاران.

- فەرهەنگا "کانی" کرمانجییا ژووری- کرمانجییا ژێری، لە نووسینی جگەر سۆز،هەولێر ٢٠٠٩.

- فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠.